مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتیخانەی وەر یڕان
زنجیرە (33)

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

PDF4Kurd

و پێشەکییەك بۆ دیوانی شاعیری کورد وەفا (شێخ عەبدو رەحمانی کوڕی شێخ سراجودینی نەقشبەندی/ 1284-1353ی کۆچی)

سەید محەممەد تاهیر سەید زادەی هاشمی
وەر یڕانی لە فارسییەوە :
دلێر میرزا

www.pertwk.com

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی
- نووسینی:سەید محەممەد تاهیر سەید زادەی هاشمی
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلێر میرزا
- تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: شیلان نوری
- نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین ساڵح
- زنجیرە: (33)
- تیراژ: 1500 دانە
- ژمارەی سپاردنی (34)ی ساڵی (2004)ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
- چاپ: چاپخانەی قانع

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

- چاپی یەکەم: 2004- سلێمانی

www.pertwk.com

پەیڤێك

سالانی 1985 تا 1991 هەرکاتێك دەچووم بۆ کرماشان, دەبوا سەردانی خالە سەید تاهیر بکەم لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئیلاهیە.

ئەو زاتەم ساڵی 1985 ناسیوە و دووربەدووریش ئاشنای کەسایەتی و پلەی زانستی و ئەدەبی ئەو پیاوە بەتوانایە بووم.

جارێك لە خزمەتیدا بووم, ڕووی دەمی کردە ئەو خەڵکەی لەوێ بوون و فەرمووی: ڕاستی کورگەلی ئەودیو قەرزاریان کردووین, تەماشاکەن, ئەوان پێشمەرگەو ئاوارەو ماڵ وێران کەچی زەحمەتی دیدەنی پیرێکی ئوفتادەی وەکو من دەکێشن, بۆ بیستنی دوو قسەی بێ کەڵکم, بەرامبەر بەو هەموو لوتفەی ئەوان منی بێ توانا چیم پێ دەکرێت, جگە لە خۆش ویستنییان و دوعای خێر. سا وەڵلا ئومێدم زۆرە پێیان..

مامۆستا ئەوەی لە تەوازوعەوە دەفەرموو. ئەو تەمەنی لە سەرووی هەفتا ساڵەوە بوو. پیاوێکی کەڵەگەتی ڕێکپۆشی بە هەیبەت و ڕوو خۆش و قسەزان, لە ئەدەبی کوردی و فارسی و زانستی ئاینی وخەت خۆشیدا شارەزاو پسپۆڕ بوو.. و لەنێوان ئەدیب و شاعیرەکوردەکاندا, مەولەوی ناسێکی پلە یەك بوو, لەگەڵ ئەوەشدا شارەزاییەکی تەواوی هەبوو, لە شیعر و تەریقەتی شیعری نالیدا.

زاراوەی (گۆران)ی کوردی زۆر بەباشی ئەزانی, بە نووسین و ئاخافتن, لێکۆڵینەوەو باسی وردی هەبوو دەربارەی ژیان و شیعری بێسارانی و میرزای پاوەیی و شاعیرانی ئەهلی هەقی دەوروبەری کرماشان.

مامۆستا لە کاتی وتو وریژدا, سیمای ڕوومەت و چاوەکانی و ئیشارەتی دەستەکانی سەرنجی ڕادەکێشا. ئەو لە سەرخۆ و زۆر بە هێمنی دەستەکانی دەجوولاندو وئاماژەی بۆ بەرامبەرەکانی دەکردو بە دەنگێکی سازگار و زمانێکی کوردی پاراو تێکەڵ بە هەندێ زاراوەی جوان و ڕەسەنی ناوچەی جوانڕۆورواندەر دەدواو ناو بەناویش دەوەستا و تەماشایەکی دۆستانەو پڕ لە خۆشەویستی بەرامبەرەکەی و دەوروبەری دەکرد, ڕێزی زۆری بۆ ڕاو بۆچوونی کەسانی ئامادەبووی مەجلیسەکەی دەگرت و وای دەکرد ئازادی تەواو وەربگرن لە دەربڕیندا.

www.pertwk.com

هەرگیز تەعەسوب و دەمار گیریم لە راوبۆچوونی خاڵە سەیدیدا هەست پێ نەکردووە.

مامۆستا بەسەرهات و باس و بیرەوەری گرنگی لا بوو. بەداخەوە نەڕەخسا کاتی خۆی هەموو ئەو بابەتە بەکەڵکانە بنووسمەوە، هەندێکیان نەبێت کە وەکو خۆی فەرموویەتی لێرەدا دەینووسمەوە:

((لە یادم نییە بەتەواوی کەی بوو، بەڵام دەبێ لە نێوان ساڵانی 1920-1925دا بووبێت. بۆ سەردانی حەزرەتی غەوسی گەیلانی لێرەوە سەفەرێکمان دەست پێکرد. ئەوسا سەفەر بە سواری وڵاخ بوو، لای خزمانی (سۆڵە)ی قەرەداغ ماوەیەك ماینەوەو، هەروا لە (چرچە قەڵا)ی ئەو دیویش، بە دیداری خزم و دۆستان شاد بووین. وەرزی بەهار بوو ئەو دەشتو هەردانەی نێوان چرچەقەڵاو (سەلاحیە-کفری) زۆر جوان هاتنە بەرچاوم. لە (شاکەل) بۆ دیداری خزمان و حەسانەوە لامان داو پاشان بەرەو شاری کفری و عەسرانێك گەیشتین. کفری شارێکی پۆشتەو پڕ لە دارو ئاوەدانی بوو. شەوێك لە مزگەوتەکەی سەر چەمەکە ماینەوە. ویستگەی (قەتار- شەمەندەفەر) لە باشووری شارەوە، چەند سەعاتێك دوور بوو. لەوێوە بە قەتار چووینە بەغدا.

*ساڵی 1341ی هیجری-قەمەری، مەحمود پاشای جاف و شێخ حسێنی چرچەقەڵا و مەلا شێخ بابارەسولیان هێنایە دێی (زەلەڕەشی) بناری قەرەداغ، تەکیەو مەدرەسەیان بۆ دروست

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

کرد. ئەو کات مەلا عەبدولکەریم کە دوایی بە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس شۆرەتی پەیدا کرد، لەوێ فەقێ بوو، بەڵام تەمەنی ئەوەندە نەبوو لە مەجلیسی مامۆستا بابارەسوڵدا دابنیشێ.

*لە ساڵانی 1321 و 1322ی شەمسیدا. وتارمان بۆ گەلاوێژ ئەنووسی و لە رێگای بەڕێزان (ئیبراهیم نادری و ئازادی نوری سنەییەوە) رەحمەتی خوایان لێ بێت، گەیشتە بەغدا. گۆڤاری گەلاوێژیش بە هەمان رێگا دەگەیشتە ئێمە.

*ساڵی 1324ی شەمسی سەدری قازیم لە تاران بینی. هەرچەند من دوور نەبووم لە حاڵ و ئەوزاعی ئەودەمەی کوردستان و مهاباد، بەڵام کە ئاغا پرسیاری کردم! خۆم بەناوی تەواوی بنەماڵەوە پێی موعەرەفی نەکرد، تەنها عەرزم کردن کە خەڵکی (جوانڕۆ)م. زۆری پێنەچوو ئاغای رەئوفی زیائی حازری مەجلیسەکە بوو، خولاسە وازیان لێ نەهێنام تا بە تەواوی خۆی و ئاغای قازی ناسیمیان...

مەسەلەی پەیوەندیم لەگەڵ ئەوزاتانە و وەزعی کوردستانی ئێران و (ژ.ك) دوورو درێژە. ئەگەر خوا یاری بدات لە فرسەتێکدا بۆتان باس دەکەم...))

مامۆستا سەید تاهیری هاشمی ساڵی 1332ی کۆچی، لە دێی (دەوڵەت ئاوا)ی سەر بە پارێزگای کرماشان هاتۆتە دونیاوە. ئەو کوڕی سەید قەیداری ناسراو بە (سید الدولە)ی کوڕی سەید عەبدولقادری سۆڵەیی، کوڕی سەید رەسوڵی

www.pertwk.com

سۆڵەییە. دایکی (ئەختەر خانم)ی کچی فەتاح بەگی (سەرداری ئەکرەم)ە لە بەگزادەکانی وەلەد بەگی جوانڕۆیە.

مامۆستا هاشمی لە شێخەکانی سۆڵەی قەرەداغی کوردستانی عیراقە، لە ساڵانی 1824-1825دا، بەشێك لە سۆڵەییەکانی قەرەداغ، بەسەرپەرشتی سەید رەسوڵی کوردستانی عیراقیان بەجێ هێشتووە لە ئەنجامی تێکچوونی باری سیاسی و لاوازبوون و نەمانی دەسەڵاتی میرنشینی بابانەکان. وەکو مامۆستا خۆی لە پێشەکی دیوانەکەی بەناوی (هەوارگەی دڵان)دا باسی دەکات و لەنێوان جوانڕۆو مایدەشتدا، لە دێی دەوڵەت ئاوا نیشتەجێ بوون[8].

بنەماڵەی (سۆڵەییەکان) لەودیو بە شۆرەتی (هاشمی) ناسراون.

مامۆستا سەید تاهیری هاشمی، لە کۆتایی بەهاری 1991دا، لە کرماشان کۆچی دوای کردووە و لە مەراسیمێکی شایستەدا، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کرماشان و پیاوە ئاینییەکان و رۆشنبیران و دەسگاکانی دەوڵەتەوە، بەرێ خرا و لەگوندی دەوڵەت ئاوا بە خاك سپێردرا.

دوو کوڕ و کچێکی لێ بەجێ ماوە. کاك حەسەنی هاشمی کوڕی بچووکی خاڵە سەید لاوێکی ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستە و زۆربەی کتێب و دەسنووسەکانی خوالێخۆشبوو لای ئەو

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

پارێزراوەو دەسنووسی ئەم کتێبەش لە کاك حەسەنەوە وەرگیراوە.

ئەم کتێبەی مامۆستا هاشمی کە لەبەر دەستدایە، بە زمانی فارسی نووسیوە. پێ دەچێت مەبەستی ئەوە بوبێت زۆرترین ژمارەی خوێنەرانی ئێرانی بیخوێننەوە، چونکە کاتی نووسینی کتێبەکە خوێنەری ئێرانی کوردی زان بە رۆشنبیرانی کوردستانی ئێرانیشەوە زۆر نەبوون وەکو ئیمڕۆ. بە قەولی خاڵە سەید تاهیر خۆی:

((بۆ بەکوردی نووسینی یان گۆڕینی بابەتەکە بۆ زمانی کوردی ئەگەر تەمەن یاری بدات خۆم دەینووسمەوە، یان کەسێکی ئەهلی غیرەت پەیدادەبێ و دەیگۆڕێ بۆ زمانی کوردی.))

لە لایەکی کەوە مامۆستا پێی وابوو زۆری رۆشنبیرانی کورد ئاگادارن مەولانا خالید کێ بووە؟ و چەند بە تواناو پلەیەکی زانستی و مەعنەوی بەرزی هەبووە. بەلام غەیری کورد ئەو راستییانە نازانن، لەبەر ئەوە بە باشی زانیوە، بە فارسی بابەتەکەی بنووسێت.

ئەو سەردەمەی مامۆستا لە کتێبەکەیدا باسی دەکات. نووسین و خوێندنەوەو ئاخاوتن بە زمانی فارسی باو بووە. ئەگەرچی کوردستانی عیراق، بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە فەرمانڕەوایی کراوە، بەلام نووسین و

www.pertwk.com

خوێندنەوە بە توركی لای رۆشنبیرانی كوردی ئەو دەمەدا, رەواجی نەبووە.

مامۆستا هاشمی بە زەرافەتو وردەكارییەكی وەستایانەوە, لە بارەی ژیانو كەسایەتیو پلەو پایەی بەرزی زانستی و ئەدەبی و مەعنەویو ویلایەتی مەولانا خالیدەوە دوواوە. بەهەمان شێوەش لە ناساندن و باس كردنی كەسایەتی و پلەی عیلمی و لایەنی تەسەوف و مەعنەویاتی شێخانی نەقشبەندی هەورامان درێغی نەكردووە. ئەو رای تایبەتی خۆی هەیە, سەبارەت بە سەرچاوەی تەریقەتی نەقشبەندی, بەپێچەوانەی راو بۆچوونی باو. ئەو سەرچاوەكە دەگێڕێتەوە بۆ (ئیمامی عەلی) خوای لێ ڕازی بێت.

ماوەتەوە دەست خۆشی بكەم لە برای وەرگێڕ كاك دلێر میرزا, بۆ ئەم كارە باشەی ئەنجامی داوە. ئومێد دەكەم درێژە بدات بە هەوڵەكانی. هەروا دەستخۆشی دەكەم لە بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان سەربە وەزارەتی رۆشنبیری, بۆ هەڵبژاردنی بابەتەكەو بەچاپ گەیاندنی, هیوای سەركەوتنیان بۆ دەخوازم لە خزمەت كردنی رۆشنبیری كوردیدا.

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

شاكەلی
2002/8/12

ماوەیەك لە خزمەتی تاهیری هاشمیدا..

پێش ئەوەی بچمە سەرباسی خوا لێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی, بە كورتی باسێكی گوندی دەوڵەت ئاوا بە پێویست دەزانم بۆ ئەوەی خوێنەران هەندێ شارەزاییان هەبێ لەسەر ئەو گوندە كە شوێنی نیشتەجێبوونی تاهیری هاشمی بوو لە زۆربەی ڕۆژگاری ژیانیدا.

www.pertwk.com

دەوڵەتاوا گوندێکە کەوتووەتە نێوان سنووری جوانڕۆ و مایدەشت و پشتی لە شاخی شاهۆی سەرکەشە. گوندەکە بە لاپاڵی گردێکەوە دروستکراوە کە لە جوانڕۆوە درێژ دەبێتەوە بۆ مایدەشت و کۆتایی ئەو هێڵە بەرزاییانەیە، پێش ئەوەی سنووری مایدەشت دەست پێبکا. ئەم گوندە وەك گوتمان پشتی کردووەتە شاهۆ و جوانڕۆ کەوتووەتە لای ڕاستیو دەشتی مایدەشت کەوتووەتە لای چەپی.

وەك بیستوومە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا شێخ ڕەسووڵی باپیرەی تاهیر هاشمی لە سۆڵەی کوردستانی عیراقەوە ڕووی کردوەتە ئەو ناوچەیە بە مەبەستی ئیرشادو ڕێنمایی کردنی خەڵك و لە لایەن قاجارییەکانی فەرمانڕەوای ئەوسەردەمەی ئێرانەوە، ڕێزی لێگیراوەو نازناوی (سید الدولة)ی پێ بەخشراوە و لە ناو خەڵك و دەوروبەردا ناوبانگێکی تەواوی پەیدا کردووە، وەك ڕابەرێکی تەریقەی قادری، تا ئەو کاتەی لە دونیا دەرچووە، ئێستا ئارامگاکەی لەسەر گردەکەی پشتی دەوڵەتە تاواوەیەو وەك ڕابەرێکی ئەو ڕێبازە زۆر کەس سەردانی دەکەن.

تاهیر هاشمی کوڕی سەید قەیداری کوڕی شێخ ڕەسووڵە، سێ برای تری هەبوو بەناوی سەید عەلی، سەید وجیهالدین، شێخ قادر کە برابچووکیان بوو، شێخ تاهیر پیاوێکی بالابەرزو

کەڵەگەت، سوورو سپیو مووزەرد و پرچێکی لوول و جوان تا سەرشانەکانی شۆڕ بووبووەوە.

بەڕاستی نووسین لەسەر تاهیر هاشمی توانایەکی تەواوی دەوێ، من خۆم دان بەوەدا دەنێم کە ئەو توانایەم نییە بتوانم ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنم، مرۆڤێکی تەواو خوێندەوار، شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە زمانی فارسی و عەرەبیو کوردیدا، خۆشنووسێکی وابوو کە لام وایە ئەگەر لە وڵاتێکی ئاوەداندا بووایە لە ڕیزی پێشەوەی خۆشنووساندا دائەنرا، پیاوێکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین، هەموو کاتێك هەرخەریکی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بوو کە لە تاران لە سەردەمی شادا بڵاو ئەکرانەوە.

پیاوێکی دڵ فەرەح و فراوان، تەکیەکەی شوێن حەوانەوەی ڕێبواران بوو، یەکەم جار کە ڕێم کەوتە ئەوێ لای ئێوارە برسیم بوو هەرچاوەڕێی نانخواردنم ئەکرد هیچ دیارنەبوو، درەنگ وەختانێك لە یەکێك لە خزمەتگوزارەکانم پرسی: ئەرێ ئێوە ئێواران نان ناخۆن؟، وتی: چۆن ناخۆین، وتم جا کەی؟ وتی لێرە تا ئەو کاتەی کە ئیتر بەتەما نەبین ڕێبوارێك بگاتە ئێرە نابێ نان بخۆین، چونکە ئەو میوانەی کە درەنگ ئەگاتە جێ جوان نییە پاشماوە بخوات.

شێخ تاهی وادیارە لەسەردەمی ڕەزا شای گەورەدا ماوەیەك لە دەوڵەتاوا دوورکەوتووەتەوەو بووە بە فەرمانبەر لە کرماشان،

www.pertwk.com

دوور نییە لەبەر ئەوە بووبێ لە گێچەڵی رەزا شاخۆی دوورخستبێتەوە, چونکە رەزا شا لەو سەردەمەدا چی خاوەن موڵك بووە هەمووی ڕاپێچ کردوون بۆ زیندانەکانی تاران, ئەمانیش چوار گوندیان هەبوو, سەید عەلی برا گەورەیان بەر ئەو شالاوە کەوتبوو و گیرابوو, تا ئەو کاتەی ئێران داگیر کرا لە لایەن سوپای ڕووس و ئینگلیزەوە و ڕەزا شا وڵات بەدەر کرا, سەیید عەلی هەر لە زینداندا مابوویەوە پشتی چەمی بووەوە.

شێخ تاهیر مرۆڤێکی کورد پەروەر بوو, حەزی لە گەشەکردنی ئەدیبات و زمانی کوردی بوو, لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا زۆر جار شیعر ونووسینی بلاو دەکردەوە. پەیوەندییەکی توند و تۆڵی هەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی کۆماری مەهاباد دا, سەیید موحەمەدی برای مامۆستا مەلا زاهیدی ئیمامی مزگەوتی سوننەکانی کرماشان, لە و سەردەمەدا وەك نوێنەرێکی کۆماری مەهاباد هەموو جارێك چی گۆڤارو رۆژنامە هەبوو دەیهێنا بۆ دەوڵەتاوا و تەنانەت ئەوەم لە یادە کە یەکەمجار لە ژوورێکی پەنادا شێخ تاهیرو مامۆستا مەلا مەجید و چەند کەسێکی تر لەگەڵ نوێنەری کۆماردا کۆبوونەوە و سوێندیان خوارد بە قورئان کە خیانەت نەکەن لەو کۆمارەو نهێنییەکانی بپارێزن.

پاش لەوناوبردنی کۆماری مەهاباد و داگیرکردنەوەی ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە, جوانڕۆ هێشتا مابوویەوەو سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو, دەوڵەتی ئێران دەستی کرد بە

کۆکردنەوەی سوپاو کوردی خۆفرۆشی ناوچەکە بۆ داگیرکردنەوەی جوانڕۆ, سوپایەکی زۆری هێنایە دەوڵەتاوا و شێخەکانی ناچار کرد خانووەکانیان چۆڵ کرد بۆ سەربازو کاربەدەستە سوپاییەکان. پێش دەستکردن بە هێرشەکە, وەفدێکیان نارد بۆ لای جوانڕۆییەکان بۆ ئەوەی بەبێ شەڕکردن خۆیان بدەن بە دەستەوە. شێخ تاهیرو چەند کەسێکی تر ئەندامی وەفدەکە بوون کە چوون بۆ قەڵای جوانڕۆ بۆ لای وەکیلەکانی جوانڕۆ, بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون بۆ خۆبەدەستەوەدان و سوور بوون لەسەر بەرەنگار بوونەوەی هێرشەکە.

وەك لەسەرەوە باسم کرد, باسکردن لەسەر ژیانی تاهیر هاشمی پێویستی بە توانایەکی تەواو و شارەزاییەکی باش هەیە. لێرەدا ئیتر کۆتایی بەم چەند دێڕە دەهێنم.

حەسەن عەبدولکەریم

2002/10/1

بسم الله الرحمن الرحيم

سبحانك لاعلم لنا الا ماعلمتنا انك انت العليم الحكيم,

اللهم صل على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم .

www.pertwk.com

تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ خواجە بەهادین محەمەدی کوڕی بوخاری کەیەکێکە لە عارف و سۆفییە گەورەکانی سەدەی شەشەم و دامەزرێنەری ئەم تەریقەتەیە . (خواجە عەلائوددین عەتتار)[1] و (خواجە محەممەد پارسا)[2] هەردووکیان موریدی بوخارین . کتێبی(دلیل العاشقین) لەسەر سۆفیگەری و کتێبی ژیاننامەی لەسەر ئامۆژگاری نووسیوە . لەساڵی 791 یان 790 ی کۆچی, لە زێدی خۆی لە قەسری عارفانی سەربە بوخارا, کۆچی دوایی کردووە . ناوی قەسری عارفان بەر لەدایکبوونی خواجە بهائوددین, قەسری هیندوان بوو, فەرسەخێك لە شاری بوخاراوە دوور بووە .

ناوو مێژووی بوخارا

[1] . خواجە عەلائودین محەممەد کوڕی محەممەدی بوخاری, جێنشینی خواجەی نەقشبەندو ڕێبەری زانا سەید شەریفی جرجانییە . دوای نوێژی شێوانی ڕۆژی چوارشەممە, ڕێکەوتی (20)ی ڕەجەبی ساڵی 802 کۆچی, کۆچی دوایی کردووە .

[2] . محەممەد کوری محەممەد کوڕی مەحمودی حافیزی بوخاری, یەکێکە لەزانا گەورەکان, لەرۆژی پێنچشەممە 24ی (ذی الحجة) ی ساڵی 822ی کۆچی, لەشاری (مدینە)کۆچی دوایی کردووەو مەولانا شەمسوددینی فەنناری زانای ناوداری ڕۆم,نوێژی مردووی لەسەر تەرمەکەی خوێندووە .

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

بوخارا شارێکی ناوداره دەکەوێتە ئەودیو ڕووباری ئامۆن (ماوراء النهر)ەوە, ولەبوخارەوە وەرگیراوە, بەمانای زانستی فراوان, چونکە ئەو شارە زاناو هونەرمەندی زۆری تێدا هەڵکەوتووە, بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە . هەندێ دەڵێن بوخار بەمانای زانست نییە . لەو سەردەمانەدا , هێندە شارێکی مەزن بووە کە لەوێنەی کەم بووەو بە بوخارای پیرۆز ناویان بردووە (11) دەروازەو (200) قوتابخانەی گەورەو بچووك و(7)مزگەوت و (40) گەرماوو (150)دوکانی بازرگانی تێدابووە, پانتایی قەڵای بوخارا (1)فەرسەخەو ڕوو لەڕۆژئاوایە . دەوران دەوری پەرژینی بوخارا بە (1372)پێ خەمڵێنراوە .

دووریی بوخارا لە سەمەرقەندەوە (38) فەرسەخەو سەمەرقەند هەندێ لە بوخارا بچووکترە . لەکەناری ڕووباری زەرئەفشان کە هەر لە دێر زەمانەوە هەواری ئێرانییەکان بووە, ئەوزاراوە مەغۆلییە لە ڕەچەڵەکدا ناوێکی ئێرانی بووە. ویهار یان بەهار, وەکو نەوبەهار ناوی پەرستگەی زەردەشتییەکان بووە, زاراوەی بوخارا لە زاراوەی بت پەرستانی ئیغۆرو خەتایەوە نزیکە کەئەوانیش بە پەرستگەی بتەکانیان دەڵێن بوخاراو, بوخارا لە بوخارەوە وەرگیراوە کە بەزمانی موغان بەمانای زانستگەیە .

ناوچەیەکی شێدارەو میوەجاتی زۆرەو گەڵێ ئاودارەو دانیشتوانی جەنگاوەرو هەڵمەت بەرن و فەرش و بەرەو بەرماڵی بەناوبانگە . بوخارا ڕووبەری 72×72 کیلۆمەترە, بە دیوارێك چوار دەور گیراوە کە هەموو کاروانسەراو گوندەکانی دەوروبەریشی, دەکەونە ناو ئەو دیوارەوەو دوو ڕووباری خەرناب و جەیحون لەخۆ دەگرێت و ئەم قەڵەمڕەوە, تا

www.pertwk.com

سنووری بەدەخشان دەگات . بوخارا چەند ناوێکی تری هەبووە وەك : نیمجکت, بومسکت, مدینة الصفریة, مدینة التجار .

یاقوت لە (معجم البلدان) دا دەڵێت: بوخارا گەورەترین شاری ئەو دیو رووباری ئامۆنە . مەودای نێوان بوخاراو جەیحون دوورۆژ رێگایە, پایتەختی سامانییەکان بوو. بەتلیمۆس لە کتێبی (ملحمە)دا دەڵێت: درێژییەکەی 87 پلەو پانتاییەکەی 41 پلەیەو لەهەرێمی پێنجەمدایەو بورجەکەشی شێرە .

شارێکی دێرینەوباخ و باخاتی میوەی فراوانەو بەروبوومەکەی رەوانەی (مەرو)دەکرێت . لە بوخاراوە مەرو (13) رۆژ رێیە و مەودای نێوان بوخاراو خەوارزم زیاتر لە (15) رۆژ رێیەو تا سەمەرقەند (7) رۆژ, واتە(379) فەرسەخە (هەر فەرسەخێك نزیکەی 6 کیلۆمەترە) . لەسەر قەڵا کۆنە (قهندن)ەکەی بوخاراوە, تاچاو بڕدەکات, سەوز دەکاتەوەو باخی میوەیە کە کۆشك‌و تەلارەکانیان لە ئامێز گرتووەو سەوزیی باخەکان ئاوێتەی شینایی ئاسمان بوون . بە(بومجکت) یش ناوبراوە . قەڵای قەهەندز شوێنی نیشتەجێبوونی میرە سامانییەکان بووەو , خانووەکان‌و مزگەوتیش نزیکی دەروازەی قەهەندزەو رووباری سەغد بەناو خانووەکاندا دەڕوات .

بوخارا شارێکە لە تورکەمنستانی سەر بەکۆماری ئۆزبەکستانی یەکێتی سۆڤیەت, هاوسنووری زەرئەفشانەو دانیشتوانەکەی نزیکەی (80)هەزار کەسە . نزیکی بیابانی قزل قومە . ئێستا لە دووبەش پێکهاتووە : بوخارای نوێ کەشارێکی روسییەو ویستگەی شەمەندەفەری تۆرکستانە . بەشە کۆنەکەی بوخارا کەبەباخی چر دەوری گیراوەو چەندین مزگەوتی کۆنی تێدایەو ڕێگەی

مەرووسەمەرقەندو مەشهەدو هەرات بەو شارەدا ڕەتدەبێت‌و لەڕووی بازرگانییەوە, بایەخێکی زۆری هەیە . بەروبوومی سەرەکی, بریتییە لە ئاورێشم‌و لۆکەو کانزای مسی هەیە . لەسەرەتادا ئەم شارە, پایتەختی سامانییەکان بوو. جەنگیز خان داگیرو وێرانی کردو دوای دووبارە ئاوەدان کردنەوەی, ساڵانێکی زۆر بوو بەپایتەختی ئۆزبەکییەکان‌و دواتریش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوەو لەسەردەمی قاجارییەکاندا, روسەکان داگیریان کرد . بوخارا کەوتۆتە رۆژهەڵاتی مەرو, بەرزییەکەی 366مەترە لەسەر رووی دەریاوە . قوتابخانەی عەبدوڵڵاو کۆشکی خان, دوو بینای کۆنی ئەو شارەن . دانیشتوانەکەی تاجیك و فارسی زمانن و تورك‌و یەهودیشی تێدایە . پێستی مەڕی ئەو ناوچەیە ناودارەو لەپێستی جۆرە مەڕێکی تر کە خورییەکەی لولە, کڵاوی نایاب دەچنن . ئەم ناوچەیە حوشتری زۆرەو لە مووەکەی عەبا دەچنن . هەرێمی بوخارا پێك هاتووە لە: ئورامتیانی زیندانی, وافکەند, وردانزی, حەیز ئاباد, واکانزی, کیجوان, کرمینە, زودین, کاتکرکان, قەتارچی, پێنجشەممە, میتان, توراتە, چالاق, کرشی, خوزار, شیرئاباد, سەدئاباد, چراغچی, ناراز, کاکی, چارجوی‌و ئوتار .

بوخارا شارێکی بەناوبانگی ئەودیو رووباری ئامۆنە کە ئەوسا بارەگای خانی بوخارا بووەو ئێستا یەکێکە لە شارەکانی ئۆزبەکستان‌و دانیشتوانی (80) هەزار کەسەو ئەو هەرێمەی کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خان بە (کەنارا)یش ناودەبراو دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەم شارە, زاناو هزرمەندی زۆی تێدا بووە , بۆیە بوخارایان پێ‌گوتووەو بوخار بەمانای زانستە . دەڤەری بوخارا کەوتۆتە

باشووری رۆژهەڵاتی تورکستانەوە , لەنێوان 35 پلەو 15 خولەكو 41 چرکە پانتایی باکوورو 60 پلەو 70 خولەكو 40چرکە درێژایی رۆژهەڵاتەوە کەبریتیبوو لە خانەکانی بوخاراو ئانکویی و کەندوزو حەسارو ...هتد ورووبەرەکەی 593000 کیلۆمەتر دووجایەو پایتەختەکەشی بوخارایەو سەمەرقەندو قراتۆل دووشاری گەورەی ئەو هەرێمەن . ئەم دەڤەرە لەسەردەمی کیانەکاندا, یەکێك بووە لە دەڤەرە پانو بەرینەکانی ئێرانو دواتر ئەسکەندەر داگیری کردووەو پاشان بەشێك بووە لە مەمەلەکەتی باختەرەکانو لە سەدەی شەشەمی زایینییدا, تورکەکان دەستیان بەسەرداگرتووەو, لەسەدەی حەوتەمدا چینییەکان داگیریان کردووەو, لەساڵی 705ی زایینییدا, لەلایەن عەرەبەکانەوە داگیرکراوە و تاسەدەی نۆیەم لە ژێر دەسەڵاتی جێنیشیناندا بووەو لە ساڵی 1000ی زایینییدا, سامانییەکان دەستیان بەسەردا گرتووەو لە ساڵی 1127دا, سەلجوقییەکانو لە ساڵی 1319 مەغۆلەکانو لەساڵی 1383 ئەمیر تەیمورو لە ساڵی 1505 ئۆزبەکییەکان تاوەکو لە ساڵی 1600ی زایینییدا, ئەستراخان دەستی بەسەردا گرتو دوای خۆی کوڕو کوڕەزاکانی کەبەرەچەڵەك ئۆزبەك بوون بەرواڵەت بەڕێوەیان دەبرد, بەڵام لە راستیدا بەبەشێك لە قەڵەمڕەوی روس دادەنرا . دەڵێن کە بیدوبوخارخودا کۆچی دوایی کرد, کوڕپەیەکی شیرەخۆرەی لەپاش بەجێ ما, ناوی توفسا دەبوو, دایکی ئەم منداڵە(15) ساڵ حوکمڕانی کردو لەسەردەمی ئەودابوو کە عەرەبەکان بوخارایان داگیر کرد .

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی

نووسەری کتێبی (رشحات عین الحیاة) , بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی , کە بە تەریقەتی خواجەگانیش ناودەبرێت , بەم جۆرە باس دەکات :

1-هۆشی هەنووکەیی : ئەوەیە کەهەر هەناسەیەك بەرەو دەرەوە بێت, دەبێ لەرووی ئاگاییەوە بێتو غافڵبوون زەفەری پی نەبات .

2-سەربەرزکردنەوە : ئەوەیە کە لەهاتو چۆدا, تەماشای بەرپێی خۆی بکات, تاوەکو دیدو روانینی پەرشو بڵاونەبێتەوەو چاوی بەشوێنی نابەجێ نەکەوێت .

3-گەشت لە نیشتمان: ئەوەیە کەلە سروشتی بەشەردا گەشت بکات, واتە لە ئاکاری بەشەرییەوە بۆ ئاکاری پەریو لە ئاکاری ناپەسەندەوە بۆ ئاکاری پەسەند هەنگاو بنێت .

4-تەنیایی لەناو کۆڕدا : وەکو خواجە بەهائوددین دەڵێت, واتە بەرواڵەت لەگەڵ کۆڕو بەناوەرۆك لەگەڵ خودا . وئەوەی خوداوەند فەرموویەتی :((رجال لا تلهیهم تجارة ولا بیع عن ذکر الله)) ئاماژە کردنە بەو پێگەیە .

5-یادکردن: بریتییە لەیادی زارەکی یان بەدڵ . مەولانا سەعدەدینی کاشفەری فەرموویەتی کەرێگەی فێرکردن

www.pertwk.com

لەیادکردنیدایە, کە یەکەم جار شێخ بەدڵ بڵێت : لاالە الا اللە محمد رسول اللە و مورید دڵی خۆی ئامادە بکاتو لەبەرامبەر دڵی شێخ دایبنێتو چاوبکاتەوەو دەمی نەجوڵێنێتو زمانی بەمەڵاشوویەوە بچەسپێنێتو ددانەکانی لەسەر یەکتر دابنێتو هەناسە نەداتو بەهەموو هێزیەوە, دەست بکات بەدەستەبەر کردنی ڕەزامەندیی شێخ, وبەدڵ بڵێت نەك بەزمان . ولەهەناسەداندا ئۆقرە بگرێتو لەیەك هەناسەدا, سێجار بیڵێتەوە, تاوەکو چێژی بەدڵ بگات . وشێوازێك کە پارێزگاری کردنی ئاسانتر بێت ئەوەیە کە هەناسە لە ژێر ناوکدا پەنگ بخواتو لێو لەسەر لێووزمان بە مەڵاشوەوە بچەسپێت, بەجۆرێ کەهەناسە لە دەروونـدا, لەرادەبەدەر سەغڵەت نەکاتو راستی دڵ لەهەموو بیرکردنەوەیەك بێزار بکات, سەرنجی بۆ پارچە گۆشتێکی وەکو درەختی سنۆبەر رابکێشێتو سەرقاڵی زیکری بکات بەم جۆرە کە وشەی (لا) لەسەرووی ناوەکەوە بەرەو سەرتر هەڵکشێتو وشەی (الە) بەرەو دەستی راست بڕوات وشەی (الااللە) بەتوندی بەسەردڵی سنۆبەرەکەدا بکوتێت, بەجۆرێ کە گەرمایی بە تێکڕایی ئەندامەکانی بگات .

6–گەڕانەوە : ئەوە کەهەر جارێ بەیاد هێنەر ئەو وشانەی بەدەمدا هات, دوا بەدوای بەهەمان شێوە بڵێت کە خودایا مەبەستی من تەنها تۆو ڕەزامەندیی تۆیە . چونکە ئەم وشەی گەڕانەوەیە, ڕەتکەرەوەیە . هەر یادکردنێك چ باش و چ خراپ, تاوەکو یادی ئەو بەپاکی بمێنێتەوەو رازی ئەو بۆ کەسانی تر شاراوە بێت .

7–پارێزگاری : بریتییە لە پارێزگاری کردنی یاد . بەوەی لە ساتێکدا چەند جار وشەکە دووبارە بکاتەوە, تاوەکو بیرو هۆشی بۆ

لایەکی تر نەچێت . ومەولانا سەعدودین سەبارەت بە مانای ئەم وشەیە فەرموویەتی, دەبێ یەك سەعاتو دووسەعاتو زیاتریش بە پێی بواری ڕەخساوو چاودێریی لە بیری خۆی بکات, تاوەکو یادو بیری دیکە سەر هەڵنەدەن .

8–یاداشت : کە مەبەست لەم شتانە ئەوەیە کە وتنی وشەکان لە رووی ئاگایی تەواو لەخوداوەیە, لە سۆنگەی حەزو ئارەزووەوە, و ئامادەبوونی بێئامادە نەبوونو زاڵبوونی, شایەتی حەقیشی پێ دەگوترێت .

www.pertwk.com

زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی

دواتـر ودوای کۆچـی دوایـی خواجـە بـەهائوددینی نەقشـبەند, زنجـیرەی تەریقـەتی نەقشـبەندی تۆمـار کـراوە, تـا دەگاتـەوە سـەر حەزرەتی ئەبو بەکری سدیق(ر). بەپێی ئەم زنجیرەیە, شێخ ئەبو عەلی فارمەدی, موریدی شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانییەو ئەویش موریدی شێخ بایەزیدی بەستامیو ئەویش موریدی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادیقەو ئیمامیش موریـدی ئیمام قاسمی کـوڕی محەمەدوئەویش موریدی سەلمانی فارسیو سەلمانیش موریدی حەزرەتی ئەبو بەکری سدیقە .

ئەگـەر دەمـار گـیریو زویـری لێنەکەوێتـەوە, ئـەم زنجیرەیـە زنجیرەیـەکی بـەرودوو لێکدانـەبڕاو نییـە, چـونکە سـەرەڕای ئـەوەی خواجـە بـەهائوددینی نەقشـبەند زنجـیرەی تەریقەتەکـەی خـۆی ڕانەگەیاندووەو لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت : لە زنجیرەوە کـەس بەشوێنێك ناگات .

یەکـەم, گفتـو گـۆی شـێخ ئـەبو عـەلی فـەزڵی کـوڕی محەمـەدی فارمەدی(403–477) کۆچی , خەڵکی توس, لەگەڵ شێخ ئەبولحەسەن عـەلی کـوڕی جەعفەر, یـان عـەلی کـوڕی ئەحمـەدی خـەرەقانی (348–

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

425کۆچی) لە دایك بووی خەرەقانی بەستام, وەکو موریدو موراد جێگەی گومانە . چونکە لەکاتی کۆچی دوایی شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانیـدا, گـەنجێکی (23)سـاڵەبووەو لەوکاتـەدا لەنەیشـاپوور سـەرقاڵی خوێنـدن بـووەو , هـیچ بایـەخێکی بـەجیهانی سـۆفیگەری نەداوە . بەپێی وتـەی نووسـەری کتێبی (اسرار التوحيد في مقامات الشيخ ابي سعيد), شێخ ئەبو عەلی فارمەدی یەکێکە لەو (40) کەسەی کە بەهۆی ویستی شێخ ئەبو سەعیدی کوری ئەبولخەیری میهەنی, بەپلـەی وەلی گەیشـتووە . کاتـێ کەشـێخ ئـەبو عـەلی فارمـەدی لـە نەیشـاپور سـەرقاڵی خوێنـدن بـووە, بەدیـداری شـێخ ئـەبو سـەعید فەزلوڵڵا کوڕی ئەبولخەیر محەمەدی میهەنی (کە لە مانگی موحەرەمی ساڵی 357ی کۆچی لـە میهنـە لـە دایك بـووەو لـە شـەعبانی سـاڵی 440ی کۆچی لە بوخارا, کۆچی دوایی کردووە) شاد بوو. دوای تەواو کردنی خوێندن , لە خزمەتی ئیمام ئەبولقاسم عەبدولکەریمی کوڕی هوازنی قوشەیری, (376–465 کۆچی) خەڵکی نەیشاپوورو نووسـەری کتێبـی (معـروف الرسـالة) چـووە نـاو سـەیرو سـلوکەوە, ولەبەر ئەوەی لە چوار چێوەی تەسەروفی ئیمامدا گەشەی کردو دوای وەرگرتنی مۆڵـەت چووە خزمـەتی شـێخ ئـەبو القاسم عـەلی گورگـانی توسی, دۆستو هاوچەرخی شێخ ئەبو سەعید ئەبولخەیرو تادوا ڕۆژی ژیانی شێخ, لە خزمەتیدا بوو, شێخ ئەبو القاسم بڕوانامەی پێبەخشیو کچی خۆی لێ مارە بڕیو بەجێنشینی خۆی کرد . شێخ ئەبولحەسەن عەلی هەجویری غەزنەوی کە بەدیداری شێخ ئەبولقاسمی گورگانی شادببوو, لە کتێبی (كشف المحجوب)دا , ئاماژەی پێدەکات سەبارەت بەوەی کە شێخ ئەبوعەلی فارمەدی بە شایستەی جێنشینی .

www.pertwk.com

شـێخ ئـەبولقاسمی گورگـانی دەزانێـت, کـاتێ کەشـێخ ئەبوعـەلی فارمەدیو شێخ ئەبو بەکری نەسساج , لە خزمەتی شێخ ئەبو لقاسمی گورگانیدا, سەرقاڵی سلوكو كۆشش بوون, شێخ هەردووکیانی بۆ خزمەتی شێخ ئەبوسەعیدئەبولخەیر لە میهنە ڕەوانە کرد, تاوەکو(40) ڕۆژ لە خانەقاکەیدا خزمەت بکەن . شێخ ئەبو سەعید شێخ ئەبو عەلی فارمەدی ڕاسپارد, تاوەکو دەرو دیواری خانەقا پاك بکاتەوەو, شێخ ئەبو بەکری نەساجیشی ڕاسپارد تاکاری کەوشداریی دەروێشەکان لە ئەستۆ بگرێت. جگە لەوەی کە ئیمام حوجەتولئیسلام غەزالی کەموریدی شێخ ئەبو عەلی فارمەدی بووە, بەراشکاوی شێخ ئەبو لقاسمی گورگانی بەپیرو مامۆستاو شێخی ئەبو عەلی فارمەدی لە قەڵەم دەدات .

دووەم : هاوچەرخ بوونی شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانیو شێخ بایەزیدی بەستامی(188-261 یان 234) کارێکی مەحاڵە, بەپێی شیمانەی یەکەم 87 ساڵو بەپێی شیمانەی دووەم 114 ساڵ, دەکەوێتە نێوان کۆچی دوایی بایەزیدو لەدایکبوونی ئەبولحەسەندا .

سێهەم:قاسمی کوڕی محەمەدی کوری ئەبوبەکر لەساڵی 37 کۆچی لەمەدینە هاتۆتە دنیاوەو لەساڵی 107 لەهەمان شوێندا کۆچی دوایی کردووەو, سەلمانی فارسی لەساڵی 35 یان 36ی کۆچی , واتە یەك یان دووساڵ بەر لەدایکبوونی قاسمی کوڕی محەمەد , لە مەداین کۆچی دوایی کردووە .

چوارەم : پەیوەندی ووابەستەیی تایبەتی سەلمانی فارسی بە عەلیو بەخانەوادەی پەیامبەر (دروودی خوای لێبێت) داستانێکە لەکەس شاراوە نییە .

بەپێی ئەم بەڵگە مێژوویی و حاشا هەڵنەگرانە, زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی, هەمان زنجیرەی شێخ ئەبو عەلی فارمەدی – شێخ ئەبو القاسمی گورگانییە کەدەچێتەوە سەر حەزرەتی عەلی . وتەنیا ئەم

بۆچوونە ڕاستە. زنجیرەی شێخ ئەبوعەلی فارمەدی, بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

ئەمیری موسوڵمانان عەلی درووودو ڕەزای خوای لەسەر بێت	
سەروەری شەهیدان حوسێن ئیمام زەینولعابدین	شێخ حەسەنی بەسری
ئیمام محەمەدی باقر ئیمام جەعفەری سادق	شێخ حەبیبی عەجەمی
ئیمام موسای کازم ئیمام عەلی ڕەزا	شێخ داودی تائی

www.pertwk.com

ئەبو محەمەدی جورەیری	شێخ ئەبو بەکری شبلی	شێخ ئەبو محەمەدی مورتەعیش	شێخ ئەبو عەلی رودباری	شێخ ئەبو بەکری شبلی
عەبدوڵڵای تەبەری	شێخ ئەبو القاسم نەسر ئابادی	شێخ ئەبو نەسری سەڕاج	شێخ ئەبو عەلی کاتب	شێخ ئەبو قاسمی نەسر ئابادی
ئەبولعەباسی قەساب	شێخ ئەبو عەبولرەحمانی سەلما	پیر ئەبو لفەزلی حەسەن	شێخ ئەبو عوسمانی مەغربی	شیخ ئەبو عەلی دەقاق
			شێخ ئەبوقاسمی گورگان	شێخ ئەبولقاسمی قوشەیری

شێخ ئەبو سەعیدی کوڕی ئەبولخەیر
شێخ ئەبو عەلی فارمەدی
شێخ یوسفی هەمەدانی
خواجە عەبدولخالقی غەجدوانی
مەولانا عارفی ریوگەری
خواجە مەحمود ئەنجیری فەغنەوی
خواجە عەلی دامیتنی
خواجە محەمەدی باباسەماسی

سەید ئەمیری کەلالی بوخاری
خواجە بەهائودینی نەقشبەند
شێخ مەعروف کەرخی
شێخ سەریی سەقتی
شێخ جونەیدی بەغدادی

گومانی تێدانییە, بەر لە پەیدابوونی مەولاناخالید, لە کوردستاندا , تەریقەتی نەقشبەندی لایەنگران و هەوادارانی خۆی هەبووە . بەڵام دەبێ تەشەنە کردن و گشتاندنی ئەم تەریقەتە لە کوردستاندا , هاوکات لەگەڵ وەرچەرخانی باری مەولانا خالید لەوانە وتنەوەو فەتواوە بۆ شێخایەتی و ئیرشاد دیاری بکرێت .

لەسەدەی حەوتەم تاسەدەی دەیەمی کۆچی, تەریقەتی سوهرەوەردی لە ڕێگەی شێخ ئەبولنەجیب عەبدولقاهیرو شێخ شیهابودین عومەری سوهرەوەردی برازایەوە کە هەردووکیان لە کوردەکانی سوهرەوەردن ,وهەروەها رێبازی خەڵوەتی کە لقێکە لە رێبازی سوهرەوەردی , لە رێگەی شێخ عەبدولغەفاری ئەعلا باپیرە گەورەی شێخانی مەردۆخ و شێخ حەسەنی ئورامانی هاوچەرخی مەولانا ئەبو بەکری موسەنییف و دەستەیەکی دیکە لە شێخە کوردەکان, ناوچەکانی کوردستانی گرتبۆوە . لەگەڵ سەرهەڵدانی عارف و زانای بەناوبانگی کورد سەید ئیسماعیلی بەرزنجی , ناسراوە بە شێخ ئیسماعیلی ولیانی[1] , سەروەریی کەوتە دەستی تەریقەتی

[1] بەپێی هەندێ زنجیرەکانی بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە, شێخ ئیسماعیلی ولیانی لەساڵی 1160 کۆچی, کۆچی دوایی کردووە. بەرێز شێخ محەمەدی خاڵ

www.pertwk.com

قادری . ولەگەڵ دەستپێکردنی چالاکیی مەولاناخالیددا , تەریقەتی نەقشبەندیش لە رووی ژمارەی هەوادارانەوە گەشەی کرد . ئەم گەشە کردنە لە ژمارەی هەوادارانی قادری , سەبارەت بە بواری ئەدەبیش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو . بەوەی کە ئەدەبی کاکەیی کەبەزاراوەی گۆران بوو , دانیشتوانی شارەزووریش, لەرووی لاسایی کردنەوە , ئەو زاراوەیەیان کردبوو بە زمانی شیعری خۆیان و لە ئاکامی کاریگەریی ئەوتەریقەتە ,لەشارەزووردا, رەنگو بۆی خۆی لەدەست داو ئەدەبی زاراوەی سلێمانی (زمانی شیعری نالیو کوردی) هەوێنو بنەمای زاراوەی ئێستای دانیشتوانی سلێمانی, شوێنی زاراوەی گۆرانی گرتەوە .

لەلاپەڕەی 87 لەکتێبی (الشيخ معروف النودهي) بەکورتی ئاماژە بەشێخ دەکات کەدقاو دەق دەینووسینەوە :

((.. وكان الشيخ اسمعيل عالما من فطاحل العلماء, ومرشدا لامعا في الطريقة القادرية . ولد في اوائل القرن الحادي عشر الهجري, وتوفي في القرية المذكورة (قازانقاية) عام 1094 هـ -1683م .

ولقد قيل في تاريخ وفاته:

امام بانوار الطريقة قدرقى وبحر باسرار الحقيقة قد طمى

سمّى ذبيح الله ارّخت مادحا لفقدك اسمعيل قد بكت السما

مخروف المصراع الاخير هي بحساب الجمل اربعة وتسعون بعد الف . پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە مەزاری شێخ ئیسماعیل لەعەقرەیەو پیتەکانی دوانیودێر دەکاتە 1104 وبەخستنەسەری مادحا, دەبێتە1158 ولەمێژووی راستەقینە نزیك دەبێتەوە .

مەخابن نووسەرانی بنەماڵەی نەقشبەندیی خالیدی , لە نووسینەکانیاندا, زیاتر بایەخیان بە وتارو مەقامنووسیی تایبەت بە سۆفیان دەداو تارادەیەکی بەرچاو, نووسینەوەی لایەنی ژیانی زانستیو کۆمەڵایەتیو عرفانی شێخە گەورەو ناودارەکانی خۆیان پشت گوێ دەخست . بۆیە لە رووی ئەم بەڵگەنامە دەسنووسو چاپکراوانەی کە ئەمڕۆ لەبەر دەستدان , مەحاڵە بتوانرێت بەشێوەیەکی گشتگیر گوزارشت لەو گەورەپیاوانە بکرێت .

بەندە ئەگەرچی لە ئاستێکی زانستیو ئەدەبی ئەوتۆدانیم , بەڵام دۆستی رێزدارو خۆشەویستم حاجی شێخ ئەمینودینی نەقشبەندیی (خوا بیپارێزێت) هانی دامو بەیارمەتیو هاوکاریی دڵسۆزانی ئەم رێگەیە, دەستم دایە ئامادەکردنی ئەم پێشەکییەو هیوادارم لە چوار چێوەی (مالا یدرك كله لايترك كله) , لەو رووەوە سەرکەوتوو بم . ئەڵبەتە بەو جۆرەی کەچەند جارێ پێم راگەیاندووە, سەبكو شێوازی داڕشتنی ئەم کورتە باسە, دوورە لەشێوازی وتارو بەرجەستەکردنی کەراماتو کاری نائاسایی . پشت بەخوا, هەوڵ ئەدەم بەپێی توانا , لایەنی زانستیو کۆمەڵایەتیو عرفانی ژیانی ئەو گەورە پیاوانە ,

(رەحمەتی خودایان لێبێت) بنووسمەوەو, هیوادارم ئەم رەوشە نەبێتە مایەی دەمارگیریو هەڵچوونی خوێنەرانی بەڕێزو پەنجەی دەستە گەریم بۆ رانەکێشن کە نووسەرێکی بێلایەنمو ئەم رەوشەی من بە توندڕەویی لە قەڵەم نەدەن .هەروەکو ئاماژەم پێکرد , لەبەر ئەوەی گەشەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکانی کوردستاندا, بەهەوڵو کۆششی مەولانا خالیدو, زنجیرەی بنەماڵەی عارفو

www.pertwk.com

شاعیری لاوو ناکام, حاجی شێخ عەبدولرەحمانی وەفا کەلێرەدا, لەسەرەتای نووسینی پێشەکیی دیوانەکەیدام, واتە بنەماڵەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان دەچنەوە سەر وەفا .

بۆیە بە پێویستم زانی پیشتر بە ژیاننامەیەکی کورتی وەفا, ئەم پێشەکییە برازێنمەوە .

ئێستا دووکتێب بەناوی : (الانوار القدسیة) لە نووسینی شێخ محەمەد رەخاویو (ریاض المشتاقین) لە نووسینی مەلا حامیدی بێسارانی, نووسەری تایبەتی شێخ سیراجودین عوسمانی نەقشبەندی باوکی پایەبەرزی وەفا لەبەر دەستدان , بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو نووسەرەکە, زیاتر بایەخیان بەبەرجەستەکردنی کەرامات و کارە نائاساییەکان داوە, وەبەهۆی ئەوەی شێوەی داڕشتنەکەیان لە دەمارگیریی بەدەرنییە, بۆیە ناکرێ کەم تا زۆر لەم دوو سەرچاوە دوورو درێژە سوودمەند بین .

لەم کورتە باسەداو لە وەرگێڕانی ئیسماعیل پاشای بابان لە کتێبی (هدیة العارفین في اسماء المؤلفین واثار المصّنفین), بەرگی یەکەم, پیتی(خ)و, هەروەها لەو وەرگێڕانەی کە شێخ محەمەدی خاڵ لە پەراوێزی لاپەڕە 38–53ی کتێبی (الشیخ معروف النودهي البرزنجي) ی مەولانا خالید, سوودمەند دەبین . دیارە بەرەچاوکردنی وەلاوەنانی ئاسەواری دەمارگیریی لە نووسینەکەی خاڵو لابردنی هەندێ پەراگراف کە کاریگەریی لەسەر دەقی وەرگێڕانەکە نابێت .

مەولانا خالید, زیائوددین ئەبولبەهاو موجەددیی نەقشبەندی

بەپێی شێخ محەمەدی خاڵ , مەولانا خالید یان شێخ خالیدی کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسێنە رەخاویو مەلا حامید, ناوی باوکیان بە حوسێن لەقەڵەم داوە . باوکی سەربە هۆزی مکایەڵی جافی مورادییە .

مەزاری پیری مکایەڵ کەوتۆتە گوندی دەودانی سەر بەجوانرۆ, دانیشتوانی گوندەکە پیری ناوبراو دەبەنەوە سەر عوسمانی کوری عەفان (خودا لێی ڕازی بێت) . چەند خێزانێك لە دانیشتوانی گوندەکە بە پیرزادە ناو دەبرێن . بەپێی زنجیرەو بەڵگەنامەکانیان , بەرەچەڵك دەچنەوە سەر پیری مکایەڵو پیری مکایەڵیش دەچێتەوە سەر عوسمان (خودا لێی ڕازی بێت) .

www.pertwk.com

کۆپی ئەم رەچەلەکنامەیە لەبەر دەستدایە, بەڵام تێیدا پەیوەندیی تیرەی مکایلی بە پیری مکایلەوە روون نییە . بەپێی وتەی شێخ محەمەدی خاڵ , مەولانا خالید لەسەری باوکەوە, دەچێتەوە سەر عوسمانی کوری عەففان و لەسەری دایکەوە دەچێتەوە سەر سەید حەسەنی ناودار بە ئەبو بەکری موسەننیف.

مەولانا خالید لە ساڵی 1193 ی کۆچی, لە گوندی قەرەداغی سەربە قەزای مەڵبەندی سلێمانی لە دایك بووە . هەر لەتەمەنی باڵق بوونەوە, رووی کردۆتە خوێندنی زانستی ئیسلامی و , زانستەکانی (عقلیة)و(نقلیة) ی لە زانا گەورەکانی سەردەمی وەکو سەید عەبدولکەریم بەرزنجی و سەید عەبدولرەحیمی برای و, شێخ عەبدوڵلای خەرپانی و مەلا ئیبراهیمی بیارەو مەلا ساڵحی تەرەماری و مەلا عەبدورەحیمی زەیاری و شێخ محەمەد قەسیمی سەنەندەجییەوە, وەرگرتووە . وبەهۆی هزری بەرزو زیرەکی و لێوەشاوەیی خۆیەوە, توانیویەتی لە زانستە ئیسلامییەکان و بەتایبەتی لە(حکمت)و(کلام)دا, بەپلەو پایەی بەرز بگات .

شایانی وتنە , لەو رۆژگارەدا , شێخ مەعروفی نەودەهی بەرزنجیش , یەکێك لە گەورە زانایانی ئایین و یەکێك لە مامۆستا ناودارەکانی ئەو سەردەمە بووە, وبەپێی بەڵگەنامەو نووسراوەکان کەلەو سەردەمەوە بەجێ ماون, پلەی زانستی لە سەید عەبدولکەریم و سەید عەبدوررەحیمی بەرزنجی بەرزتر بووە . گومان لەوەدا نییە, مەولانا خالید سوودی زانستی و ئەدەبی لێوەرگرتووە. بەڵام نووسەرانی نەقشبەندی, بەهۆی چەند تێبینیەکەوە, کە بەدەر لە

بابەتی ئەم باسەیە, شێخیان لە ریزی مامۆستایانی مەولانا ئەژمار نەکردووە .

دوای ئەوەی مەولانا لەشاری سنە دەگەرێتەوە, لە شاری سلێمانی سەرقاڵی وانە وتنەوە دەبێت.سەبارەت بە بلیمەتی و زیرەکیی لە رادەبەدەری مەولانا, عەبدولباقی عومەری موسڵی دەڵێت : جارێکیان بۆ دیداری مەولانا خالید دەچووم, لە نێو رێگەدا مەتەڵێکم لەسەر ناوی گیای ئەفسەنتین کە لە چیاکانی ئامێدی فراوانە, دانا تاوەکو زیرەکیی مەولانا تاقیبکەمەوە . دێری مەتەڵەکە ئەمەیە :

بان لام العذار من الف القد فتم الوصال في عامين

هەر کەبەخزمەتی گەیشتم , لە گۆشەیەکی کۆرەکەیدا دانیشتم و ئەو دێرەم بۆ خوێندەوە,

یەکسەر گوتی : عەبدولباقی گیای (افسنتین) . ئەفسەنتین لە چیاکانی ئامێدی فراوانە . منیش دەستیم ماچ کردو دانم بەوەدا نا کە زانستەکەی خوداداییە .

هەڵهێنانی مەتەڵەکەش ئەوەیە ئەگەر پیتی لام لە ئەلیفەکە لابرێت (اف) دەمێنێتەوە, وبیلکێنیت بە (سنتین)ەوە کە (2) ساڵە, دەبێتە (افسنتین) .

مەولانا خالید لە ساڵی 1220 ی کۆچی لە رێگەی موسڵ, دیاربەکر, حەلەب, شام و فەلەستین رووی لە حەج کرد . لەم گەشتەدا چاوی بەگەورە زانایانی وەکو شێخ محەمەدی کزیری و شێخ مستەفای کوردی کەوت . ولەرێگەی مەدینە بەئیقتیباس لە مەولانا عەبدورەحمانی جامی , لەحەوت بەندێکدا ستایشی پێغەمبەر (

www.pertwk.com

دروودی خوای لەسەر بێت) دەکات . کە لێرەدا بەندی یەکەمی هەردووکیان بلاو دەکەینەوە .

بەندی یەکەمی حەوت بەندەکەی مەولانا نورەددین عەبدوررەحمانی جامی :

این بارگاه کیست کەاز عرش برتراست / وز نور گنبدش همه گردون منوراست

از شرم شمسهای درش کعبتین شمس / برتخته نرد چرخ چهارم بەشش دراست

از انعکاس صورت گل آتشین او / برسنگ جای لغزش پای سمندر است

نعمان خجل زطرح اساس خورنق است / کسری شکسته دل پی‌طاق مکسراست

بهرنگاهبانی کفش مسافران / بر درگهش هزار چوخاقان و قیصر است

این بارگاه قافله سالار اولیاست / این خوابگاه نور دوچشم پیمبر است

این جای حضرتیست کە از شرق تابه غرب / وزقاف تابقاف جهان سایه گستر است

این روضه رضا است کە فرزند کاظم است / سیراب نوگلی زگلستان جعفر است

سروسهی زگلشن سلطان اولیا است / نوباده حدیقه زهراو حیدر است

مرغ خرد بکنه کمالش نمیپرد / برکعبه کی مجال عبور کبوتر است؟

تاهمچوجان زمین تن پاکش ببرگفت / اورا هزار فخر براین چرخ اخضر است

براهل باطن آنچه زاسرار ظاهر است / درگوشه ضمیر مصفاش مضمراست

خورشید کسب نورکند از جمال او / آری جزا موافق احسان مقرر است

آن کس بەبندگیش شد آزاد در دو کون / ننگش زتاج سلطنت هفت کشور است

برگرد حاجیا بسوی مشهدش روان / کاینجا توقفی نەچو صد حج اکبر است

بیطی ظلمت آب خضرنوش ازدرش / کاین دولتی است رشك روان سکندراست

بتوان شمید بوی محمد زتربتش / مشتق بلی دلیل بمعنی مصدر است

مەولانا . محمل امشب دیر می جنبد خدا آغازکن راستەقینە بوو, لەم گە، بی‌نوایانرا نوای دیگر از نو سازکن، دڵ و گیان خولیای دیداری کەسێك بوو کە دڵی بڕفێنێت یان رێگە بباتە سەر کێوی دڵخوازی . تاسەر ئەنجام یەکێك لە پیاوچاکان مژدەی ئەوەی دایێ کە ئاسۆی هیندی بەروودا دەکرێتەوە .

دوای گەڕانەوە لە گەشتی حەج بۆ شاری سلێمانی, هێندەی نەبرد کە پیاوێك بەناوی میرزا رەحیموڵلا بەگ ناسراو بە محەمەد دەروێش [illegible]

ساربانا رحم کن بر آرزومندان زار / وعدەشد نزدیك ونبود بعدازاین جای قرار

شکن جدا نعمانی گردن فراز برق سیر / بی خبر زاب وعلف کارآزمای راهوار

بیتأمل برگشا بند عقال از زانوش / زمرە درماندەگان را این گره واکن زکار

تاکنم برخویش آرام وآسایش حرام / تانهم یکبارە خوردو خواب و راحت برکنار

کردە دەمنزل یکی یاسرنهم درراەدوست / یاکشم دردیده خاك آستانش سرمەدار

بادیه پیماشد ازهر دیدەام صد قطره خون / سوی جان, دیر می جنبد چرا امشب قطار

نیست تاب سستی جمالم از شوق جمال / سوختم از آتش جانسوز هجران زینهار

حادیا خیزو بلند آهنگ کن آوازرا / آردر رقص ازنوای جانفزا جمازرا

[illegible]

دەلهی بەڕێکەوت .

مەولانا خالید لەسەر ڕێگەیدا, چاوی بەم شارانە کەوت: بەستام, خەرەقان, سەمنان, نەیشاپوور, توس و توربەتی جام . زیارەتی مەزاری بایەزیدی بەستامی عارفی ناودار کردو ستایشی کرد, زیارەتی مەشهەدی رەزەوی کردو بەهۆنراوەیەك, ستایشی حەزرەتی رەزا(رەزای خوای لەسەر بێت)ی کرد, کە لێرەدا بەشێکی بلاودەکەینەوە :

www.pertwk.com

كـملت مسافـة كـعبة الامـــال ... حـــمدا لمــن قــدمنّ بالاكمـــال
وأراح مـــركبي الطليح مـــن السّرى ... ومـــن اعتـــوار الحّــط والتّرحـــال
وأزاح عني قيد حـــبّ مـــواطني ... وعــــلاقة الاحباب والامــــوال
وهـــموم امّــهاتي وحسرة اخـوتي ... وغمــوم عـــمّ اوخيــال الخـــال
وأنـــالني اعلى الـــمآرب والأمـــا ... نـــي, مــن لقـاء المرشـد المفضـال
مـــن نـــوّر الافـاق بعـــد ظلامها ... وهـــدى الخلائـق بعـد طــول ضـلال
نجـم الهدى, بدر الدجى, شمس التقى ... كنــز الفيــوض خـــزانة الاحــوال
كـالارض حـــلما , والجبـال تمكـنا ... والشـــمس ضــوء,والســماء معــالي
عـين الشـريعة معـــدن العـــرفان وآل ... احســـان, والايقـــــان والافضـــال
قـــطب الـــطرائق قـــدوة الاوتـــاد ... غــوث الخلائـق رحلـــــة الابـدال
شيخ الانـــــام وقبلـــــة الاسلام ... صــدر العظـــام ومرجــع الاشـكال
هــــاد الى الأولى بهـــــدى مختـــف ... داع الى الـــمولى بصــوت عـــــال
محبـــوب رب العـالمين, مــن اقتـدى ... بــــهداه اصــبح قـــدوة الامثـــال
اخـــفاه رب الـعـــرش جـل جلالـه ... في قبــــة الاعـــزاز والاجــــــلال
واسـكن بـــذا الـواد المقـدس خـــالعا ... نعـــلي هـــوى الكـونين بـــاستعجال
مـــن شام لمعا مـــن بـــروق دياره ... بمشــــام روض الشــام كيــف يبــالي
آنسـت مــن تلــقاء مـــدين مصـره ... نــــارا فبلـــي البـــال بالبلبــــال
فهجــــرت اهلي قائلا لهم امكثـوا ... ارجـــع الـيكم غــبّ الاستشعـــال
ونـــويت هجـــــران الاحبــة كلـهم ... وركــــبت مـــتن الاجـــود الصّــهال
فـــطوى منـــازل في مسيرة مـــنزل ... واهـــــا لجـــــار ســـابح شمـــلال
سلب الهـــوى لـبي فمـا في خـاطري ... غــير الحبيـب وطيـف شـوق وصـال
قدحــــــان حـين تشـّـرفي بوصالـــــه ... مــــــن لـي بشـكر عطيّـة الايصـال ؟
فـــــكما قضـيت الهنـا في اشهـــــر ... طـــيّا لبعـد مسافـــــة الاحـــوال
ووهــــبت اقدامـــا على طـيّ الفـلا ... ونـــزول غـــــور وارتقـــاء جبـــال
ورزقتنـــــــا تقبيـل عتبـــة قبلـــة ... فــــــاز المقّبـل منــــه بالاقبــــال
فــــارزق الـــه العـــالمين بحقــــه ... ادبــــا يليـق بـــذا الجنـاب العـالي
وأمـــدنــــا بلقائــــه وبقائــــه ... وعطائــــه ونوالــــه الــــمتوالي
زدنــــا حضـورا في حضـور قبابـــه ... ادم الـــــورى بحمـــاه تحـت ظـــلال
زد كـــــل يــوم في فـؤادي وقعــــه ... مـــــادمت حيّــا في جميــع الحـــال
وأمـــتن مرضـيا لديـــــه وراضيـــا ... عــــنه رضـا يجـدي مفـاز مـــال

زانستە ئیسلامییەكاندا, دەركەوت كە دەریایەكی بیّ كەنارە . دواتر لە

ریّگـ از مـوج فتنـه خـــورد شـدی كشـتی زمین لگـــرنه دراز سلسلـــــه آل لــــنگراست .

دوا زوار ! بـر حـــريم وی آهسـتـه پــــانهيد كزخيل قدسيان همه فرشش زشهپراست هان

غلمان خلـه كاكل خـود دسته بدستهانـد پيوسته كارشان همه جاروب اين دراست

ئابا شاهـــاستـــايش تـو بعقـل وزبــان مـــن لخوكی می توان كه فضل تواز عقل برتراست وی

گەد اوصـاف چـــون توپادشـهی ازمـــن گـدا صيقل زدن بـــــر آينه مـــــهر انوراست (7)

دیڕ ... اندو ... ـی

شاعەبدوڵڵای دەهلەوی دەكات, كەلیّرەدا بەشیّكی بلاّو دەكەینەوە :

www.pertwk.com

مەولاناخالید سەلەبەیانی ڕۆژی دوای گەیشتنی بەدەلهی, لەسەر دەستی شاعەبدوڵڵای دەهلەوی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت و یەک ساڵی ڕەبەق یان زیاتر لە خزمەتی پیرو ڕووناکبیرەکەی خۆیدا, سەرقاڵی سەیرو سلوک و خزمەتی دەستکورت و هەژاراندا بوو, پلەو قۆناغەکانی سۆفیگەری و عرفانی تەی دەکرد, تا ئەوەی شێخ مۆڵەتی ئیرشادو گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆی پێ بەخشی و, تامەودای (4)میل لەدەرەوەی جیهان ئاباد, بەرێی کرد . مەولانا خالید لەساڵی 1226ی کۆچی, دوای چوار ساڵ گەیشتەوە سلێمانی, ولەهەمان ساڵدا ڕێگەی بەغدای گرتە بەر, وماوەی (5)مانگ لە نزیکی مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا نیشتە جێبوو, ئەوسا بەجل و بەرگی

ڕێبەری تەریقەتەوە, شکۆدار بەرەو سلێمانی گەڕایەوە, وسەرقاڵی ئیرشادو ئامۆژگاریی موسوڵمانان بوو. مەولانا خالید بۆ جاری دووەم لە ساڵی 1228ی کۆچیدا, ڕووی لەبەغدا کرد . لە خوێندنگەی ئیحسائی کە ئێستا بەتەکیەی خالیدی ناسراوە, نیشتە جێ بوو, سەرقاڵی وانە وتنەوەو بڵاوکردنەوەی تەریقەت بوو, توانی چەندین لەزانایان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت . دواجار بەهۆی ناڵەباری ڕۆژگارەوە, لەساڵی 1236ی کۆچیدا, بەیەکجاری شاری سلێمانی بەجێهێشت .

بەبێ ڕەچاوکردنی خستنە ڕووی هۆکارەکانی بەجێهێشتنی شاری سلێمانی کە نووسەرانی نەقشبەندی لەوبارەوە, بەدرێژیی باسو خواسی خۆیان کردووەو تەنانەت نووسەرێکی مەسیحیش, لەورووەوە ڕوونکردنەوەی هەیە [1] , لێرەداو بۆ داکۆکی لەپایەو پێگەی زانستی و عرفانی بەرزی مەولانا خالید, پێویستە بڵێین کە: نووسەرانی نەقشبەندی بەخەیاڵی خۆیان و بەمەبەستی بەگژاچوونەوەی ناحەزان و دەرخستنی مەزنی و پایەی بڵندی مەولانا خالید, دووکاریان ئەنجام داوە :

یەکەم: هەموویان بەیەک دەنگ و نزیکەی (150) ساڵە چەند بابەتێک دووبارە دەکەنەوەو بەیەکسانی لە نووسینەکانیاندا, بەرچاو دەکەون, کەبەڕاستی لە ڕووی عیرفان و لەڕووی بەرز ڕاگرتنەوە, هیچ جۆرە جوانکارییەکیان تێدانییە, جگە لەوەی بەترش و خوێکردنی سەرسووڕهێنەورەوە ڕەزامەندیی و پەسەندکاریی کەسانی, وەکو

(1)بڕوانە بەرگی دووەمی گەشتنامەی (ریچ)

www.pertwk.com

دەسەڵاتداران‌و فەرمانڕەوایان ووەزیران‌و زانایانی هاوچەرخیان, سەبارەت بە مەولانا خالید, لە نووسینەکانیاندا هێناوەتەوەو ستایشی ئەوەی دەکەن کە پێگەو سەروەتی فراوانی هەبووەو سەبارەت بە کاروباری رۆژو ڕێزداریی مەولانا, لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە زێدەرەوی دەکەن .

دووەم : ئەو نامەیەی کەنووسەرانی ناوبراو لە بڵاوکراوەکانیاندا, بەنامەی مەولانا خالیدی لەقەڵەم دەدەن کە گوایا شێخ مەعروفی نەودەهی پەشیمان بۆتەوە, لەدوورخستنەوەو دەرکردنی مەولانا خالیدو لەئاکامدا, نامەیەکی بۆ نوسیووە, داوای لێبووردن یان تۆبەی کردووەو مەولانا خالیدیش وەڵامی ئەو نامەیەی داوەتەوە . ئەوەی کەئێمە لێی دڵنیاین ئەوەیە کەنامەی ناوبراو, لەمەولانا خالیدەوە نەبووە, چونکە :

یەکەم: لەونامەیەدا, نەك تەنیا ڕێز لە هەراو هوریاو سووکایەتی پێکردن و بەدزمانیی خەڵکی گیراوە, بەڵکو وشەی ناشایستەیان بەدەمیەوە هەڵبەستووە کەئەم شێوازە, دوورە لە شێوازو رەفتاری پیاو چاکانەوە . شێوازی گەورەپیاوانی ئەم تەریقەتە, بەرجەستەکردنی رەفتاری جوان‌و پابەند بوونە, بەوەی چاکە بکە لەگەڵ ئەوەی خراپەت لەگەڵدا دەکات‌و ئازار نەدانی کەس‌و بەرگەگرتنی ئازارو برسێتی‌و ئۆقرە گرتن بووە, نەك تۆڵە سەندندنەوە . دەگێرنەوە پیاو خراپێك, رووبەڕوو, جنێوی بەشێخ ئەبو سەعید فەزوڵڵای کوڕی ئەبولخەیری میهنی خۆراسانی (357–440کۆچی) دا . کاتێ دەروێشەکانی ویستیان پەلاماری بدەن, شێخ ڕێگەی پێنەدان‌و گوتی: ئەو پیاوە لەو ڕووەوە جنێو بەمن دەدات, چونکە

خۆی بەراست‌و من بەهەڵە دەزانێت, کەواتە بەکەسی هەڵە جنێوی داوە نەك بەمن . ئازاری نەدەن‌و لێگەڕێن بڕوات بەلای کاری خۆیەوە . هەر ئەم ڕەفتارە جوان‌ودان بەخۆداگرتنە, بووەی هۆی ئەوەی پیاوەکە بگەرێتەوە . لەشیخ ئەبولعەبباسی قەسابی ئامولی, پیری شێخ ئەبو سەعیدی کوری ئەبولخەیر دەگێرنەوە کە: پیاوێك لەخانەقاکەیدا گوتی, دەبێ بەریشی شێخ ناوگەڵم پاك بکەمەوە, کاتێ ئەم هەواڵەیان بەشێخ گەیاندو شێخ گەلێ جوامێرانە ڕیشی خۆی لە پیاوەکە نزیك کردەوە, پیاوە بێبرواکە, بەبینینی ئەم دیمەنە, گۆرانی بەسەرداهات‌و گەرایەوەو تەریقەتی وەرگرت .لەم جۆرە رەوشت بەرزییانە کە تەریقەتی سۆفیگەرانە, بەفراوانی لە شێخانی سۆفیگەریی دەگێرنەوەو لەکتێب‌و بڵاوکراوەکانیاندا, تۆمار کراون .

دووەم : بەتایبەتی بەشی کۆتایی نامەکە, کەتێیدا هاتووە :

((..لا يخفى عليكم ان السبب الاصلي لهذه الوحشة انما هو ترك التردد وتقليد اقاويل الناس. فان صح مابلغني عنكم فعليكم بالاعراض عن الكلمات المؤدية الى الشك والوسواس .فان احوال اهل الفقر وراء العقل والعلم لايدرك بالقياس . وبعد اللتياوالتي يضمن لك هذا المسكين– ان ثبت قدمك . وما طغى قدمك بعد اليوم– ان ترى نتائج لايحمل اكثرها السفير, وتزيد على حوصلة التقرير والتحرير . ومن بعد هذا ماتدق صفاته , وماكتمه اخطى لدي واجمل)) .

پێویست بەبەڵگە هێنانەوەو لێکدانەوە ناکات کەئەم نامەیە بەقەڵەمی کەسێکی دیکەیەو ئەم داڕشتنە کەبۆنی خۆپەسەندی‌و خۆپەرستی‌و خۆبەزلزانینی لێدێت, لە پیاوێکی وەکو مەولانا

www.pertwk.com

خالیدەوە دوورەو زیاتر لە شێوازی دارشتنی فەرمانرەوایان‌و ئەمیران دەچێت .

هەروەکو لە کتێب‌و بڵاوکراوەکانی سۆفییەکاندا دەردەکەوێت, پیاوچاکان نیازیان بەرێزی هەوادارانی دونیا نەبووەو تاوانبارکردنیان بەنووسینی نامە, بەپێی خواست‌و ئارەزووی کاربەدەستانەوە, لەبری ستایشکردن دەچێتە قاڵبی سەرزەنشتکردنەوە . من لەو بروایەدام کەقەڵمرەوی پیرۆزی ویست‌و ورەی بەرزی مەولانا خالید, گەلێ لەوە بەرزترە کە پێویستی بەوە هەبێت, تا بەوەها داڕشتنێك وای نیشان بدەن کەبەسەر ناحەزەکەیاندا زاڵن . مەولانا کەخوداوەند لەمیهرو بەرەکەتی خۆی بێ نیازی کردبوو, بایەخی بەدەستەبەرکردن یا تۆرانی دڵی ئەوکەسانە نەبوو . یاخود چی هانی دەدا, تاوەکو گەورەیی خۆی, بەرووی خەڵکی تردا بکێشێت, یاخود دژایەتی کەسێکی تر بکات .

هەر نووسەرێك کەبخوازێت سەبارەت بەیەکێك لە ئەولیای خودا, بابەتێك بنووسێت, رێزنان و پارێزگاری لە پلەوپایەی بەرزی, ئەرکێکی ئاینی‌و ویژدانییە, دەبێت رەچاوی بکات . پایەی دۆستی خودا گەلێ بەرزەو دۆستی خودا بەدوژمنی خودا ناشوبهێنرێت . نابێت وەلی بخرێتە ریزی خەڵکی‌نەفس پەرستەوە, بەخۆشگوزەرانی‌و زەرق‌و بەرقی دونیا تاوانبار بکرێت . دۆستی خودا دوژمنی کەسێك نییە کەنیازی بەهەراو هوریاو جەنجاڵ‌و داکۆکی بەچەك‌و گوتارو بازووی ئەوان هەبێت. جیهانی هەژاری جیهانێکی ئاسوودەیە . ئەبو سەعیدی کوری ئەبو لخەیر دەڵێت: گیرفانی ئێمە گرێ نەدراوەو لەگەڵ کەسێکیشدا دوژمنایەتیمان نییە, لەخودای گەورە داواکارین

دەروونمان بەنووری دۆستانی خۆی رووناك بکاتەوەو دروودی فراوان بۆ سەروەرمان محەمەد.

دوای ئەوەی مەولانا خالید گەیشتە بەغدا, لەتەکیەی خالدی نیشتە جێ‌بوو و لەخانەقای سلێمانی, خەلیفە عەبدوڵڵای هەروی لەشوێنی خۆی دانا, دوای نزیکەی (2)ساڵ نیشتەجێ‌بوون لە بەغدا, لەسەر داواو خواستی کۆمەڵێ لەخەڵکی شام,ڕووی لەو دەڤەرە کردو,لەساڵی 1238ی کۆچیدا, لەرێگەی دێر ئەززورەوە گەیشتە دیمەشق . لەشامیشدا بەگەرمی لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی کرا . یەك جار لەشامەوە سەردانی قودسی کرد, ولەساڵی 1241ی کۆچی, بەمەبەستی حەج رووی لەمەکە کردو دواتر بۆ شام گەڕایەوە .

مەولانا خالید, ماوەی نیشتەجێ‌بوونی خۆی لەشامدا, بۆ هاودەمی‌و گفتوگۆ لەگەڵ زاناو گەورە پیاوانی ئیرشادو مامۆستایانی ئایین‌و سۆفیگەریی تەرخان کردبوو, تابەهۆی نەخۆشیی تاعوون کەلەشاری دیمەشقدا بڵاوبووەوە, شەوی هەینی,14ی‌مانگی زیلقەعدەی ساڵی 1242ی کۆچی, لەنێوان مەغریب‌و عیشادا, کۆچی دوایی کرد . پیتەکانی وشەی (مغرب) بەپێی حیسابی رستەکان, رێکەوتە لەگەڵ مێژووی کۆچی دوایی مەولانادا . باسی کۆچی دوایی مەولانا خالید گەلێ گران‌و مایەی دڵتەنگییە, بەتایبەتی داستانی کۆچی دوایی دووفەرزەندەکەی عەبدورەحمان‌و بەهائودین, بەماوەیەکی کورت بەرلەکۆچی دوایی خۆی . مەخابن لەم پێشەکییەدا, بواری باسکردنی ناڕەخسێت .

www.pertwk.com

رەزا قولی خانی هیدایەت, لەدووکتێبی خۆی (مجمع الفصحاء)و(ریاض العارفین) دا, بەکورتی باسی مەولانا خالید دەکات و, ئەم دوودێڕە شیعرەشی بڵاوکردۆتەوە:

کە دێری دووەم, لەهیچ یەکێك لەدیوانە دەستنووس و چاپکراوەکانی مەولانا خالیددا نەبینراوە . مەولانا خالیدکەمتر لە(50) ساڵ تەمەنی کرد . تەمەنێکی کورت و ناوبانگێکی جیهان گیر و

دراقلیم محبت از خرابیهاست معموری بەسیل اشك بایدکند اساس خانهٔ خودرا

اگر مرد راهی دردوست باز است دگر قصەگوئی حکایت دراز است

[illegible]

هەبوو . ئەگەر بڵێم مەولانا کەخاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بەرزانە بوو, بلیمەت و بەهرەمەندی سەردەمی خۆی بوو, بەهەڵەدا نەچووم .

ئیسماعیل پاشا بابانی بەغدادی , لەکتێبی (هدیە العارفین)دا, ئاماژە بەم نووسراوانەی مەولانا دەکات :

1-جلاء الاكدار والسيف البتار بالصلوت على النبي المختار (ص).

2-حاشية على تتمة السيالكوتي لحاشية عبدالغفور اللاري على شرح الجامي للكافية في النحو .

3-حاشية على جمع الفوائد في الحديث – طبعت في الاستانة سنة 1307 ه .ق.

4-حاشية على الحيالي في الكلام.

5-حاشية على نهاية الرّملي في الفقه .

6-رسالة الرابطة في اصطلاح السادة النقشبندية .

7-فوائد الفوائد في حديث جبريل في العقائد (بالفارسية) .

8-شرح عقائد العضدية .

9-شرح مقامات الحريري . لم يكمل .

10-العقد الجوهري في الفرق بين كسبي الماتريديّ والاشعري .

11-ديوان شعره (فارسي) .

شێخ محەمەد خاڵ لە پەراوێزی کتێبی (الشيخ معروف النودهي البرزنجي) سەرەڕای ئەو نووسراوانەی ئیسماعیل پاشا ئاماژەیان پێدەکات, ئەم نامانەی خوارەوەش لە نووسینی مەولانا خالید ناو دەبات :

12-شرحة على اطباق الذهب لجادالله الزمخشري (بالفارسية) .

13-رسالة في العبادات , (بۆ ئەو موریدانەی نووسی کەحەنەفی بوون و دواتر بوون بەشافعی) .

14-جالية الاكدار في تقلبات الامصار .

15-رسالة في آداب الذكر في الطريقة النقشبندية .

16-رسالة في آداب المريد مع شيخه .

17-مكاتباته العربية .

18-مكتوباته بالفارسية .

ئەوەی سەبارەت بە مەولانا خالید(خودا لێی ڕازی بێت) ئاماژەم پێکردووە, گەلێ کورتە, زۆربەیم لە کتێبەکەی شێخ محەمەدی خاڵ (الشيخ معروف النودهي)یەوە وەرگرتووە . لێرەدا, بەمەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر, ئەوەی خوا لێخۆشبوو مەلا حامیدی کاتب لە کتێبی

www.pertwk.com

(ریاض المشتاقین)دا, دەربارەی بیبلۆگرافی مەولانا نووسیویەتی, ئاماژەی پێدەکەم :

قطب حق سر دفتر دیوان عشق	زیور دیباجۀ طغرای دین
یکە تاز عرصۀ فضل وشرف	شاهباز قلّۀ حق الیقین
غوث عالم شاه مولانای ما	آنکه گنج حکمت حق را امین

شیخ خالد ان ضیاءدین ودل لەسنور عشقش بود لایح بر جبین

درّ تاج ابتهاج سابقاتی وخاتم اقبال اصحاب الیمین و

گەیشتن بەپێی ئەوڕە پیاوان , دەڵێت . شێخ ئەبوبەکرە زیاتووین

مەولانا خالیدی شارەزووری, لەشارەزووردا لەدایك بووەو هەر لەوێدا گەورە بووە, بەمەزهەب شافعییەتو بە تەریقەت نەقشبەندییەو لەرووی مۆڵەتەوە, قادریو کوبرەویو سوهرەوەردیو چەشتییە . کوڕی ئەحمەدی کوڕی شێخ حوسێنە . زنجیرەی ئەم گەوهەرە دەچێتەوە سەر وەلیو زانا پیری میکائیلی دەودانی . پیری میکائیل وەلییەکی بەناوبانگو زاناو خاوەن کەرامەت بووەو لەنێوان پیاو چاکاندا, نموونەو ناسراوبووە .

ئەم کەسایەتییە ناودارو عارفە (مەولانا) لەسەری باوکەوە, دەچێتەوە سەر عوسمانی کوڕی عەففان, جێ نشینی سێهەمی پێغەمبەری خودا . ولەسەری دایکەوە دەچێتەوە سەرسەید سەنەد

وەلیولڵا شێخ سەید محەمەد ناسراو بەپیر خزری شاهۆ (خودا راز داری بکات) . وزنجیرە شەجەرەی ئەم پیرە راستو دروستە, وبەوەلیو قوتب ناسراوەو زۆربەی ساداتی کوردستان (سنە)و ئەفشارو ساوجبلاغو شارەزوور, زنجیرەی خۆیان بەپێی زنجیرەی پیر خزر راست دەکەنەوەو سەید سەنەدی زانا بەولایەتی موتتەسیف مەلا ئەبو بەکری ناسراو بە موسەننیف کە خاوەنی کتێبی (وضوح وسراج الطریق وغیرهما)یە, سەربە بنەماڵەی پیری خزرە .

شەدین شاهباز ذی جناحین	کەبد شخص جهان رامردم عین
سرو سرهنگ ارباب دیراست	رئیس خیل اصحاب ولایت

حەزرەتی مەولانا خالید لە 1193 لە شارۆچکەی قەرەداغ لە دایك بووە, کە سەربە شاری سلێمانییە, وئەو نەونەمامەی کە سومبڵی پاکیو کەماڵ بوو, نزیکەی (12) ساڵ لەو سەرزەمینە پاکەدا مایەوەو لەبەرەکەتو فەزڵی ئەوە کەشارۆچکەی قەرەداغ داغی نەوجوانێکی بەتەوێڵی ئیرەمەوە ناوە .

ولەو هەوارگەیەدا قورئانی خوێندووەو تەسریفی زەنجانیو هەندێ لەپێشەکی زانستی رێزمان (علم نحو)ی تەواو کردووەو لەمەسەلەی دەركو تێگەیشتنی یەکێتی هزر, بەجۆرێ بەتوانا بووە کەهەر لەسەرەتاوە بەئاسانی سورەی فاتحەو فەلەقو ناسو ئیخلاسو مەسەدونەسری خوێندۆتەوە . دەگێڕنەوە کە مامۆستاکەی, وەکو باوە دوای ئەوەی کەسورەی نەسر تەواو دەکەن, داوای مریشکی رەش لەتەلەبەکانی دەکاتو لەمەولاناش داوا دەکات . ئەویش

www.pertwk.com

بەماموستاکەی دەڵێت: ماموستا من هێندە لەباوکم شەرم دەکەم ناتوانم داوای مریشکی لێبکەم, تۆ لەسەر کاغەز شتێکم بۆ بنووسە, تانیشانی باوکمی بدەم . ماموستا لەسەر کاغەز, مریشکی رەش دەنووسێتو دەیدات بەدەستی مەولانا . هەر کەتەماشای کاغەزەکە دەکات, لەژێر لێوەوە شتێك دەخوێنێتەوە. ماموستا بەسەر سوورمانەوە لێیدەپرسێت :چیم نووسی؟ دەڵێت : مریشکی رەش . بەکورتی بەو تەمەنە کەمەو لەماوەیەکی گەلێ کورتدا, شارەزایی لەشیعرو پەخشانو وتەی شیرینو رەوانبێژیو رەفتاری جواندا پێش دەکەوێتو لەرووی ڕەوشت بەرزیو بڕواداریو قەناعەتەوە هەر لەتافی لاویدا, لەنێوان خەڵکی ئەو ناوچەیەدا, ناو دەردەکاتو بەخواستی خوداوەندی مەزن, توانی بەهرەو ئامادەگی خۆی گەشە پێبداتو ببێت بەشابازێكو لەناو جەنگەڵی هزری خۆیدا, هەستی بە هێزو توانایی دەستەبەرکردنی باڵندەی حوکمو رازەکانی کردووەو لەهەر شوێنێکدا, هەواڵی زانایەکی گەورەو شارەزای بیستبێت, بەمەبەستی مەلەکردن لەدەریای زانستیدا, خۆی پێگەیاندووە, تاوەکو لەهەرکانییەك گەوهەرێكولەهەر دەریایەك مرواریيەك بچنێتەوە :

لاجرم شد مخزن اسرار علم ومعرفت لجّهٔ بحر علومش موج زن عمّان صفت

لەو گەورە پیاوانەی, شانسی ئەوەیان هەبوو ماموستای ئەو ئەستێرەیەی بورجی زیرەکیو بلیمەتی, وخۆری ئاسمانی رەهاییو ئازادی بن, وخۆری بەرەکەتی هاوڕێیەتی ئەو ئاسۆی رێنموونییە, بەروویاندا هەڵهات :زانای کارگێرو پڕو خاوەنی هزری بێگەرد, شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجیو برازاکەی, شێخ عەبدورەحیم بوون . ئەم

دووبرا پایەبەرزە کەدوو درەختی بەرداری خۆشبەختی بوون, سەر بەبنەماڵەی ساداتی بەرزنجی بوون . لەسەردەمی خۆیاندا بەنوری زانستو مەعریفەی خۆیان, شاری سلێمانییان رازاندۆتەوە, بەتایبەتی براگەورە شێخ عەبدولکەریم ناسراو بەوەلی, پیاوێکی کاملّو زیرەكو بەئاگابووە. یەکێکی تر لەو ماموستایانە,زاناو سەرچاوەی رازەکانو ماناکان: زانای تەواو عەیارو توێژەرو وردبین ماموستا مەلاساڵحی تەرەماریو زانای کارگێڕو پیاو چاكو خۆشەویست حەرزەتی مەلا ئیبراهیمی بیارەییو زانای بەتواناو سومبلی هۆشو بیری تیژی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی .

مەولانای چەقی بازنەی کەماڵو گلێنەی چاوی زێبایی, بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانستەکان, کۆیەو حەریریشی رووناك کردۆتەوەو, لەخزمەتی زاناو ماموستا مەلا عەبدورەحیمی زیادی ناسراو بە مەلازادە کە لەبواری هونەرەکانی زانستدا کارامە بووە, شەرحی جەلالی مەنتیقی خوێندووە .دووبارە بەرەو شاری سلێمانی گەڕاوەتەوە, دواتر مەولانا, خۆری ئاسمانی شەریعەتو تەریقەتو حەقیقەت, شەرحی شەمسیەو موتەووەلو عیلمی کەلامو حیکمەتی لە سلێمانی, لەسەردەستی زانایانی ئەو شارە خوێندووەو دواتر بەرەو بەغدا رۆیشتووەو لەو شوێنە پیرۆزەدا (موختەسەری مونتەها)ی لەخزمەتی گەورە نووسەرانو هزرمەندان سیبغەتوڵڵا ئەفەندی ماوەرانی تەواو کردووە . جارێکی تر بەرەو شاری سلێمانی گەڕاوەتەوەو ئەم شابازە بەرزە فڕە, کەوتۆتە شکارکردنی زانستە وردەکانو ڕازە ناسکەکان .

www.pertwk.com

دەگێڕنەوە کاتێ لەسلێمانی لەدەریای وەدەستهێنانی زانستەکان و مەعریفەکان و نهێنیەکاندا مەلەی کردووەو مرواریی مەعانی وتۆتەوە, مەلا عوسمانی باڵەخی کەیەکێك لە زانایانی ئەو دەڤەرە بووەو وەلییەکی ناسراو بووە, کەهەستی بەنوری هەڵهاتنی خۆری ئەولیا کردووە, لە تەوێڵی پاکی ئەو گەوهەرەداو بۆنی شنەبای غەیبی, لەو زاتە کردووە . بەواتەی ئەم شیعرەی حەزرەتی مەولەوی کە :

پیرایشانند کاین عالم نبود | جان ایشان غرق بد دربحرجود
بوده پیش از خلقت انگورها | خورده میهاوغوده شورها
دردل انگورمیرا دیده اند | درفنای محض شیرا دیده‌اند
دیده چون بی کیف هر باکیف راه | زدیده پیش ازکان صحیح وزیف را
ودرتموز گرم می بیننده‌ی, | ودرفنای محض می بیننده‌ی
دمطلع برنقش هرچه هست شده, | وپیش ازان که نقش گل بایست شده

حوجرەکەی دەکات, وەهرکە لەدەریاچەی ئەو گوڵزارە گەشاوەو سەروەری پاکی و بێگەردی دەبێتەوە, مەلی غەیبی ئەو حەزرەتە لەقەفەسی ئەو زانایەدا لەشەقەی باڵی داوەو ڕووی لەبیابانی جیهانی ماناکان کردووە, واتە ئەو گەوهەرە لە خەودا دەبێت :

مرغ جانش گشتەآزاد ازقفص دلش | فارغ از اندیشەء دام و مفصی
همچو بلبل بذلەگوچون فاختە | درگلستان معانی تاختە
گاه درگلزارو گاهی درچمنەدا | میپرد گرم سفر اندر وطنی
از غم وشادی عالم رستەاستشە | فانی از خویش وبحق پیوستە استو

وبوون رابکێشێت و بەئاگای بهێنێتەوەو تاوەکو بواری گفتوگۆ لەنێوان ئەو دووکەسایەتییە قسەزانەدا برەخسێنێت . مەلا عوسمان ڕێگەی پێنادات و پێی دەڵێت کەئەو ڕووپۆشەی, وەکو هەور بەر رووی مانگی چواردەی گرتووە, لابەرێت, تا لەدوورەوە چێژ لە دیمەنی زێبای ئەو مانگە وەربگرن و هەروەکو لەبەرەکەتی گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا بێ بەریی بوون, هەر نەبێ لەخوێندنەوەی دیمەنی جوانی بەهرەمەند بن و بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە . حاجی حەسەن لەسەرداوای مەلای گیرۆدە, ڕووپۆشەکە لەسەر ڕوومەتی ئەو ئەویندارە مەستە لادەبات . ومەلا بۆ ماوەیەك بە وقارەوە بەرامبەر ئەو سەرچاوەی نورە دەوەستێت و دەست بەڕازو نیاز دەکات کە : خودایا ئەم گوڵی گوڵزاری مەعریفەتە لە زیانی هەڵوەرینی ناوداری و بەناو بانگی بپارێزەو بەبۆن و بەرامەو بەرەکەتی, جیهان بۆندارو خۆشبەخت بکە , وروودەکاتە حاجی و دەڵێت : ئەم پیاوە کەسێکە کەدیدەی جیهان بەهۆی ئەو نورانیی و, هزری نەوەیەك لە خۆشبەختان بەهۆی شنەبای ڕێنموونەکانیەوە بۆندار دەبێت, وئەوسا بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە .

دوای گەڕانەوە لە بەغدا, دووبارە دڵی بۆ زانستی ماتماتیك و ئەندازەو حیساب لێیدا . وبەمەبەستی بەخزمەت گەیشتنی زانای

www.pertwk.com

لێهاتوو وخاوەن بیری تیژو دەرکی راست, ئەبو عەلی سینای سەردەم, شێخ محەمەد قەسیم, ڕووی لە شاری سنە کردو لەماوەیەکی کەمدا , ئەو زانستانەی تەواو کردو دووبارە بەمەبەستی تەواو کردن و وانە وتنەوە,ئەسپی خۆی بەرەو سلێمانی تاو دەدات . گەورەو بچووکیی ئەو دەڤەرە, بەشادی و خۆشییەوە, ناوەڕۆکی ئەم دێرەشیعرەی خوارەوەیان دووبارە دەکردەوە :

آمدی وەچە عجب خرّم وخندان گشتیم تشنه بودیم وقدین لب عمّان گشتیم
سالها در طلب یوسف گم گشتهٔ خویش دربیابان طلب والەو حیران گشتیم
مژدەگان یوسف مابار بکنعان آمد دیده روشن بجمالش شدو شادان گشتیم
خسته بودیمو بمامژدهٔ درمان آمد مرده بودیم وهم آمیخته باجان گشتیم ,

بەناوی وانە وتنەوە, وەکو مامۆستا دەستنیشانکراو پایەی شکۆمەندی بەلای هەموانەوە پەسەند بوو, بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو . ماوەی نزیکەی (8)ساڵ, ئەو ئەستێرە پایە بەرزە,سەرقاڵی وتنەوەی زانستە رەسمی و نارەسمییەکان بوو وبەرێنمونکردن بەکاری چاکەو دووری لەکاری خراپە, توانی تۆوی خۆشبەختی لەدڵی زۆربەی دانیشتوانی ئەو دەڤەرەدا بچێنێت و گوفتارو کرداری مەولانا, بەلای زانایان و پیاوچاکان و فەرمانڕەواو ئەمیران و پیاو ماقوڵان, دەقی یەکلایکەرەوە بووەو بەڵگە هزری کردەکانی روون و ئاشکرا بوون ,

هەر خاڵێك کە ئاماژەی پێکردووە , دووربووە لە سەختگیری . زانست و مەعریفەتی گەیشتۆتە ئەو پەڕی و کەمال و هونەرو, خواپەرستی ئەو زاتە جیهانگیر بووەو لە دۆزینەوەی راستییەکاندا , پلەو پایەی بەرزی هەبوو .

حگە لەخۆشەویستی دۆست , شتێکی دیکە لەدەمارو پێستیدا

ازهمه بود بمعنی چو الف صفر مجرّد گرچه برمسند عزت شه باخیل وحشم بود
دم زحشمت چەزنم خاك نشین سرکویش عارش از تخت فریدون وکی و حشمت جم بود

ئ[illegible] پەیوەندیی [illegible] , [illegible] راز داری بکات و لەبەرەکەتی بێبەشمان نەکات , ئامین .

دوای ئەوەی خۆری زانست و مەعریفەی خۆشبەختی و هیدایەت , نزیکەی هەشت ساڵ لە سلێمانیدا مایەوەو بەبەرەکەتی خۆی ئەو لایەنانەی نورانی کرد, لە ساڵی 1220دا, کەڵکەڵەی زیارەتی ماڵی خوداو مەزاری پاکی سەروەری جیهان (دروودی خودای لەسەربێت)کەوتە سەری و دەستی لە هەموو دارو نەداری خۆی هەڵگرت, بەوێنەی مەستان و سەرخۆشانی نێو دێری : گرنیاید بخودش موی کشانش آرید (گەر خۆی نەهات بەقژ رایبکێشن و بیهێنن)بەنیازی کۆچ بۆ لای خوداو پێغەمبەرەکەی, رووی لە حیجاز کردو هەر شتێکی بەهاداری هەبوو, بەبێ گوێ پێدان, هەمووی بەخشی :

چون نرود درپی صاحب کمند آهوی بیچاره بگردن اسیر

www.pertwk.com

مەولانا کە سەرچاوەی رازی خودا بوو , لە هەموو بوارەکانی زانستدا, هەولی دەستەبەر کردنی داوەو, رووی لەهەر دەڤەریك کردبێت , یەکەم جار سۆراغی زانایانو گەورە پیاوانی کردووە, تاوەکو لە هەردرەختێك میوەیەك بەدەست بهێنێتو لەهەر گوڵزارێك گوڵێك بچنێت, بۆیە لە مەودای نێوان سلێمانیو شامدا, چاوی بەکۆمەڵێ لە زانا ناودارەکان کەوتووەو ئاشنایی لە گەڵیاندا پەیدا کردووە.

آری زچنان کسی چنین میشاید   کز خیّر فحص جز نکوئی ناید

بەتایبەتی لەشام کە لەخزمەتی زاناو توێژەرو وردبین شێخ محەمەد کەزبرییدا بوو کە مامۆستای (دار الحديث)ی شارۆچکەی شام بوو, هەروەها بەخزمەتی قوتابی پایە بەرزی شێخ محەمەد, شێخ مستەفای کوردی گەیشت کە هەردووکیان لە زانستو سەلاح لە زانستی نوێدا, هاوتایان نەبوو :

آن دو ينبوع معانى وحكم   آن دو بحر علمو دريای عيان
آن دوشهباز فضای معرفت   وآن دوشاه ملك تقرير و بيان
آن دو تير جعبهٔ فضلو هنر   وآن دوقوس تيرامركن فكان

ولەبواری زانستەکانی ئەسنادا, لەبەرەکەتی مۆڵەتی زنجیرەی پاکی ئەو دووزاتە, بەهرەمەند بوو . جگە لەوەی مۆڵەتی خوێندنەوەی وێردو زیکرو نزاو تکاو هەرچی پەیوەندیی بەو مۆڵەتەوە هەبێت , لەو دوو پیاوە گەورەیەی وەرگرتووە ولەتەریقەتی قادری , سالانێکی زۆر

, مۆڵەت پێدراوبووە, دواتر بە یارمەتیی خوداوەند, لە وڵاتی شامەوە لە گەڵ پیاوانی خودادا , دوور لەلادانو کاری زشت, گەڵ لەخۆشی دیداری دۆست بەگریەو ناڵین, رووی لەدیاری حەج کردووە.

مەولانا وەکو باڵندەیەکی ئۆقرە لێهەڵگیراوی گوڵزاری دۆست, وەکو پەپوولەی خولیای مۆمی دیدار, بەدڵێکی پاكو دڵسۆزیو ویستی بەرزو مرازەوە, گەیشتە شاری مەدینە, هەروەکو بڵێی ماسی دوور لەئاو بەهەزار پەژارەییو نیگەرانییەوە, بەدەریا گەیشتبێت :

قطره ناگه بعمّانی رسید   خويشتن را ناپديدو محو ديد

لەبەر ئەوەی بەخاکی پاکی ئەو شوێنە, ئاوێنەی هزرو بیری خاوێن کردەوەو ئەوەی کەدەبوا بەدەستی بهێنێت بەدەستی هێناو, ئەوەی کە دەبوا بیبینێت بینی, لەبەر خۆیەوە ئەمەی بەسەر زماندا هات :

دل زخاك كوی جانان يافته است   آنچه خضر از آب حيوان يافته است
نیغلط گفتم كه خضر آب حيات   نيز از آن چاه زنخدان يافته است
شد طفيل و چاكراين آستان   اين شرف روح القدس زان بافته است
خودچه گويم گرنبی و گرولی است   ريزهٔ زين خوان احسان يافته است
قطرةٔ از دجلهٔ احسان اوست   آنچه ابرولجّه وكان يافته است
ازوجودش شد عدم احسان پذيرئەروز ظهورش دهر امكان يافته استھ

و   يد   ى

www.pertwk.com

مۆمی ئـەو شـوێنە پاکـە بـە نـووری پـاکی دادەگیرسـێت, وکەسـێك پەپوولە ئاسا, بێ پەروا خۆی بەمۆمە تواوەکەدا دەدات و دەسووتێت , ولەبـەر ئـەوەی تینـووی خواسـتێکی راسـتەقینەیەو ئەگـەر دەم بەهەزاردەریاوە بنێت , هەر دەڵێت: هل من مزید ؟

وبەهـەر کەسـێك بگـات پرسـیاری ئـەو قـەڵمڕەوە بـێ کـەنارەی لێدەکات.

نەحسنش غایتی دارد نەسعدی راسخن پایان بمیرد تشنە مستسقی ودریا همچنان باقی

ناگەهان سەودای ئەوەی دەستی پاڕانەوەو داخوازی بگەیەنێتە دڵدارێك و لـەخۆی و خۆویستی دوور کەوێتـەوەو بخرێتە نێـو نـاخی دڵی خۆیەوە :

پـیر رابگـزین کـەبیپیراین سفـر	هست بس پـرآفت وخـوف وخطـر
آن رهـی کـە بـارها تـو رفـتەیی	بیقـلاو وزانـدران آشـفتەیی
پس رهـی راکـە ندیدستی تـو هیچ	هـین مـروتنها زرهبر سر مپیچ
غـولت ازره افـکند اندر گزند	ازتـو زیرك تـر دراین رەبس بـدند
صـد هـزاران سـالە راه ازجـادە دور	بـردشانو کردشـان او ببرعـور
اسـتخوان هـاشان بـبین ومویشـان	عبرتـی گـیرو مـران خـرسویشان
گـردن خـرگیرو سـوی راه کـش	سـوی رهبانـان ورە دانـان خـوش

دشمـن راهسـت خـرمست وعلـفارەای بساخـربندە راکـردە تلـفی,

لەهەر زانایەکدا بە دوای پیرێکی کامڵو ڕێبەرێکدا دەگەڕا :

چـون کسـی گـم کـردە باشـد کالـەیی	مـی دود چـون نقطـۀ جوّالـەیی
هـر طـرف پرسـان وجویـان دربـدر	بـی محـابـا درطلـب بـی پاوسـر
هـرکسی اورانشـانی مـی دهـد	گـوش سـوی هـر بیـانی مـی دهـد
تـاکجا آن گـم شـدە آیـد بکـفەگێگشتـە دل تـیر تمنّـی راهـدفی	

مەدینەدا بووم و لە ناخداو بە ڕواڵەت لە دانیشتوانو حاجیانی ئەو شوێنە پاکە داوای ئامۆژگاریو پەندم دەکرد . لەگەڵ کەسێکدا کە خەڵکی یەمەن بوو, پیاوێکی نورانی و خێرو بەرەکەت لە ناوچەوانی دەباری , ئاشنابووم , وەکو نەزانێك کە پرسیار لە پیاوێکی زاناو کامڵ بکات , داوای ئامۆژگاریم لێکرد و سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێو ڕەسمی مامەڵکردن, داوای ڕێنموونیم لێکرد و ئەویش وەکو پیرێك ئامۆژگاریی پێویستی کردم کە چۆن لەو شوێنە پیرۆزەدا رەفتار بکەم . هەروەکو بڵێی لە ناخی دڵمدا , مۆمێکی لەدەرك و رازو هێماکاندا هەڵکرد ویەکێك لە ئامۆژگارییە ڕێزدارەکانی ئەوەبوو کە هەر گەیشتمە شاری مەدینەو بەدیداری ئەو شوێنە پیرۆزە شاد دەبم , لەگەڵ ئەوانەی تەواف دەکەنو ئەوانەی کە ناکامن و لەگەڵ حاجییەکانی ئەو مەڵبەندەدا , ڕەخنەگر نەبمو, ئەگەر بینیم کەسێك بە پێچەوانەی شەرعەوە جوڵایەوە , ئەو ڕەفتارە بێفەڕ نەزانمو بەلەخۆبوردنەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم, چونکە فەرمانڕەوایانی جیهانی ئیمکان لەو شوێنەدا , دەبێ زانستی خۆی بەهیچ بزانێت, چونکە هەر وتەیەك کاتی خۆی و هەر تێبینیەك شوێن خۆی هەیە .

www.pertwk.com

لەبەر ئەوەی بە دیداری کەعبەی پیرۆز شادبووم و دەستم بەر ئەو گەوهەرکەوت, رۆژی هەینی رووی نیازم کردە کەعبەو (دلائل الخیرات)م دەخوێند ولەدەرکەوتنی مەزنی و شکۆمەندیی حەزرەتی حەق , سەرم سورما, لەپڕ پیاوێکی ریش سپی کە جلو بەرگی خەڵکی رەشۆکی لەبەردا بوو , بینیم کەپشتی کردبووە کەعبەو بەرامبەر بەمن وەستابوو , لە ناچارییەوە دەریای غیرەتم کەوتە جۆش و خرۆش , موسا ئاسا ئامۆژگارییەکانی ئەو پیرە یەمەنییەم فەرامۆش کرد کەوەکو خۆر وابوو , و(لقد جئت شیئا نکرا)م بەبیردا هێنایەوەو رووی دڵم لەو بێ ئەدەبیەی کەبینیبووم وەرگێڕا . ولەبەر ئەوەی ئەو پیاوچاکە یەکێك لە ئەولیا بوو, لە یادەوەری من بەئاگا بوو . لە رووی گلەییەوە پێی راگەیاندم کە : فلانی ! مەگەر هێندەش نازانیت کە حورمەتی پیاوی بڕوادار بە لای خوداوەندی گەورەو پیرۆزەوە , لە حورمەتی حەرەم بەرزترو شەرەفی دڵداران لە شەرەفی کەعبە باڵاترە :

دل بدست آور کە حجّ اکبر است   از هزاران کعبە یك دل بهتراست
کـــــعبە بنیـــاد خلیل آذراست   دل نظرگـــــاه جلیل اکبر است

کەواتە, لەم مامەڵەیەدا, بۆچی لەگەڵ من ئینکاریت کردو ئامۆژگارییەکانی ئەو پیرە یەمەنییە کە لەشاری مەدینە, لەم بارەوە ئاراستەی کردی, فەرامۆشت کردو دەرگای رەخنەت ئاوەڵاکرد .

دوای ئەوەی مەولانا ئەو کەرامەتەی لەو پیاوچاکە بینی , بەناچارییەوەو بەراستگۆیی و نیازو پارانەوە , رووی کردە ئەو زاتەو گوتی : ئەی گەوهەری پلەی ویلایەت و ئەی هەوری بورجی دیرایەت,

دەزانم تۆ یەکێکی لە پیاو چاکان و ئاگاداری رازەکانی خوداوەندی , یەکەم: بەهۆی ئەو بێ ئەدەبییەوە کەکردم بمبوورە , ودووەم :منی وێڵ بەرەو رزگاریی رێنموێن و بکە, ماوەیەکە جۆش و خرۆشێك لە یادمدا سەری هەڵداوە, ئارەزووی خۆ بەستنەوە بە کەسێکی وەکو تۆ دەکەم , ئەگەر بەلوتفی خۆت پەسەندم بکەیت وئەگەر قوفڵی دەرگا داخراوەکانم بەکلیلی هیمەت بکەیتەوە , ئەوا چاکەم لەگەڵدا دەکەیت . ئەو پیاو چاکو پاکە کە بەئاگا بوو لەرازەکانی سەرەتاو ئاکام, لە وەڵامی ئەو شابازەدا فەرمووی و گەوهەری رازی بەم جۆرە دیارییەکە عاشقی سەرگەردان و ئەی پەروانەی دەوری مۆمی پیرۆز , بەهرەی تۆ وەکو شابازێکە کەلەتوانای هەر قاژێکدا نییەو هەر گوڵزارێك شایستەی پەروەردەکردنی تۆ نییە , شوێنی نیشتەجێبوونی تۆ بازووی شەهریارێکی ترە و تۆ شایستەی گوڵزارێکی تری .

ساعدشە مسکن این باز باد   تا ابد برخلق این درباز باد

وئەم مژدەیە بەتۆ دەدەم چونکە لەم گەشتەتدا, بەباشترین کاریگەرییدا چوویتەوەو قەڵەمرەوی خۆتت بەبەرەکەتی ئەم سەردانەت پیرۆز کرد, ئەوسا :

بـــوی جانی سوی جانت میرسد   بـوی یار مهربانت میرسد
قاصدی فرخندە پی از طرف حی   آید وزآنجا نشانت میرسـد

www.pertwk.com

مەولانا ئەو شۆرە سوارەی مەیدانی زانستو عیرفانو سەرفرازی و ترۆپکی پاکیو بڕوا , گەه بەهۆی ماڵئاوایی لە مەزاری پاکی پێغەمبەر, دڵتەنگو گەه لە خۆشیی گەیشتن بە کەعبەی پیرۆز شاد بوو :

فتادەام بمیان دو دلبرو خجلم   کەدل بمهر کەبندم دراین میان دودلم

بە دڵێکی پڕ لەشەوقو ئارەزووەوە , مەولانا بەرەو مەککە بەڕێکەوتو ئەو کۆترە, بەدەوری کەعبەدا تەوافی کرد, گەه بەشەوقو زەوقی ئەو پێگەیە, وەکو پابەندێکی مەستو گەه وەکو عاشق سۆزی دەکرد, گەه لە هەوڵی ماچکردنی بەردەڕەش (الحجر الاسود)دا دڵی لێیدەداو گەه بەهۆی مەستبوون بە چوار پایەکە لە جۆشو خرۆشو ناڵەدا بوو , لەهەوڵی مەروە, ژیانی بەدڵی مردوو بەخشراو لە هەوڵی سەفا, سەفای بەگیانی پەژموردە بەخشی . لەمەرمادا , دێوی نەفسی سەنگەسار کرد . لەعەرەفات رووی لە عرفانی جودایی کرد. پرسیاری لەگەڵ راستی کەعبەی پیرۆزدا , هەمووی دەرخستنی لاوازیی و بێتوانایی و پاڕانەوەو لەخۆبوونەوەو نیاز بوو, لە وەڵامی کەرەمو میهرەبانیو دڵدانەوەو بەخشینو بەرزکردنەوە بوو .

لە سەرێکەوە گریانو ئەشکبارانو لە سەرێکەوە دڵدانەوەو غەمگینی .

بردر آمد بندهٔ بگریخته   آبروی خود بعصیان ریخته
مغفرت دارد امید ازلطف تو   زانکه خود فرمودەیی لا تقنطوا

* * * *

رو درصف بندگان ماباش ومترس   خاك دراستان ماباش ومترس
عالم همەگر قصد بجان توكنند   دل دارقوی ازان ماباش ومترس

دواتر بەکاری چاکەو هەوڵی سوپاسکراو وگوناهی بەخشراو , دووبارە پەنای بە رەحمەتی خودا بردو رێگەی شاری مەدینەی گرتە بەر , ولەم ماوەیەدا, بەدەم سۆزو گریەو ناڵینەوە, ئەم چەند دێرە شیعرەی هۆنیوەتەوە :

واحسرتا جدا شدم ازخانه خدا   از غصّهٔ وقت گشت شود جان زتن جدا
مارانبود خواهش رفتن زكوی دوست   امّاچو امر اوست زسر میکنیم پا
اهل صفا بداغ غم مروه مردەاند   من شاد چون زیم كه شدم دوراز صفا
حجر ومقام وزمزم واركان ملتزم   گویند بازگرد كجا میروی كجا
دامان دل گرفته كشندم كشان كشان   حنّانه روضه منبر ومحراب مصطفی
از اشتیاق یثرب ودرد فراق بیت   گاهی است دل فتاده میان دوكهربا
خالد چو دوست درهمه جاجلوه گربود   پس غم مخور زخانهٔ او گرشدی جدا

ولەبەر ئەوەی ئەو گەشتیارەی پەرچەمی مەعریفەو دەركو ئەو مەلەوانەی دەریای بەختەوەری و رێنموونی , دوای ئەوەی کە ئەسپی هیمەتی خۆی لە مەیدانی بەرەکەتدا تاودا , بەوەی کە :

رشتهٔ درگردنم افكنده دوست   می كشدهرجا كه خاطر خواه اوست

www.pertwk.com

ماڵ بەماڵ مات وسەرگەردان و ئاڵۆزو لەرزۆك و سووتاوی عیشقی حەزرەتی دۆست لەچەقی سینەیدا, كڵپەی ئاگر بەرز دەبێتەوە, زماندا هات :

ای جلوەگاه ایزد دار الوداع ای قبلەگاه احمد مختار الوداع
ای شافع گروەگنە كار روز حشر وی دافع شكوە ستمكار الوداع
ای آشیان طایر ارواح اصفیا وی آستان حضرت دلدار الوداع
ای مطلع كواكب انوار ایزدی وی منبع لطایف اسرار الوداع
خالد چە دیر آمدی وزود میروی
باشادی كم و غم بسیار الوداع

وەكو ئەوانەی بە كۆتایی دەگەن و دوای بڕینی ئاوەدانییەكانی ئاسۆیی و تەیكردنی پێگەو شوێنەكان و ئەركی گەشت بەرەوخوداو لە خودادا , خۆیان دەگەیەننە ئەڵقەی دۆستان لە كەعبە :

رو در آگم شو وصال اینست وبس تومهان اصلا كمال اینست وبس

لە خومخانەی یەكتابوون و چێژی شەرابی فەنای بەچێژو ڕەتكردنەوەی بوونی پێیان چێشتووە , بەگەڕانەوەو گەڕان بەدوای خودا و بەخودا, بەمەبەستی بانگێشتی پەیڕەوی جیهانی ئیمكان و ئاوەلاكردنی داوی ئارەزووە جەستەییەكان دەیانگێڕنەوە :

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

بەهۆی دووركەوتنەوەی كۆتر , لەناڵەو شیندا , وگەه لەخۆشی خاكی پاكی ڕەوزە لەشادیدایە, تیری غەم گیانی پێكاوە, ئەم دێڕانەی بەسەر

تاكنون فرمان پذیرفتی زشاه بعد ازاین فرمان رسانی برسپاه

دەستی ئەجەل ڕەشمەی ئەسپی سەركەشی تەگبیری رادەكێشێت و دەیگێڕێتەوەو سەر لەنوێ شنەبای ڕەحمان بۆنی غەیبی خۆی بەسەر هەوادارانی شاری سلێمانیدا دەبارێنێت . لە خۆشی هاتنەوەی , گۆشە گیرانی چاو لەڕێ, دەهۆڵی شادی لێدەدەن و دەڵێن : الحمدالله الذي اذهب عنّا الحزن , سوپاس بۆ خودا كە غەمو پەژارەی لەسەر لا... با...

انصاف بده ای فلك مینا فام زین هردو كدام خوبتر كرد خرام
لەخورشید جهان گردتو از جانب صبح یاماه دل افروز من از جانب شام

باڵندەی خولیای پێشوازیكەران, وەكو قومری لەدەشت و بیاباندا

دەجان باستقبال جانان میرود یێرتشنە سوی آب حیوان میرود
ئەوز فراقش صبر كردن كی توان جسم اگر باز ایستد جان میرود
تازكف وامان یارم شد برون خونم از مژگان بدامان میرود

www.pertwk.com

پێشوازیکەران وەکو بولبولان دەیانخوێند و مژدەی هاتنەوەی مەولانای کانزای عیرفانیان دەدا بە گوێی هەمواندا , ولەبەر ئەوەی مایەی ژیانی جیهان گەیشتبۆوە شاری سلێمانی , هەر وەکو بڵێی سەر لەنوێ گیان بەبەری خەڵکی ئەو دەڤەرەدا کرابۆوە , تاوەکو هەر کەسەو بەپێی توانایی و تاقەتی خۆی لەوسەرچاوەی عیرفانە , تینویەتی خۆی بشکێنێت .ودانیشتوانی ئەو دەڤەرە لە زانایان و فەرمانڕەوایان و پیاو چاکان و گەورەپیاوانی, کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو گەنجینەی ڕازو نیازەوە, شیری ویستی خۆیان بەشەکری خۆشبەختی ئەو زاتە شیرین کرد . ماوەی نزیکەی (2)ساڵ بەم شێوەیە, بەوانەوتنەوەو حەلکردنی مەنتوق و مەفهوم سەرقاڵ بوو, وگەورە پیاوانی ئەو دەڤەرە , بەپێی ئەم دێڕە شیعرە , دانیان بەگەورەیی ئەو زاتەدا دەنا :

بلبلی زینجا برفت و باز گشت بهر صید این معانی باز گشت

ئەگەرچی ئەو خۆرەی فەلەکی ئامادەگی و بەهرەداری و خۆری ئاسمانی شەرەف و خۆشبەختی , لەو پەڕی شکۆمەندی و ئیعتباردا بووەو , لەهونەرکاری زانست و بەرزیدا, وەکو خۆری گەرمەی نیوەڕۆ ڕوون و ئاشکرا بوو, زانایان و پیاو چاکانی ئەو دەڤەرە , بە نهێنی و بە ڕاشکاوی, باس و ستایشی مەولانایان دەکردو خولیای ئەو بوون و فەرمانڕەوایان و کار بەدەستان , فەرمانەکانی ئەویان وەکو گوارە [illegible]

کی بود یارب کە دل فارغ زدرد انتظار قاصد یار آید وآرد بمن پیغام یار

جان دهم درمژدگانی دل سپارم پیشکش روحم سوی دیار یار خود دیوانه وار

بەدیهاتنی ئەو بەڵێنە کە پۆستەچی ڕەبانی لە کەعبەی پیرۆزدا , مژدەی پێدابوو :

تا ئەوەی لەساڵی 1224 دا, لەپڕ مژدەهێنەری شادی و پیاوێکی نورانی و سیما کراوە, ئەمیرێك لە سیپاڵی پیاوێکی هەژارداو زانایەکی بیناو ئاگا وەکو مانگێك لە پەردەی هەوردا , دەروێشێك بە ناوی محەمەد , لەلایەن شای پایەبەرزو شکۆی ئایین و پەنای شەریعەت و هێزو بازووی تەریقەت , گەیشت :

قطب حق غوث الوری قیّوم دین شاهباز مسند حق الیقین

شاه عبدالله شاه دهلوی آنکەگلزار حقیقت راتوی

آفتاب مشرق عزّو شرف تیر اورا جان مشتاقان هدف

بشمع جمع اولیاو اصفیا نور او کاشانۀ دل راضیا

گرنویسم نعت آن صدر کرام صد قیامت بگذرد وآن ناتمام

خودا رازداری بکات و لە چاکەی بێبەریمان نەکات تارۆژی قیامەت, ڕووی لە شاری سلێمانی کردووە و ئەختەری خۆشبەختی کە گوزارشت لە خۆری ئاسمانی ویلایەت دەکات و بیرەوەریی هەڵهاتنی دیمەنی حەزرەتی مەولانای ئێمە, خودا رازداری بکات, لەوێوە کە ئاوێتە بوونی ڕوحانی لەگەڵ سەرکاروانی ڕازو ماناکاندا هەبووەو بەحوکمی ئەوەی جوتیاری قەزا, تۆوی هۆگریی لە کێڵگەی دڵدا چاندووە, بەناچارییەوە بە گەیشتنی ئەو دۆستە ئازیزەو شنەی

www.pertwk.com

بای ئەو پۆستەچییە ڕۆحانییە, وەکو خونچە گەشایەوەو دیدەی دڵی پڕ لەنور بوو , وبۆنو بەرامە شامی داگرت . بولبولی میسال بەئومێدی دیدار, ناوەڕۆکی ئەم چەند دێرە شیعرەی , بەدەم سۆزکردنەوە دەگوتەوە:

بوی جان است زجانان کەبمن مـی آید　　یانسیمی است زصحرای خاتن می آید
یانەاینست ونەآن این نفس رحمانی است　　کـــــەبمن بی دهن ازطرف یمن می‌آید
نفس قـــاصد یاراست دراین مرزودیا　　که چنین بوی خوش ازسوی چمن می‌آید

دوای چێژ وەرگرتن لەشەربەتی ئەو دۆستی گیانانە, وبۆنکردنی بۆنی هۆگریی ئەو پۆستەبەری مژدەی ڕۆحانی , لەبەر ئەوەی ئەونیشانەو هێمایانەی کە ئاگابەرزەکان و وەرگێڕی چاودێریی ڕێنموونی خوداوەندیی رایگەیاندو ئاوێنەی ڕوومەتی ئەو دەروێشە کەوتە ڕوو, دووبارە خولیای گەشت بەرەو هیندستان بوو :

بلبل جان یاد هندستان فتاد　　بلبل دل را غم بستان فتاد
درنیستان وجــــودش آتشی　　درفتاد وباز دردستان فتاد

بەناچارییەوە, بەلەخۆبوونەوەو خۆبەگەورەنەزانینەوە, ڕووی کردە ئەو دەروێشە بیر پاکو قسەخۆشو قسە زانە, بەسۆزەوە, ناوەڕۆکی ئەم دوودێرە شیعرەی گوت :

مرحبا یا مجتبی یامنتقی　　ازکجا می آئی ای شیرین لقا

یافرشتۀ آسمانی یـاپری　　کاینچنین زیباو نیکو نظری

دەروێشی قسە شیرینیش لە وەڵامی ئەو عاشقە بەئەزموونەدا, ئەم شیعرەی بەسەر زماندا هات :

طوطی هندوستانم بلبلی زان بوستانم　　من یکی ازدوستانم نیستم بیگانهٔ تو
عاشقو رند وخرابم دردمند ودل کبابم　　گشته دل پرخون وتابم ازغم جانانهٔ تو

لەبەر ئەوەی مەولانای عاشق, دەروێشی پڕنیاز و جۆشو خرۆشی بەرازداری خۆی زانی, بولبولی دڵی کەوتە جۆشو فەرمووی :

گفت درجــــــانم فتادە آتشی　　عشق شوخی لاابالی سرکشی
سالــــــها افتادەام دردام او　　طــــرفەتر اینکە ندانم نام او
گشتەچون پروانە ناپروای او　　ـــن ندانم مسکن وماوای او

دەروێشی مژدەهێنەر هەرکەئەو چەند دێرە شیعرەی لەو شەیدا دڵە بیست, بەڕووی مژدەو مزگێنییەوە , ئاماژەی بەکەعبەی مەبەستی کرد :

ای رند شە بخـانۀعشق　　ای دل شدۀ ترانۀ عشق
من نام نگار مهوشـت را　　داروی دل بـــلاکشت را
میدانم ولیکنم اشـــارت　　خواهم زتو مژدۀ بشارت

ئەو شابازە بەرزە فرە کەتۆ نێچیری ئەوی , وئەو شەهریارەی پاڵپشتی توانایانە, کە خولیای دیداری ئەوی, شایەکە کەویلایەتی

www.pertwk.com

(وەلی) هندستان پاڵپشتی شکۆمەندییەتی,ومانگێکە کە هەڵهاتنی زێباییوجەمالی لەو دەڤەرەدایە :

نام أن شهباز اوج لامكان　　شاه عبدالله ماه برج جـان

شد ارم شهرجان آباد ازو　　بلكه ملك اين جهاد آباد ازو

گرپیپوندی بشاه دهلوی　　مـــــــزرع امید تویابد نوی

وفەرمووی منیش هێمایەکی وەکو مزگێنیم بەرگوێ کەوت, بەوەی کەسێکی وەکو تۆ دەگات لە داخوازیی بریسکەی ئەستێرەیەك لە کەندەڵانی ئەیمەندا, لەو درەختە پاك و پیرۆزە , وتا ئێستا کەسێکم بەو جوانیو سیفەتانەوە نەدیوە, تۆ نەبێت :

اگر بامن بیائی شاه گردی　　كنون گر اخترستی ماه گردی

ئەگەر دەست بدەیتە ئەم کارە مەترسیدارە , ئەوا من ئەرکی خزمەتکردنت لە ئەستۆ دەگرم لەو ڕێگەیەدا و بەدڵو بە گیان لە خزمەتتدا دەبم :

هین بیا بامن کـه اقبالت رسید　　مـــــــوسم انجام آمالت رسید

شاه از بهرتو بنهاداست خوان　　مطرب وبزم ومغنّی بذله خوان

محمل رحلت ببندای ساربان كز شوق يار　　میكشدهردم برويم قطرەهای خـون قطار

زودتـر آهـنگ رەكـن كـآرزروی اومـرا　　بردەاست از دیدەخواب , ازسینه صبر از دل قرار

کردە, دەمنزل یکی یاسرنهم در راەدوست　　ولّزا یـاکشم دردیدە خاك آستانش سرمەداری

، جە ی

بوو, بۆنی بەهەشتی ڕۆحی لەوپۆستەبەرەی خۆی بەمزگێنی وەرگرتبوو ودیدەی دڵی ڕۆشن کردبوو, بیٚمەی دڵی کەوتبووە لێدان و ناوەرۆکی ئەم سروودەی, بە شێوەیەکی عاشقانە دەگوتەوە :

بەناچارییەوە پشتێنی هیممەتی بەستو بەسەرباری شەوق و سۆزەوە دانیشت و لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئیجتیهادو سامانو شایستەییو توانایيو لێهاتووییدا, بووبەهاودەمی کاروانی سۆزو هۆرەو نیازو گریانو ناڵە, لەگەڵ دەروێشی خۆشبەختیدا , بەرەو هندستان بەڕێ کەوت وسەروەتو سامانو پایەو پۆستی وەلاوەناو ئازادو ڕەهاو تەنیاو دوور لە خزمو ئاشناو بیگانە, وبەم سروودە بەنیازەوە , تیری دەنا بە لۆمەی خزمو بێگانەوە :

خسته جانم سوی جـانـان میروم　　دردمـــندم سوی درمـان میروم

خون فشان دامن كشان دیوانه وار　　گـــاه گریان گاه خندان میروم

بر خمارم , شیرو مستم سرخوشم　　پای كوبان دست افشان میروم

پیش شمعی میروم پـروانـــەوش　　بلبلـــم سوی گـلستان میروم

همچومرغی کـــز قفس آزاد شد　　یـــاچـو طفلی ازدبستان میروم

قصّەکوتە یوسف گـــم گشته ام　　بــــاز سوی پیر کنعان میروم

www.pertwk.com

مەولانای شەیدای عیشقی خودایی و ئەو پاشای بێسوپایە , ئەو شابازە بەرزە فڕە, تاکو تەنیا و بێ هاوتایە بە هەژاری و بەتەنیایی رووی لە هندستان کرد, لە ساڵی 1224و بەپشت و پەنای خوداوە رووی لە ئازەربایجان کرد .

(دوای دوولاپەڕە, کە نووسینەکانیان کاڵ بۆتەوە , دەڵێت): خۆم گەیاندە زیارەتی مەزاری پاکی حەزرەتی ئیمامی پیاو چاکان و سوڵتانی عارفان و پازەی گەیشتووەکان و زوبدەی عاشقان و راگری

.یارب بحق تربت سلطان بایزید — یارب بقاطعیت برهان بایزید
یارب بآشیانهٔ شهباز لامکان — یعنی بقرب ومنزلت جان بایزید
یارب بحق وسعت آن مشرب کریم — یارب بەتشنگی فراوان بایزید
یارب بنور سینهٔ آن پیرنیك بخت — یارب بنور مشعل ایمان بایزید
یارب به هردوسلسله ازحضرت رسول — تاجعفر از اعاظم پیران بایزید
از حضرت غلامعلی تا ببو الحسن — یکیك بحق جمله مریدان بایزید
بر خالد شکستهٔ بیچارهٔ غریب — بگشادری زمخزن عرفان بایزید
اورابجود رسان وزخودبینیش رهان ، باکوهم شود یکی زغلامان بایزید,)

شادبۆتەوە, ولەکاتی زیارەتی ئەو مەزارەدا , ئەم قەسیدە (موناجات)ەی هۆنیوەتەوە :

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

دواتر بەرەو نەیشاپوور و قوقان و سەمغان بەرێ کەوت و سەبارەت بە ئەولیا پێشینەکان کەلەو شوێنانەدا بەخاك سپێردرابوون(خوداوەند نهێنییەکانیان بپارێزێت)ئاوێنەی دڵی خۆی لەهەر دڵتەنگییەك پاك دەکردەوە, تاگەیشتە توس (مەشهەد)کەمەزاری ئیمام رەزای تێدایە :

شهریار مسند قرب و رضا — نور چشم مصطفی ومرتضی

دوای زیارەتی مەزاری پاکی ئەو زاتە ئاگایە, قەسیدەیەکی هۆنیوەتەوە سەبارەت بەو خۆری رۆژهەڵاتی ویلایەتە(کەپێشتر چەند دێڕێکمان لەو شیعرەی تۆمار کردووە) .لەوێشەوە بەرێ کەوتووەو ئاوەدانی و بیابانی بڕیوەو لە مردوان و زیندوانی ئەو دەڤەرە , لەهەر گۆزەیەك قومێکی نۆشیوە .دەگێڕنەوە کە لەیەکێك لەشارەکانی خۆراساندا , لە کۆڕێکدا کە وەکو پەروانە لە دەوری ئەو شەمعە کۆببونەوە , وەکو خوویەکی خۆی پرسیویەتی : ئایا لەم شارەی ئێوەدا , زانایان پیاو چاکێك کە بەزانست و کاری چاکە ناسراوبێت دەست دەکەوێت ؟ تاوەکو چەند ساتێك بەوتەی بەنرخی, ژەنگ و تەڵخی ئاوێنەی دڵمان رابماڵێن و بەشنەی هۆگریی و هاودەمیی ئەو, خونچەی بیرەوەرییەکانمان شکۆفە بکات . ناوی پیاوێکیان بردو سیفەتە باشەکانیان ژمارد . حەزرەتی مەولاناش رووی کردۆتە دەروێشە هاودەمەکەی و فەرموویەتی : تۆ چی دەڵێیت ؟ بۆ خزمەتی بڕۆین یان داوای خۆمان نەکەین بەئەرك بەسەریەوەو کاتی نەگرین ؟

www.pertwk.com

لەوێوە کەدەروێش ترسی ئەوەی هەبوو مەبادا ئەو کەسە, کاریگەریی هەبێت و سەرنجی مەولانا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت , بەپێی ئەم دێڕە شیعرە کە :

غیرتم برتۆ چنانست اگردست دهد　　نگذارم کە درآئی بخیال دیگری

حەزی نەدەکرد چاوی بەکەسێکی وەها بکەوێت کە نەخواستە دڵی بگۆڕێت . لەوەڵامی گەوهەری نایابدا گوتی: تۆ خۆت کەپاشای مەملەکەتی زانستو مەعریفەی , چ پێویستت بەوەیە لەگەڵ سواڵکەرێکی بێ سەرو پێدا, گفتو گۆ بکەیت.

لەرێگەماندا بەرەو هەرات, تووشی پیاو چاکێك بووین, بەدەم رێگەوە لێم پرسی :

کە پاکیزە گو ای‌هراز کجائی　　کەدارای این همه گوهر فشانی

گوتی نامۆیەکم خەڵکی هەرات, زیارەتیماڵی خوداو مەزاری پێغەمبەرم کردو بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆم , ئاوەدانی وبیابانی زۆرم تەی‌کرد , تا گەیشتومەتە ئێرە . بولبولی دڵم ئارەزووی فڕینی بەرەو گوڵزاری نیشتمانە. وقومری شەوقم بۆ ئەو ناوچەیە دەخوێنێت ,ساڵەهای ساڵە ئارەزووی ئەوەم بووەو تۆوی ئەو ئارەزووەم لە کێڵگەی سینگمدا چاندووە کە لەمرواریەکانی دیوانی حەزرەتی ئیمام مەولانای پایەبەرز زیائولحەق شێخ خالید (خودا ڕازی بپارێزێت) مرواریەکم دەست کەوتووە کە کردم بە هاودەمی رێگای دوورم , کە دەگەمە زێدی خۆم بەو مرواریە لەگەڵ دۆستانمدا

دەیخوێنینەوە, ئەگەر دەتوانیت یەك دوو سەعات نوسخەیەك لە دیوانەکەیم بدەیتێ, مەمنونت دەبم. بەندەش لەو کەسەم پرسی : راستی , تۆ مەولانا چۆن دەناسی؟ ئەو پیاوە بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

زچشم من بپرس احوال گردون　　کەشب تاروز اخترمی‌شمارم

دانیشتوانی ئەم دەڤەرە, بەهای ئەو گەوهەری دەریای مانایە نازانن, هەر وەکو دەڵێن :

هرکس ازظن خودشد یارمن　　از درون من نجست اسرار من

زۆرینە سەبارەت بەگەورەیی ئەو لەوەهم و گوماندان, سوپاسگوزارانی ئەو زاتە لەشاری هەرات, بەرۆژو بەشەو , هەردەم ناویان لەسەر زارە, بەتایبەتی زانایان و گەورەپیاوانی ئەو دەڤەرە, بوون بە بولبولی ئەو گوڵزاری عیرفانە, چونکە قومری دڵبەندی ئەو مەڵبەندەی بڕواو هەستن :

قصّە کوتە مهررا هر ذرّە نبود مشتری　　قدر زر زرگرشناسد قدر جوهر جوهری

شێوازێك کە بەلای زانایانی ئەو سەردەمەی هەراتەوە باوبوو, ئەوەبوو کەبەڕۆژ لە مزگەوتی گەورەی شار کۆڕیان دەبەستو , هەریەکە لە هونەروەرانی زانست, بەرامبەر بەهاوکاری خۆی دەستی

www.pertwk.com

دەكرد بە گفتو گۆو مشتومڕ, رۆژێكیان كە كۆڕمان گەرم بوو, لەپڕ بینیمان :

نیك مردی فاضلی پر مایەای　　آفتابی درمیان سایــەای
بلكـــه مهری دردرون ذرّەای　　شیر نر درپوستین برّەای

ئەو پایە بەرزە هاتە رێزی كۆڕی زانایانەوەو هەر بەگەیشتنی , كۆڕەكـــە وەرچــەرخانێكی بـــەخۆوە بینـــی : دوای ســلاو كــردن و بەشێوازی گەورەپیاوان, سلاوكردن دوایی قسەكردن . قەدو بالای بەرزی بەرامبەر بەخاكی زەوی چەوتایەوەو لەریزی دواوەی ئەڵقەی دانیشتوان, بەرێزەوە دانیشتن :

بود درسیماش فرّ سروری　　خوش فروزن همچو ماه ومشتری

لەهەیبەتی سیمای مەولانا, كۆڕەكە سام گرتی , هەركەسەو لە شوێنی خۆیدا بەجوانی و شكۆمەندیی ئەو زاتەدا ئەبلەق بوو, دوای وەلامی سلاو وپێشوازییكردن, هەموو بەپێی ناوەڕۆكی ئەم دوو دێرە شیعرە, پرسیاریان ئاراستە كرد :

توای لۆلۆی لالا ازچـــه بحـری　　تـــوای پاكیزە گوهر ازچەكانی
چنین خوش صورت وشیرین شمایل　　تـو خضری یافرشتهٔ آسمانی

گوتی, پیاوێكی نامۆی دەڤەری عیراق و ڕۆمەو رێگەم كەتۆتە ئەم ناوچەیەو وێڵی ئەو رزقەم كەلەناوچەوانمدا نووسراوە,پرسییان ئایا

لەزانستدا بەهرەمەندی, گوتی: كەمتازۆر, پرسییان لە چ بوارێكدا شارەزایت, گوتی لەهەر بوارێكدا بەپێی توانایی خۆم. لە نەحووسەرف وماناو بەیان, پرسییان, وەلامی دانەوە, هەندێ لەبواری مەنتیق و ئاداب و كەلامو حیكمەت , پرسیارییان كرد وەلامی دانەوە , هەندێ لە ئوسولی فیقە و ئوسولی ئایین پرسیاریان كرد وەلامیدانەوەو گوتی: كەمتر لە بواری حیساب و هەیئەت و زانستەكانی بیركاری. دواتر كە دەركەوت لەهەر بوارێكدا و لەهەر زانستێكدا كارامەیە, كۆمەكی لە : (من لدن حكیم علیم) وەردەگرت :

طرفه نهریست پراز آب علوم　　بلكه بحریست لبالب زحكم

بۆیە بەرێزەوە پێشوازییان لێكرد و بەلەخۆبوونەوە , هەركەسە بەشادییەوە ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتكردنی رادەگەیاندو بەم سرووده بە شانو باڵیدا هەڵیان دەدا :

ای لقای تو جــــواب سؤال　　مشكل از توحل شود بی قیل وقال

بەلام سفرەی وتوویژ دەپێچرایەوەو لەشەپۆلە خرۆشانەكانی مەعریفە , لەگەڵ دەركەوتنی تیشكی هەتاو, سوپای ئەستێرەكان جگە لەبەر چاو ون بوون, چارەیەكی تریان نەدەبوو:

گفتن بر خورشید كەمن چشمهٔ نورم　　دانند بزرگان كە سزاوار سها نیست

هەر گرێ و گرفتێكیان هەبوو لە ڕێگەی مەولانا , سەرپەرشتیاری كۆڕی زانست و عیرفانەوە, چارەسەر كران و بەپلەی ڕوونكردنەوە

www.pertwk.com

گەیشتن, بەو جۆرە بۆ ماوەی چەند رۆژێك ئەو, کەرنەڤاڵی شاری هەراتی بەنوری خۆی روناك کردەوەو دواتر بەمەبەستی ماڵئاوایی خۆی ئامادە کردو زانایان و گەورەپیاوانی هەرات, تاچەند میلێك ئەو زاتەیان بەرەو شاری قەندەهار بەڕێ کرد.

بسکه مافاتحهٔ وحرزیمانی خواندیم   درپیش سورهٔ اخلاص دمیدیم وبرفت

وهەر لەو رۆژەوە, بولبولی دڵی ئەو زاتە پڕ لەنیازەو بەڵکو تەواوی دانیشتوانی هەرات , لەشنەی ئەو گوڵشەنەی رازدا , لەبزاوتدان , ئەو زاتە کەهەڵگری پەرچەمی رەهایی و ئازادی, دۆڵ بە دۆڵ رێگەی تەی دەکرد و بەشارەکانی غەزنەو کابول و قەندەهارو .. هتد دا گوزەری دەکرد. کەگەڵێ جار , بەم دێرە شیعرە لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە گفتو گۆوە :

خالد اگر نیستی دیوانهٔ صحرا نورد   توکجا وکابل وغزنین وخاك قندهار

لە زمانی ئەو زاتە موبارەکەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی , هەر کە گەیشتینە شاری قەندەهار, ولەدانیشتوانی ئەو دەڤەرەمان پرسی, سەبارەت بەرێگەی هندستان, گوتیان رێگەی پەڕینەوە بەتەواوی بەستراوەو چاو ساغ ویاوەری رێگە وکاروانی جێگەی موتمانە مەیسەر نابێت, لەقەندەهارەوە تا سەرمەرزی هندستان دوومانگ رێگەیە و مەترسی و نەخۆشی هێندە زۆرە , کە تەنیا باسکردنیشی هەستی مرۆڤ بریندار دەکات , دەبوا چاوەڕێ بکات و بەپێی (ولا تلقو

بایدیکم الی التهلکة)کار بکرێت, خۆیان نەخەنە دۆخێکی هاتو نەهاتەوە : من خۆم کلّپەیەك لە دڵمدا بوو کە بواری چاوەڕێ کردنی نەدەدام و ئامۆژگاریی شارەزایانم پشت گوێ دەخست و گوتم ئەوەی ئێوە دەیڵێن لەدەستدانی سەرە :

بەامید سرخود پای منه دررەعشق   کاندرین مرحله سرباختن اوّل قدم است

هاورێیانم واتە دەروێش محەمەد و حاجی عەبدورەحمانیش گوتیان , ئەوەزی ئەو دۆڵە خوێنخوارەمان نییە, دان بەخۆتدا بگرە, بەڵکو بەخواستی خودا رێگەیەك پەیدا ببێت و بەبێوەی رەتبین .

نهی لاتلقو بایدی راز قرآن گوش دار   رفتن این وادی خون خوار درخاطر میار

منیش لە وەڵامیاندا دەمگوت :

ای حریفان من سمندر واربا آتش خوشم   نسل ابراهیمم وگلزار باشد آتشم
زآتش نمرود اگر سوزان بود نبود هراس   خوی آتش برگرفتست این دل پرآتشم

بەرێکەوت لەو رۆژانەدا کاروانچییان بەرەو هند دەڕۆیشتن, منیش بڕیارم دا لەگەڵیاندا بڕۆم , ئەگەرچی هاوڕێکانم هەوڵیان دا پەشیمان ببمەوە, بەڵام رازی نەبووم, ئەو کاتە بڕی (3)هەزار قروش نەختو سێ ئەسپم هەبوو, هەموویم کرد بە(3)بەشەوە , بەشێکم بۆ خۆم

هەڵگرتو دووبەشەکەی ترم بۆ ئەوان بەجیٚهێشت , خواحافیزیم لێکردن تا لەگەڵ کاروانچییاندا بکەومەریٚو لەبەر خۆوە دەمگوت :

رشتهٔ درگردنم افکنده دوست   می کشد هرجاکه خاطر خواه اوست

بەڵام کاتیٚ هاوڕێکانم زانییان من هەر سوورم لەسەر رۆیشتنو زنجیرەی دڵبەندیم بەهێزە , وهیچ هێزێك نامگێڕێتەوە و نییە لەو دۆڵو کەندەڵانە ترسناکەدا باکی لەناوچوونم, ئەوانیش ناچار بوون رەزامەندیی خۆیان رابگەیەنن و لەگەڵمدا بکەونە ریٚ و خۆیان لەو دۆڵە خوێنخۆرە بدەن, وماوەی (40)رۆژ پشت بەخودا, لەگەڵ کاروانچییاندا درێژەمان بە رۆیشتن دا.

هەروەها لەو زاتە پاکە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی , لە دۆڵێکدا کەگەڵیٚ ترسناك بوو, من ئەسپەکەی خۆمم دەڕەتانو عارەقەی رەشو شینی دەردەداو منیش لەخۆشی گەیشتن بەشوێنی خۆم, ئاهو ناڵەم دەگەیشتە ئاسمانو جاروبار لەبەر ماندووبوون دەوەستا و ئارەزووی من ئەوەبوو, دەهەنگاو بکەم بەهەنگاوێكو هەرچی زووترە ئەو مەودایە ببڕم .ئەسپەکە بەئارەزووی ئەوەی کەساتیٚ بوەستێنو ئاهێکی بەبەردا بێتەوە, سەیرم کرد ئەسپی بەستەزمان هاتە زمانو بەزمانێکی پاراو پێی گوتم: خۆمن دوا مەخلوقی خودا نیم , بۆچی بەزەییت بەمندا نایاتەوە, ڕێگە نادەی پشوویەك بدەم, لەوەڵامیدا گوتم: بۆچی لەمن دەپرسی, لەو کەسە بپرسە کە ئاگری عیشقی

لەدڵمدا بەرپاکردووەو ئەم جۆشو خرۆشەی سۆزی لەجەستەمدا هەڵگیرساندووەو پووشو پەڵاشی ئۆقرە گرتنمی سووتاندووە[1] :

درجان وتنم فتاده شوری   افروخته در دلم تنوری
معـــــذروم اگرندارم آرام   دردام فتادەام بناکـــام
افتـــاده بگردنم نکندی   از طرّهٔ شوخ سر بلندی

وفەرمووی , لەم کاتەدا کەدڵ راراو لەدۆخێکی پەرێشاندا بوو, پووشو پەڵاشی سەبرو ئۆقرە لەناو ئاگری جۆشو خرۆشدا بوو . لەسرووشەوە ئەم مزگێنییەم بەرگویٚ کەوت, بەرادەیەك کە سەرتاپای گرتم : من لم یخرق العادة لم یخرق لە العادة . واتە ئەوەی سنووری کارە ئاساییەکان نەبەزێنێت (پەڕجو نەخوڵقێنێت), ئەو سنوورەی بۆ نابەزێنرێت.

دەگێڕنەوە کە زمانحاڵی رازی حەزرەتی حەق , دوای بڕینی هەورازو نشێوو رێگەی هاتو نەهات, گەیشتە شارۆچکەی (وارشیاور) وەکو کاری هەردەمی خۆی, چاوی بەزانایانی ئەو ناوچەیە دەکەوێتو زانایان لەرووی خۆ بەگەورەزانین و دەعیەو مشتومڕەوە, دێنەمەیدان و گفتوگۆو مشتومڕ کردن جۆش دەستێنێت ودەهۆڵی قسەو باس لێدەدەن , دووبارە ئەو قسە زانی مەعریفەیە, موسا ئاسا دەستی پاکی رەوانبێژی و پاراوی لە باخەڵی بەهرە دەردەهێنێت ,

---

1- ئەم دەستەواژە شاعیرانانە, تایبەتن بەبیری مەلاحامید, نەك بەمەولانا خالید

www.pertwk.com

تاوەکو ئەو گروپە, یەکە یەکە دان بەتوانایی و بلیمەتی ئەو زاتە دا بنێن و هەریەکە دان بەلاوازیی و ناتوانایی خۆیاندا بنێن :

بلی هرجا شود مهر آشکارا   سهارا جزنهان بودن چەیارا

لەزاری ئەو زاتەوە دەگێڕنەوە: لەشارۆچکەیەکی ولاتی هیندستاندا, چوومە خزمەتی دەروێشێك و چێژم لە شێوازی گفتوگۆی شیرینی وەرگرت وسەبارەت بەدەروون بەختی هەبوو, وتۆوی ڕێنموونی لە دڵی داواکارانی خۆشبەختیدا دەچاند, داوای لێکردم کەخۆم بەدەستی ئەو بسپێرمو بایەخ بەکارم بدات, وبڕێك لەو سەرمایە دەروونییەی خۆیم پێ بسپێرێت , ئەگەرچی دڵی من ,کەسێکی تر ڕفاندبووی وموسای رۆحم خوازیاری بریسکەی دڵێکی تر بوو, بەڵام دۆش دامام و دەروازەی دڵی خۆمم, بەرامبەر بەسەفای دەروونی کردەوە . بایەخێکی پێدام کە بڕێکی کەمی بەئەندازەی خۆمم بینی و لە شەربەتی سەفای دەروونی شتێکم چەشتو دیدەی دڵم کردەوە , شەو کە بولبولی رۆح لەقەفەسی ئەم جیهانی مەجازە , بەرەو جیهانی راستەقینە دای لەشەقەی باڵ ودەرگای ئەم جیهانەی داخستو دەروازەی ئەو جیهانەی ئاوەڵاکرد , بینیم کە حەزرەتی شای ئایین پەنا, دەرکەوت وزمانی پاکی کەگوزارشتی لەرازی حەقی بالاّ دەکرد, هاتە گۆو فەرمووی, کە ئەگەر گریمان بەخزمەتی جونەیدی سەردەمیش بگەیت, رازی نابم کەسەرت دابگریتو نەکەی خۆت بەدەستی کەسێکی تر بسپێریت :

غیرتم برتو چنان است اگردست   دهد   نگذارم کە درآیی بخیال دگری

وفەرموویەتی, کە لەشارۆچکەی لاهوردا رەت بووین, جەنابی موتەوەکل عەبدڵلا پیرو ئیمامی شاهی ئایین پەنا, مەولانا(خودا هەردووکیان رازدار بکات)لە شارۆچکەیەکدا, سەرقاڵی ڕێنموونی خوا پەرستان بوو, لەوپەڕی گەورەیی وڕێزدا بوو, بەخزمەتی گەیشتم , وهەرکەگەیشتمە (دار النیران)کە بنکەی ئەو زاتە گەورەیە بوو, پرسیاری ئەو زاتەم کرد, خادمی حوجرەکە رووی کردە منو گوتی, دەچیتە خزمەتی جونەیدی سەردەم , فەرموو ئێستا لە حوجرەکەدا دانیشتووە و لەخزمەتی حەزرەتی یەزداندایە , دەرکەوت کە ئەو خادیمە ئاگاداری رووداوەکەی من بووە .هەر کەبەخزمەتی ئەو مەولایانە گەیشتم, ئەلحەق پیاوێکی زاناو پڕمەعریفە بوو, هەر بەوخووەی کردبووم بە پیشەی خۆم, رووی ناتوانایی خۆم بەرزنەکردەوەو داواکاری نزاو تکای ئەو زاتە پاکە بوومو , ئەویش تکای بۆ کردمو گەلێ بەنەرمو نیانی لەگەڵمدا هەڵسوکەوتی کرد, مەبەستی ئەو زاتە ئەوە بوو کە منیش ببم بە دەروێشی ئەو زاتەو ئەڵقەی ویستی ئەو لە گەردن بکەمو چیتر گەڕیدەی بیابان نەبمو ئەم شارو ئەو شار نەکەم , وجۆشو خروشێکی سەیرو دڵبەندییەکی تایبەت لەمندا سەریهەڵدا :

بجانم دلبری ماواگرفتە است   مرا ازهر خیالی واگرفتە است

www.pertwk.com

پێم ڕاگەیاند کەمنی بولبول, شەیدای گوڵێکم و قومری شەوقم خولیای درەختی شمشادێکە کە حەزرەتی دەهلەوییە, عیشقی ئەو شکارچییە لەگەردنم ئاڵاوە, بەربۆتە گیانم دەڵێ ئەگەر نەهات بەقژ ڕایکێشن و ڕۆحم هەمیشە چێژ لە پێکی عیشقی وەردەگرێت :

چــــــــودل بادلبری آرام گیرد   زوصل دیـگری کـی کام گیرد
نهی صد دسته ریحان پیش بلبل   نخواهد خاطرش جزنکهت گل

ئومێدوارم کە بەڵگەکانم پەسەند بکەیت .

هەرکەداوای مۆڵەتم لێکرد, یەکسەر بەرەوماڵەوە ڕێکەوتم, وبەخەیاڵی دڵبەری خۆم دەهۆڵی ئارەزووم لێدا, شەو لەخەومدا ئەوزاتەم بینی کەبەڕۆژ چووبوومە خزمەتی و بەدیداری خۆشبەخت ببووم, بینیم کە بەدانی وەکو گەوهەری خۆی, پێستی منی بێچارەی گرتووەو بەرەو خۆی پەلکێشم دەکات . وبەندەش ڕوومەتی خۆم لەدانی مرواری ئاسای ئەو زاتە دەرباز دەکەم, ڕۆژی دوایی چوومەوە خزمەتی و گوێبیستی پێشوازیی گەرمو گوڕی بووم , بەبێ ئەوەی باسی خەونەکەی بۆ بکەم, ڕووی پاکی تێکردم و خونچەی دەمی بەزەردەخەنە کردەوە:

گفت:اهلا فی امـــــان , توبرو   بی‌مداراغم مخور دل شادشو
پیش آن شیخ وصدیق داورم[82]   شاه عبدالله پیر محتـــــرم
می گشاید زان کلید معـرفت   قفل مشکلهات ای والاصفت

هەر کە ئەو قسانەم لەو پیرە پڕەوە بیست کەوەکو مزگێنی, ئەو گەوهەرانەی گوارە ئاسا کردە گوێی هۆش و بیرم, بەناچارییەوە و بەجۆش و خرۆشێکی فراوانتر موتمانەیەکی ڕاستگۆیانەتر وپشت

بازروم تابهند گرفتیم جــــــان بکف   بهر نثـــار مرقد شه بـوعلی شرف
وبروی قسم بجـــــان عزیز مبارزش   کاندر وفاش کرده جوانی خود تلف
هست این غلام رابدرش حاجتی عظیم   لطفی کند وبــاز رهانندش از اسف
باشد درآستانش امید استطاعتی   درحضرتیکه یافت ازوهند صد شرف
یمضي على الفلاح مـن العمر مامضی   یـأوي الى الفلاح من الذنب ماسلف
شاهی بچشم خشم ببحر ار کند نگـاه   درّیـتـیـم آب شود در دل صـدف
برماه خواسـف ازکـرم بنگـرد گهـی   بر روی آفتاب شمادر دو صدف کلف
بانسبت عـطاش خزف بهتراز گهر   وبیباقوه غناش گهر کمتر از خزف
درچشم اهل دیده مسمّاش همچو اسم   آئینه ایست عـکس نمـای شەنجف
خالد خموش هرچه توگوئی بطرز شعر   بی‌دولتان مبـــالغه دانندش وسلف

ولەم کەینو بەینەدا , پێکەوە چەند دێڕ شیعری عاشقانە پێکەوە دەڵێنەوە . ئەو گەنجە داوادەکات کەگەوهەرێك لە گەوهەرە شاراوەکانی خۆی پێببەخشێت کە لەگەنجینەی ڕازەکانی سینگیدان وبیکات بە گوارەی گوێی. ویستی و ژەنگو تەڵخی لە ئاوێنەی دڵی, بەوتەی پاك و بەرزی ڕاماڵێت, بۆیە حەزرەتی مەولانا دەڵێت :

پنجاب شد مسخّر چشمش خبر برید   زنجید راکه بچه کتری جهان گرفت

وزیارەتی مەزاری پاکی حەزرەتی ئەبو عەلی شەرفی کردووەو ئەم چەند دەنکە مرواریيەی هۆنیوەتەوە :

دەگێڕنەوە کە یەکێك لە دڵسۆزان لەحەزرەتی مەولانا, مانای ئەم نیو دێڕە :

((بـروی قسـم بجـان عزیـز مبـاررش)) دەپرسـێت, ئـەویش فەرموویـەتی کـە :ئـەبو عـەلی شـەرەف کەسـێك بـووە لـە وەلییـە دڵڕفێنـەکان, بـەپێی دەرکـەوتنی نـاوی ڕواڵـەتی لەگـەڵ شـازادەیەکی خـاوەن جەمالـدا کـەناوی (موبـارز)بـووە , یـەکتریان خۆشویستووە . بـاوکی شـازادەش , مانـای شـازادەی شایسـتەی پێگـەی شـاهانی نەزانیوە , وبەکوڕەکەی ڕێگەی نەداوە کە هاوڕێیەتی ئەو عاشقە بکات , بەڵام ئەو عاشقە بەهێزی دەروونی خۆی, بەجۆری شازادەی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو , کە هەمیشە ئۆقرەی لێهەڵگیرابوو وبیٚباکانە لەتیری لۆمەی خزمو بێگانە , میانەی خۆی لەگەڵیدا نەبڕیوە , وپاشان بە چاودێرانی ڕاگەیاندبوو کە بەهیچ جۆریٚ ڕێگە نەدەن شازادە قسە لەگەڵ ئەو عاشقەدا بکاتو دەرگای هاموشۆیان بەڕوودا دابخەن, بەڵام چـاودێرەکانیش شـەیدای ئـەو عاشـقە ببـوون و تـۆوی ویسـتی ئـەو زاتەیان لە سینگدا چێنرابوو, بۆیە تەنیا ڕێگەچارەیان لەوەدا دەزانی

کە بۆ چەند ڕۆژێك , بەبیانووی شکارەوە, شازادە بۆ شوێنێکی تر دووربخەنـەوە و لەڕێگـەی گەشـتو بینینـی دەشـتو چـیاوە لـەو هۆگرییـەی دووربخەنـەوە , ئـەو عاشـقە لـەئازاری دووری , هەڵدێتو ئەویش لەوەی کە دڵی زانایەکی بریندار وناخۆش کردبێت , ڕزگاریان دەبێـت, ولەبـەر ئـەوەی هـەردەم بەمەبەسـتی دووری لـە نێـوان ئـەو دوویارەدا , ئەو کارەیان ئەنجام داوە , ئاگری سۆز لە دڵی بو عەلی شەرف بەردەبێت , وگەوهەری ئەم دێڕە شیعرەی بەسەر زماندا دێت :

یار فردا سوی صحرا میرود باصد شتاب   یـااﻟﻬی تـاقیامت بـرنیاید آفتاب

دوای ئەوەی ئەم دێڕە شیعرەی بەسەر زماندا دێت , لەشوێنێکدا کە کەس نەیبینێت خۆی حەشاردەدات , بۆ بەیانی دبینێت کەخۆر لەکونجێکی جیهانی تاریکستاندا ڕەنگزەردو بیٚ ئەوەزە , وهەستیان بـەوە کـرد کـە بەڵایـەکی گـەورە, بـەهۆی نـزای ئـەو گـەورەپیاوەوە ڕوویداوە , بۆیە هەوڵیان دا , تاوەکو ئەو زاتە پەیدا بکەنو بەپاڕانەوە و نیازو گریەو ناڵە بەسەر پێیدا کەوتنو لەوەڵامدا فەرمووی , ئەگەر خۆری من هەڵبێت ئەوا خۆریش هەڵدێت .

بەناچارییەوە شازادەیان هێنایەوەو بەدەستی ئەو پیرەیان سپارد , وهـەر کەئـەو عاشـقە بەدیداری مەعشوقەکەی شـاد بـۆوە , یەکسـەرە خۆریش هەڵهات .

ئیتر دەستی یەکتریان گرتو ئەو شارەیان بەجیٚهێشت و ڕوویان لە بیابان کردو , لەئاوێنەی یەکتردا , چاویان بەجوانیی ڕەها کردەوە

www.pertwk.com

, تائەوەی دەریای ورەی خۆشەویستی راستەقینە کەوتۆتە جۆش و خرۆش :

بلی سلطان معشوقان غیور است زشرکت ملك و معشوقیش دور است

ئەو دوویارو یاوەرە ڕێگەیان بڕی تاگەیشتنە کەناری بیرێك و لەوێدا وەستان و ئەو خواردنەی پێیان بوو خواردیان و خواردنەکەیان گۆشت بوو , دوای خواردن ئەبو عەلی شەرەف ئێسقانەکانی کۆکردەوەو بەشازادەی گوت ئێسقانەکان بخاتە ناو بیرەکەوەو زوو بگەڕێتەوەو تەماشای ناو بیرەکە نەکات, تاوەکو بەئاگری دۆزەخ نەسووتێن .

دوای ئەوەی شازادە ئێسقانەکانی خستە بیرەکەوە , بەحوکمی ئەوەی کە (الانسان حریص علی مامنع) چاوێکی بەبیرەکەدا خشاند , ئاو لەبیرەکەوە قەڵبەزەی کردو شازادەی راپێچی خۆی کردو خنکاندی . وعاشقیش لەداخی مردنی یاری خۆشەویست و مایەی ژیانی , مردو عاشق و مەعشوق پێکەوە :

(فی مقعدصدق عند ملیك مقتدر) بەدیداری خۆشەویستی راستەقینەی خۆیان شادبوونەوە (ڕەحمەتی خودایان لێبێت) . وهەر لەوێدا مەزاریان بۆ دروست کردن.

دەگێڕنەوە , لەو ماوەیەدا , مەولانای شەیداو سەرگەردانی بێ ئارام (خودا رازداری بکات) کە خولیای دیداری پەنای هەموان شاعەبدوڵلا بوو , بەرێزەوە بەپێی شەوق و بەجۆش و خرۆشەوە, بیابانەکانی تەی دەکردو , پێکی دڵی پڕلە بادەی شەوقی بینینی ئەو

قوتبە سەروەرە کردبوو , هەنووکە مەودایەك لەنێوانماندا مابوو کە زمانحاڵی ئیلهامی یەزدانی وئاوێنەی پرتەوی ئاشکراکردنی رازەکان و گوڵی گوڵزاری ئاشکراو شاراوەکان , یارانی خۆی ئاگادار کرد کەشنەبای ویستی بولبولی باخی خۆشبەختی هەڵیکردووە و فەرموویەتی ئەو شابازەی کە ئێمە بەنیازین شکاری بکەین وبەدەستی دەروونی خۆمان, لە دەهۆڵی دیداری ئەو دەدەین و بەدڵ و بەگیان چاوەڕوانی کاتی دیداری ئەوین , ئەوەتا خەریکە دەگات و سەفای ماڵەکە بەشنەی خواست و شەوقی ئەو بولبولە شکۆفەی کردووە :

آنکه از اسرار حق باشد خبیر دیدهٔ دل باشدش پاك و منیر
مشرق و مغرب بچشم اویکی است چاه وخندق پیش او خوش مسلکی است
آنکه واقف باشد از اسرار هو سرّ مخلوقات چەبود پیش او

وئەم بولبولەی داستانی سەرای گوڵزاری عیرفانیش , بۆنی شنەی پاکی سەرخێڵی ڕێباز کردبوو وبەدیدی ئیدراك تیشك و بریسکەو هێماکانی بینیبوو .

بەکورتی ئەو شاسواری مەیدانی ویست و ئەدەبەو ئەو سەرداری خێڵی هەوڵ و داخوازییە , بەواتەی :

وعدهٔ وصل چون شود نزدیك آتش عشق تیز تر گردد

www.pertwk.com

شەوو ڕۆژ وەكو گڕی ئاگری ناو كورە سوورو گەش , ماڵ بەماڵو قۆناغ بە قۆناغ شارۆچكەكانی هیندوستانی تەی دەكردو لە بەرخۆوە دەیفەرموو :

خرّم آن ساعت كەشام هجررا پایان رسد   عاشق دل خستهٔ مجروح را درمان رسد
زین عجایب تر نباشد درجهان افسانـهٔ   آفتاب جـــــودرا شب پرّهٔ مهمان رسد

ماڵ بەماڵ توندتر لە دڵ, تاگەیشتە قەڵای شاری دەلهی كە قیبلە و كەعبەی مەبەستی بوو , وەكو خۆر لەوێدا نوری لێدەباری .

وهــەر ئـەو عاشـقە شـەیداو بیٚقـەرارە, بەچـاوی فرمێسـكاوییەوە چووەناو شاری یارو لە پێگەی ئەو زاتە پاكەوە نزیك بۆوە , بەجۆشو خرۆشەوەو بیٚ ئۆقرەو نامۆ بەئەقڵو هۆش , ناوەڕۆكی ئەم غەزەلەی هۆنییەوە :

دوای هـەر پەیوەنـدیی و شـەیدایی ڕەهـاو تاكەكییـەك, وهـەر بـەرگی گومـانو دوودڵـی ڕووتو دامـاڵراو , ئیحرامـی راسـتیی و ویسـتی پۆشـیو تـابلۆی یـادی لەغـەیری دۆسـت پـاككردەوەو بـەهاتم هـاتم سـەرلەبەیانی ڕۆژی 26ی مـانگی زیلحەجـەی سـاڵی 1224 گەیشـتە دەروازەی خانەقای حەزرەتی شای ئایین پەنا (خودا لێی ڕازی بێت) , وبـەرێزو لەخۆبوونـەوەو دانووشـتانەوە , لـەو دەرگـای میهرەبانییـەوە چووە ناو كەعبەی دڵخوازەوە .

لەبەر ئەوەی ئەو خۆرە بێگەردەو ئەو تریفە ڕووناكەو ئـەو دەرگـای بەرەكـەتو خۆشـبەختی ومرواریـی شـەرەفو ئـابڕووە, بـەجۆشو خـرۆش و سـۆزو بـرواو ویسـتو دڵسـۆزیی وئەدەبی تـەواوەوە, چووە نێـو خانـەقا موبارەكەكـەوە, هـەر لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆنو بەرامەیـەكی نوێی بەدانیشتوانی ئەو ناوچە بەهەشت ئاسایە بەخشی .

شددر ودیوار آنجا نعره زن   ابشروا یاقوم قد زال الحزن

جای جانانست این جامایهٔ جانم كجاست   منزل سلطان خوبانست سلطانم كجا است
همچـومجنون كوەوهـامون مـی نـوردم بهـر اوی   سوبسـومی جـویمش امّـانمی دانم كجاسـت
چــون كواكـب صـف بصـف خیـل بتـان درجلوەانـد   شاه خوبانم كجا خورشید رخشانم كجاست
سـخت سـرگردانم انـدراین شـب تاریـك خـو   روشنی بخشم كجا شمع شبستانم كجاست
اشكبـــــارم بیقـــرارم دردمنـــدم دلفكـــار   قرةّ العینم كجــــا آرام و درمـانم كجـاست
بلبـل فصـل خـــزانم والـه وشـیدای گـل   ای دریغـا نوگـل گلـزار رضـوانم كجـاست
قمـــری بیچـــارەام طـــوق وفـــادر گـردنـــم   هرطـرف كوكوزنـان سـروخرامانم كجـاست
بـــازدل طرز سخن سنجی زنو آغاز كرد   محفل آرانكتـه پرداز سخن دانم كجـــاست
خالدا خاطر زخوبان جهـان دارد مـــلال   حسرتا دردا دریغا شاه خوبانم كجـاست

www.pertwk.com

بەدیـداری شـاە عەبـدوڵڵای ناسـراو بـەغولام عـەلی شـاد بـۆوە . وبەسلامەتی بینین, شەرابی گۆزەی عاشقان , مایەی ڕۆحی ئاسۆی نـۆش کـردو لـەخودو خۆویسـتی دابـڕا وپـردی پەیوەنـدیی هـەر ئارەزوویـەکی پچڕاند , ئـەوەی دەبـوا بیبینێت بینـی , ئـەوەی دەبـوا بیبیستێت بیستی , دووبارە ئیبراهیم ئاسا دابڕانو تەنیایی وبێبەری بـوون لەهـەر شـتێك, جگـە لـە کراسـێك کـەوەکو کەفـەن جەسـتەی داپۆشێت, خاوەنی هیچ نەبوو , وهەموو بەنیازی حەزرەتی شای نەقشبەند (خودا رازداری بکات) بەسەر هەژاراندا دابەش کرد .

دەگێڕنەوە کە ئەو مانگە, موبارەكو تواناوپڕ لەزانست و بڕوایە , دوای ئـەوەی بەخزمـەتی شـاهی ئـایین پـەنا (خـودا لێـی رازی بێـت) گەیشت و بەئاماژەی خزمەتگوزارانی حـەزرەتی دەهلـەوی , لـە یـەکێك لـە ژوورەکـانی خانـەقا موبارەکەکـەدا نیشـتە جـێ بـوو , بـەپێی ڕێـو ڕەسـمو ڕێزگـرتن لـەو زاتـە پاکـە, تامـاوەی (3)ڕۆژ لەوێدامایـەوە وحەزرەتی شای ئایین پەنا هیچ شتێکی لەو نەپرسی , دوای ئەوسێ ڕۆژە, بەیانی ڕۆژی دواتر یەکێك لەرازدارانی کۆری نـاردە لای مـەولانا (خـودالێ رازیبێـت) و چـەندئامۆژگارییەکی بـۆ ناردکـە : ئایـا کـەس هەیـە دەسـت لـەماڵ و سـامان و پلـە و پایـە هـەڵبگرێتو مـاوەی (1)ساڵ ڕێگە بپێوێت, بەمەبەستی هەوڵو داخوازی , دەتوانێت ماوەی (3)ڕۆژ گوێ بە هـیچ نـەداتو لـە گۆشـەیەکدا هەڵبنیشێت ,. وبەچەقۆ خـەیاڵی (في التـأخير آفـة)ی ژەنگـی ئەسـتووری ئاوێنـەی هـاودەمی لانـەبات, بۆچـی ئاگـاداری نـاوەڕۆکی (هلك المسّوفون) نییـەو (الوقت سيف قاطع ان لم تقطعه يقطعك) ی فەرامۆش کردووە . مەسەلەی (من استوى يوماه فهو مغبون) لـەنێوان ڕێبـەرانی سۆفیگەرییدا, شتێکی باوەو پەندی (غريم لايقضى دينه) گەلێ بەناوبانگو باوە :

هر آنكو غافل ازحق يك زمان است	درآن دم كافراست امّانهان است
اگـــرآن غافلى پيوســـته باشد	در اســـلام بروى بسته بـاشد

ولەبـەر ئـەوەی حـەزرەتی مـەولانا (خـودا رازی داری بکـات) ئـەم ئامۆژگارییانەی بیست ,و چێژی ئەو وتارەی بەلاوە پەسـەند بـوو , لـە وەڵامدا , بەم جۆرە رایگەیانـدو لـە کێڵگـەی هۆمێردا تۆوی ئارەزووی بـەم جـۆرە چـاند کـە : منـی ناکامڵو پـڕ لـە کـەمو کـوڕی , ئـەم ڕێگـە دوورو درێژەم بـە هومێدی ڕەزامەنـدیی ئێوەی سەرچاوەی نـوور تـەی کـردووە , وئێسـتاش دیـدەی هومێـدم بەشـاڕای مزگێنییـدا دادڕیـوەو لەبـەر ئـەوەی خـۆم شایسـتەی شـای پاڵپشـت نـەزانیوە, سـەرەڕۆیانـە و بەبێ مۆڵەت نەمتوانی بێمە خزمەتتان :

شاه اگر لطف بیعدد راند	بنده آن به کەحدّ خود داند

شەمشەمە کوێرەی نابینا کەی شایستەی میهری نوورو ڕووناکییە . ومەگەزی بێ سەرو پێ کەی شایستەی شکاری شابازە :

دلى چون شەمرا برداشت ازخـــاك	سز دگـــــر بگذرانم سرز افلاك
اگر بر رويدازتن صد زبـــــــانم	چوسبزه شكر لطفش كى توانم

www.pertwk.com

ئەگەرچی سەرتاپا پڕم لەکەمو کوڕی و نەزانیو نائاگایی, بەڵام ئارەزووی پەسەند کردنی دەکەم و نیازو ئارەزووی منی نامۆ لەدەرگای خۆشبەختی پەنای مەحرەم و رازداری و غەیب , سیٚبڕگەیە :

یەکەم : ئەوەی خاوەن قیبلە, منی هەژار وەکو غوڵام پەسەند بکات و هەرگیز بەنازناوی مەولەوی و ...هتد ناوم نەبەن و تەنیا بەناوی خۆم کە خالیدە , بانگ بکرێم و دەرگای هومێدم بەو مژدەیە ئاوەڵا بکەم .

دووەم : ئەوەی سەبارەت بە خواردن و خۆراکی تری خزمەتکارانی خانەقای موبارەك , ناوی بەندە لە ناوی خەڵکی تر جیا نەکەنەوە .

سێهەم : ئەوەی ئەرکی خزمەتکردن لە پێشاوەکانی خانەقادام پیٚ بسپێرن , وهەر کاتیٚ ئەم سیٚ بڕگەیە لەلایەن بەڕێزتانەوە پەسەند کرا , ئەوە ئیتر مایەی سەربەرزیی بەندەیە .

هەر کەپەیامبەری حەزرەتی شا , وەڵامی ئەم نیازمەندەی بارەگای خوداوەندی, بەخزمەتی گەیاندەوە , ئەو حەزرەتە بۆ ماوەیەك لە رووی لەخۆبوونەوە و خۆشکاندنەوە , سەری بەرەو گوڵزاری سینگی چەماندەوە کە پێگەی دڵنیاییو ئارامییە . دواتر خونچەی دەمی بەشنەبای پەیڤی مەعریفە کردەوە , کەبەڵیٚ بڕگەی یەکەمو دووەم پەسەندن , بەڵام سێهەم بڕگە , حەزرەتی شای شکۆمەندو خواجەی سەرفرازی نەقشبەندە (خودا رازی بپارێزێت) , ولەبری خزمەت لە پێشاوەکان , کاری ئاو گێرانی پیٚ سپاردو دەروازەی رەحمەتی, بەم شێوەیە ئاوەڵا کرد.

مەلەوانی دەریای مەعریفەو گەنجینەی راستی, لەداهاتوودا (5)مانگ لەسەریەك, دوور لە خۆ بەزلزانی وبەرێزەوەو رەچاوکردنی ئاکاری مەولەوی یان مەولانای رووت لەخانەقای حەزرەتی شای ئایین پەنا , بەسەری رووتو پیٚی پەتییەوە, کاری ئاو گێڕی ئەنجام داو بەئاوەڕشێن بەبیٚ ئەوەی ژەنگو تەڵخی دڵتەنگی بکات , بەناوەڕۆکی ئەم ئامۆژگارییانە دەست بەکار بوو :

تاتوانی بەندە شو سلطان مباش   سخت کش چون گوی چون چوگان مباش

نفس را میداردر حرّ فـــراق	تابر افروزد زنـــار اشتیـــاق
هـــرخسی را این تمّناکی رسد	مـــوسی بـــاید کە اژدها کشد

دەگێڕنەوە لە زاری ئەو حەزرەتە موبارەکەوە (رەزاو رەحمەتی خودای لێبێت) کە فەرموویەتی , ئەو بیرەی کە هەموو جاریٚ من ئاوی لیٚ هەڵدەکێشم , کەمیٚ لەخانەقاوە دوور بوو, ئەگەرچی دوور بوو , بەڵام هەمیشە خەڵکی لەدەور کۆ دەبۆوە , سەرەڕای ئەوەی ژنە ئاگر پەرستەکان و شوومەکان , بۆ ئەوەی ئازاری من بدەن , دەورووبەری بیرەکەیان پیس دەکرد و ئەم رەفتارەیان بۆ کات بەسەربردنی خۆیانیان دەکرد , کەدەبوا من هەموو جاریٚ, دەورووبەری بیرەکەم پاك بکردایەتەوە و دواتر گۆزەکەی خۆمم پڕ دەکردو دەمخستە سەر شانم و دەمبرد بۆ خانەقا , رۆژانە چل دێزەی گەورەم پڕ لەئاو دەکرد و حەوشەی خانەقام ئاوڕشێن دەکرد, بەم شێوەیە رۆژم بەسەر دەبرد . (5)مانگی رەبەق لە بەرەبەیانەوە تا کاتی شێوان ,ئەوە کاری من بوو

کەئەم خزمەتە ببووە ئارەزووی دڵم, تارادەیەك سەرشانم بریندار ببوو , خوێنیان تیٚزابوو وخوێنیان لیٚ دەتکا ومن لەکاری خۆمدا , گەلیٚ جیددی بووم و ساتێك پشووم بەخۆم نەدەدا .

لە مەولا ئەحمەد کولە سارەیی کردستانی کەیەکێکە لە موریدەکان و پەسەندەکانی حەزرەتی مەولانای ئێمە کە مۆڵەتی لەجەنابی حەزرەتی شێخی ئێمە وەرگرتووە , بیستوومە کە دەفەرموێت : لەزاری ئەو حەزرەتە موبارەکەم بیستووەو فەرموویەتی : کاتیٚ کەمن لەخانەقای حەزرەتی شای ئایین پەنا (خودا لێی رازی بێت) کاری سەقاییم کرد , بەرێکەوت رۆژێکیان , بەهۆی قەرەباڵغی سەر بیرەکەوە , دوور کەوتمەوە بە دوای ئاودا, بەبیٚ ئەوەی بزانم کە ئەو شوێنە تایبەتە بە لولییەکان , چاوەڕێی هەل بووم و لەگۆشەیەکدا دانیشتبووم ولاپەڕەی دڵم لە هەر خەیاڵێك پاك کردبۆوە, جگە لەخەیاڵی دۆستمدا نەبێت , لەپڕ چاوم بە ژنێك کەوت کە کتو مت لەدایکم دەچوو , رەحمم جولاو دەستم بەگریان کرد , ماوەیەك گریام, دواتر سەرم نایە سەر ئەژنۆم و کەوتمە خەیاڵ و ئەندێشەوە, لەپڕ ئەو ژنە بێداری کردمەوەو گوتی لەوماڵە بانگت دەکەن , من بەبیٚ ویستی خۆم هەستامو دوای ئەو ژنە کەوتم , رووومان لەو خانووە کرد کە ئاماژەی پێکردبوو , تاگەیشتینە شوێنێك پڕبوو لە ژنانی جوانو پەری ئاسا , هەر یەکە پاڵی بەپاڵپشتی زێڕەوە دابوو , دڵیان لە خاوەن دڵان دەفڕاند , مات بووم, وشەی گەڕانەوەم بەدڵدا هات , بەو گومانەی کە ئەو ژنانە ئاگر پەرستن کە منیان بەمەبەستی کوشتن, بۆ ئەو شوێنە بردووە . گەورەکەیان پەری رووخسارێك بوو کە دیدەی دڵ , تائێستا ئەو جوانییەی نەدیبوو ونیگار کێشیش تائێستا وەها

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

نیگارێکی نەکێشابوو , بەرێزەوە دایاننام , وەرگێڕێکییان هێنا کە دەمزانی پاوێکی نامۆیە , ولە سیمایدا دیاربوو کە پیاوێکی نەجیبزادەیە : ئەو ژنەی تۆی بەدەم گریانەوە بینی , باسی تۆی بۆیان کردووە , من دڵم بۆتۆ سووتا و ئاگری دڵتەنگی لە ناخی دڵمدا کڵپەی سەند . لەو رووەوە ئەو ژنەم نارد بە شوێنتدا و ئەرکی ئەوەمان خستە سەرشانت تا لێرە ئامادە ببیت . وسەبارەت زێدو نیشتمانو ئەو دۆخەی تێی کەوتووم , پرسیاریان لێکردم . دواتر بوخچەیەکیان بۆ هێنام سیپاڵ و بڕیٚ پارەی تێدا بوو . گوتی ئەوە لەمن وەربگرە , من گوتم کە ناتوانم بەبیٚ رێگە پێدانی حەزرەتی شای خاوەنی قیبلە , ئەو شتانە وەر بگرم . هومێدوارم لێم نەڕەنجێیت و رێگەم بدەن بڕۆم , بینیم کە داوای پیاوێکی کردو نامەیەکی نووسیو هێندەی نەبرد رۆیشتو گەڕایەوە و نامەیەکی حەزرەتی شای ئایینپەنای هێنابوو , دای بەدەستی منەوە , تێیدا نووسرابوو , خالید چی تۆی گەیاندە گەڕەکی لولییەکان , ئەڵبەتە هەر شتێکیان پێشکەش کردووی وەریبگرەو بەسەلامەتی خۆت رزگار بکە , منیش سیپاڵو بڕە پارەکەم وەرگرتو گەڕامەوە .

دوای ئەوەی مانگی بورجی سەتڵ (خودارازداری بکات) بۆ خوداو لە خودادا لە خانەقای حەزرەتی شای ئایین پەنادا(خوا لێی رازی بێت)بەکاری سەقاییو ئاو گێڕی سەرقاڵ بووم وبەئاوی دڵسۆزیو ویست , تۆوێك کەکێڵگەی بەهرەدار چاندبووی , سەوزببوو, دواتر بەحوکمی (من تواضع لله رفع الله قدره) سەرنجی چاودێریی ئەزەلی , لەخاکی سووکایەتی پاراست و گەردنی هومێدی بەملوانکەی نەمری دەشەکایەوە , ئەوسا حەزرەتی شای وریاو سومبڵی میهرەبانی

www.pertwk.com

خوداوەند, لەبری کاری خشتپڕین, داوای لێکرد خەریکی کاری پاککردنەوەی دڵی خۆی بێت , تاوەکو بەدووبارە کردنەوەی وشەی ناوی خودا , لەماوەیەکی کەمدا , دەلاقەی فەیزو فتوح بەرەو کۆتایی لەسەرەتاوە (اندراج النهاية في البداية) کە لەتەریقەتی بەرزی نەقشبەندیدا باوە و لە ناخی دڵو رۆحی خۆیدا کردوویەتییەوە .

بەڵێ , ئەوەی لەعلی درەخشان لە خۆری درەوشاوە وەریدەگرێت , شایستەی بەهرەی هەر بەردو گوڵو دڕکو داڵەو ئەوەی بولبولی هەزار داستان لەدەمی خونچەی باخ بۆنی دەکات , شایستەی هەر قاژو قەلەڕەش و مارو مێرویەك نییە :

قابل صیقل نباشد جوهری چون آیه   مهر را کس نیست چون لعل نمایی مشتری

کیمیارا کیمیاگرشوقمند وطالب است   قـــدر زر زرگرشناسد قدر جوهر جوهری

بەناچارییەوە بەهەلێکی کەمەوەکەهەوێنی توانایی ئامادە بووەو خاکی بەهرەی بەئاوی ئەزەلی شێدار کردووە, سەبارەت بە زنجیرەی بەرزی نەقشبەندی کە بریتییە لە یاداشتو ئامادە بوونی دوور لە غەیبەو بەهرە لە ئیندراج و ئینعکاس ببینێت وبەزاخاودانی کارەکان وویستەکان و کێشمانەکان و ترپە مەعنەوییەکان, بەرەوتی موراد لە چەمکەکانی تەریقەتی نەقشبەندی روو دەکەن, وردە وردە ئاوێنەی دەروون بەسەر دەچێت , هەردەم ئاگری دەردو خواستی زیاترو پووش وپەڵاشی ئۆقرەو ئارامبوونی پڕ ئەندێشەتر بووە , تاوەکو سفرەی هەر بیرێك , جگە لە بیری دۆست کە لەگۆشت و ئێسقان و دەمارو پێستیدا هەبوو , بپێچێتەوە :

عشق آن شعله است کوچون برفروخت   هرچه جز معشوق باقیجمله سوخت
تیغ لاقـــــــد قتل غیر حق بـــراند   درنگر زان پس کـــه بعد از لاچەماند
مـــــــاند الا الله وباقی جملـه رفت   شادباش ای عشق برکت نور رفـــت

دەگێڕنەوە: کە یەکێك لەزاناکان کە لە کەناری خانەقای حەزرەتی شای ئایین پەنا(خودالێی رازیبێت) سەرقاڵی وانە وتنەوە بوو, لەورووەوە کە زانست گەورەترین پەرژینە, لە رووی کەللە رەقییەوە, رێگەی بێزاری ودەمار گیری گرتبووە بەر , دەرگای لادانو دوژمنی بەرووی خۆیدا ئاوەڵا کردبوو, وبەپێی بەڵێنی : من (عادى لي وليا فقد آذنته بالحرب) , ولەهەڕەشەی: (من عضّ علي ولي الله عز وجل خرب في قلبه بسهم مسموم زاهل , بێ ئاگایە . هەردەم لە بیری ئەوەدا بووە کەئەگەر کەسێکی, نامۆ یان بێ دەرەتانێك لە شوێنی خۆی ئاوارە بوو وناوبانگی حەزرەتی شای ئایین پەنای بیستبێت, بە هومێدی ئەوەی کە لەسفرەی پڕبەرەکەتی, نواڵەیەکی بەرکەوێت, خۆی پێ گەیاندووە , خۆی بەو نامۆو بێدەرەتانە ئاوارەیە گەیاندووەو بەفرتو فێڵو گزی , شەیتان ئاسا , لە خشتەی بردووەو لەو خۆشبەختییە بێبەری کردووە . وحەزرەتی مەولانای ئێمە , دوای ئەوەی ئەم زانیارییانەی زانی, ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە خۆزگە لە تەنیایی و خەڵوەتو دوور لەمەحرەم و کەسانی تر , تووشی ئەو پیاوە دەبوم, تا بەکۆمەکی خودا , کارێکم بکردایە بێدەنگ ببێتو دەمخستە سەر رێگەی رزگار بوون . لەم سەرو بەندەدا , ئەم سەر کاروانی دەستەی بێ بڕوایانە , بە شێوەیەکی چەوت, یەکێك لەرازدارانی خۆی رادەسپێرێت تابچێتە خزمەتی حەزرەتی مەولانا لە

www.pertwk.com

رووی شكۆمەندیی خۆیەوە , یەك سەعات لەگەڵ مندا بەتەنیایی دابنیشێت , ئەوا مەمنونی دەبم , بەڵكەم ئەو گرفتە ئاینییەی كە ساڵەهای ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنم , بەپەنجەی بەیانی ئەو زاتە كە سەرچاوەی زانستو عیرفانە, چارەسەر بكرێت و ئەم گەردو تۆزە كە لەبیرەوەریمدایە, بەسەفای دڵی ئەو زاتە پاك بێتەوە . حەزرەت فەرموویان , لەبەر ئەوەی داواكاریی ئەو پیاوەم بیست , زیاتر خولیای دیداری بووم , گوتم بەسەر چاو , ماوەیەكە منیش خولیای دیداری ئەوم .

هەر چۆن بێت, ئەو حەزرەتە ڕازی بوو كە بۆ دیداری ئەو فێڵبازە بڕوات و ئەو شوێنە نورانی بكات كەئەو دەستنیشانی كردووەو چاوەڕوانیەتی . دەڵێن , حەزرەت فەرمووی : بینیم كە ئەو پیاوە فێڵبازە لە دوورەوە دەركەوت بەجۆرێ كەبەئاشكرا دوكەڵی بێبڕوایی, وەكو دوكەڵكێشی گەرماو دچوو بەئاسماندا . من خۆم لە توانایی خۆم دوورخستەوەو پەنام بە ئەرواحی پاكی ئەو حەزراتانە بردو هیمەتو هێزی شێری پاراستنی پاك داوێنی بكەم بەقەڵغانی تیری بەلای خۆمو ڕووم كردە قیبلەی ڕەها . كابرا هاتو سڵاوی كرد , دوای وەڵامی سڵاو, بەقسەی شیرین گەلێ فێڵبازانەو بەڕواڵەت ئاشناو بەمانا بێگانە , لەهەر بوارێكدا باسێكی هێنایە پێشەوە , هەندێ لەو هێشووە ترێیەی لە دەسماڵێكدا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی , لەبەردەم مندا داینا كە : یەكەم باپێكەوە ئەم ترێیە بخۆین, ڕێگەی ناهەموار بخەینە لاوەو ڕێگەی هۆگری بگرینەبەر , من گوتم : بەڕاستی پێویستە مامەڵە بكەین كە پێچەوانەكەی فرتو فێڵو گزی و دووزمانییە , وفرتو فێڵ و گزی شێوازی شایستەی خەڵكی دووڕووە.

مەلاحامید لەم بارەوە درێژ بڕی دەكاتو لە ئاكامدا بەو ئەنجامە دەگات كە مەولانا خالید , مەلای ناوبراو كە بڕوای بە شێخ عەبدوڵلای دەهلەوی نەبووە , ناچار كردووە تۆبە بكات و بگەڕێتەوە بۆ داواكردنی لێبوردن لە كاری رابردووی , بردویەتییە خزمەتی شێخ و شێخیش لێی بووردووە .

چەند قەسیدەیەك لە شیعری مەولانا خالید

بمعمار غمت نوساختم ویرانهٔ خـــودرا	بیادت كعبه كردم عاقبت بتخانهٔ خـــودرا
فروماندند اطبّای جهان از چارەام آخـــر	بـــدردی یافتم درمان دل دیوانهٔ خـــودرا
زسودایت چنان بدنام گشتم درهمه عالـــم	بگوش خود شنیدم هر طرف افسانهٔ خـودرا
بگرد شمع رویت بسكه گشتم تـاندم از پرواز	سرت گردم چه زیبا سوختی پروانهٔ خودرا
ادیب من جلیس من شود درحلقهٔ رنـــدان	بگوشش گر رسانم نالهٔ مـستانهٔ خودرا
دراقلیم محبّت از خـــرابیهاست معموری	بسیل اشك باید كند اساس خانهٔ خودرا

سراپا نعمتم بااین همه درماندنگی خالد
نمیدانم چەسان آرم بجا شكرانهٔ خودرا

دام بگرفتم بصد جـــان گرد نعلین ترا	هست جانی آن هم از توچون دهم دین ترا
بی توام چندان مطوّل شدشب تـاریك سحر	مختصر خوانم تطاولهای زلفین تـــــرا
مـــاه نوبرمهر ثابت عقرب وپروین روان	وەچـــه زیبد هیئتی اشكال بی شین ترا
بر رصد بندان نگر در كشف این تاننگرند	گردروی خـــوی چكان جولان زلفین ترا
نفی جـزء وحصر فردشمس واستلزام او	بس منافی شد دهـان وزلف وخدیّن ترا
چشم بیمارت دهد درهر اشارت صد شفا	بوعلی مشكل كـــه داند حكمت العین ترا
چـــــهرەات زاب دلارایی هـوارا دادەنم	تـــاب رخسارت هویدا كرده قوسین ترا

خالد از ابروی مشكینت اگر گوید سخن

www.pertwk.com

چـــــون کشد آخر کمان قاب قوسین ترا

بی روی توام ای مەنو خانه خراب است   زهجر توام صبر بدل نقش بـــــر آب است

درخـــــواب توان دیدنت وخواب نباید   از بسکـــه مرادیدهٔ اقبال بخواب است

دوشم بنگـــــاه تودل از باده غنی بود   خون جگر امشب می وغم جام وشراب است

گـــــــرباردگردست دهد آن میلعلش   ماراچەغم ازفوت نی و چنگ درباب است

خالد آگر آن عمر گران مایه زکف رفت

افغان چەکنی قاعدهٔ عمر ذهاب است

هرگـــز ترحمّی بمن مبتلات نیست   معلوم شد مراکه توخوف خـــدات نیســـت

مادر قمار عشق توجان باختیم لیك   باآن دورخ توشاهی وپروای مایت نیست

بـهر بلای جان سخنی جستم ازلبت   خـورسند کن بـــلات هرگز بلات نیست

گفتم مگر حیات بود لعل جانفزاست   گـــــفتا کلام بیهده کم گو حیات نیست

گربینم ازوفات ببالین پس از وفــات   مـــقصودم از خدایبغیر از وفایت نیست

خالد زکلکت این غزل دلکشاکه ریخت

جـــز در خور بلاغت پیر هرات نیست

الاای جامهٔ صبر ازغمت چـــاك   تـــرحّم قـــد دنت للمـــــوت رضاك

تورفتی لشکر جـــانهات درپـــی   فیـــا طوبی لروح کـــان یلقــــــاك

بفرقم پـــــای استغنا نـهادی   بلـــــندم ســــاختی الله اعـــــلاك

زخـــاك ارلاله سان فردا برآیـم   ترانـــــي هکـــذا حیران سیمــــاك

بسوگند وعـهــــودت دل نبندم   فـــــان الـــرّب بـــــالاخلاف ربـــاك

بفردوسم مخوان زاهد کــەبی او   لدی اهل الـــنهي مـاطـــــاب طوباك

بمژگان می درد خالد پس از مرگ

تجـــــــاه اللحد حتی نال شواك

بچوگان قضابادا شکسته دست وچوگانم   کەبرهم زد هلال ابروی خورشید تابـــانم

مرا سودای چوگان بازی اندر سرکجابودی   اگـــــر قلاّب مهرش چنگ واکردی زدامانم

بوجه خون بها برکف گرفته نقد جـــان ودل   بـــــامید قبولش از دودیده گوهر افشـــانم

غـرامت چون توانم داد زخم ابـــروی اورا   کـه دخل هردو عالم رابموی زان چونستانم

چکد بربرگ نسیرینش دمادم لاله ,زان هردم   چـوغنچه دل پراز خـون همچوگل پاره گریبانم

شفق شد خالد ازخون مشرق پیشانی جـــانان

قیامت خاست , تاکی زندەیی؟ زین نکته حیرانم

چەدولت بود یارب دوش من درخواب میدیدم   کــــەنخل مدّعاراپر برو شاداب میدیدم

سکندر بـهرآب زندگی ظلمت بــریدومـــــن   بتاریکی شب ســـر چشمهٔ آن آب میدیدم

نگه مل چهره گل خط سنبل وقد سرووشکرلب   مـــژه نشتروش وکاکل چومشك ناب میدیدم

قیامت می نمود از قامت ومیگفت قد قامـــت   بـــروی یارخود حیران شده محراب میدیدم

شب یلدا بــــــروی روز رستخیز شد پیدا   دانم یا دو زلفش پر زپیچ و تاب میدیدم

از این تشبیه هـــای نامناسب صـد معاذ الله   کـــه بالله درجهان مانند اونایاب میدیدم

بخاك پاش می غلطیدم وشکرانه می کــردم   تـوگوئی خویش رابر بستر سنجاب میدیدم

زشوق شمع رویش جملة اعضایم برقص آمـــد   زهر مـویش ببند جان دوصد قلاّب میدیدم

ندیدم زان شب فرخنده صبحی پرتو افکن تــــر   اگــرچه کلبه رابی شمع وبی مهتاب میدیدم

تنم یکباره شد چشم از برای دیـــدن رویش   بهر عضوی جمال آن گل سیراب میدیدم

اشارت بر بود خـــــالد خواب دوشینم

کەمن بیمارم وگل شکر وعناب میدیدم

مـوسم عید است ومــــانومید از دیدار یــــــار   عـــــــالمی درعیش ونوش ماوچشم اشکبار

هرکسی بـــایـار درگشت گلستان است ومن   زاشك ســـرخم شد کنار ازداغ هجران لالـەزار

جـــان نثار مقدم جـــانـان نکرده دم بــــــدم   چیست بـهـــره از تفرّجگاه تخت جان (1)نثار

بینواودل پــراز خـــارو غریب ودرد منــــد   دست بردل ســر بـــزانوچشم درره دل فکار

سینه سوزان دل فروزان کوچه کوچه دربـدر   کس مبادا همــــــــچو من آواره ازیـــارو دیار

بکرەجوئی(2) شد زهر چشم روان از خون دل   عـــاقبت کردم دوا داغ فـــــــراق سرچنار (3)

خالد اگرنیستی دیوانهٔ صحرا نورد

توکجا وکابل وغزنین وخـــاك قندهار

چـون کنی ازلعل لب میل شکر ریختن   هر طرف ارزان شود جان بلب آویختن

خنده زنان هـــرزمان مینگری برفلك   عقد ثریّا شود مـــــــایل بگسیخـــتن

مەهمەتن روشده چون نگرد بر رخت   نیست وراچـــــارەئی غیر ان بگریختن

از مـــژات ای صنم گشته مشبّك تنم   نـــادره پرویز نیست بهر طرب بیختن

دیده مستت فکند شور بـــــدور قمر   برسرکویت زبس خـــون جگر ریخـتن

پاسخ تلخت بلب ده کەچەشیرین بود   لذّت شکر گرفت زهـــــــــر زآمیخــــتن

(1)و (2)و (3) ناوی سیٚپردن لەناوچەی سلیٚمانی .

www.pertwk.com

شکوه مکن خالدا ازنرگس فتّان او
عادت مستان بود فتنه برانگیختن

نشتر فولاد یامژگان خون خواراست ایــــن — نشعه یانگاه چشم بیمارســــت ایــن
ژاله بر گل یاخوی خجلت زشرم روی دوست — یاعرق برجبهه ٔ ستمکار است ایـــن
کلك مـــانی ریخت بربرگ سمن مشك خـــتن — یاخط نوسرزده برروی دلداراست ایـن
شمس خاور برسر سروسهی بگرفته جـــای — یابلا یاخود همین بالاورخسار است این
هست این یاقوت کان یاقوت جـان بیـــدلان — آب حیوان یالب لعل شکر بـاراست ایـن
قطره آب بقایا رشحه ٔ چـــــاه ز نـــــخ — سیب بستان ارم یاغبغب یاراسـت ایـن

کیست این کز غمزه ٔ جانکاه اودل میرود
خـــالد دل سوخته یابلبل زاراست این

هـــردم بگوشم آید از سوز دل صـــدائی — گویاز دردمندان نمانده جـــائی
برحال خویش گریم از جور زلف شوخی — بینم بدست صیّاد هر مرغ بسته پائی
گلزار حسن جـانان هرگنه خزان نبـیند — آری کـــمی نباشد فردوس رافنائی
بردیده انچـــــه آید از انتظار رویـــت — چشم جهان ندیده زینگونه مـاجرائی
خالد زور اشکش دامن پرست دایم
سازد مگر نثارش درپای مه لقائی

مـەولانا خالیـد لـە قەسـیدەکانیدا , پـەیڕەویی لەسـەبکی مـەولانا عەبدورەحمانی جامی دەکات کەنموونەیەکی پوختەی سەبکی خواجە حافیز نییـە . کـە بەراسـتی سـەبکی ئـەویش نموونـەیەکی ناپوختـەی مەولانا جامییـە , ئـەو حـەوت خشـتەکییەی مـەولانا جـامی لەگەشـتی حەج , لەستایشی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)دا هۆنیویەتییـەوە . ئـەویش لەگەشـتی حەجـدا , لەسـەر هـەمان کـێش‌و سـەروا, وەڵامـی داوەتـەوەو لـەو (11)قەسـیدەیەی لێـرەدا بڵاوکراونەتـەوە , چـواریان وەڵامی ئەم قەسیدانەی جامیین :

1–چندز آشوب می فتنه برانگیـختن — مست برون تاختن خون کسان ریختن
2–زهجران برلب آمد جان غمنـــــاك — الا یـــــالیت شعری ایـــن القاك
3–خیالی بود یارب دوش یادر خواب میدیدم — کـەرویش درنظر برکف شراب ناب میدیدم

4–برکنار دجله دور از یار ومهجور از دیار — دارم ازاشك جگرگون دجـــله خون درکنار

لەچەند رووەوە , مەولانا خالید دەشوبهێتە مەولانا جامی : یەکـەم توانـایی وبلیمـەتی لـەرادە بـەدەرو یـەکێتی کـات‌و تیژهۆشـی . دووەم جوانی لەشولارو ئاکاری بەرز . سێهەم شێوازی ناسك وشیعری تـەنز ئامێزو بۆ هاتنی خێرا . چوارەم زمانی پاراو وکارایی لە وەڵامدانـەوەو بەگیر هێنانی رەقیبدا . پێنجەم هەردووکیان شێخی گـەورەی زنجیرەی نەقشـبەندی بـوون ولەلایـەن دەسـەڵاتداران وئـەمیران و گـەورەپیاوانی سـەردەمی خۆیانـەوە, رێزیـان لێدەگیرا شەشـەم شارەزایی لـە ئایین و شارەزایی تەواو لەزمان و ئەدەبی عەرەبی وزانستە پەیوەندیدارەکان . حەوتـــەم هـــەردووکیان بەرەچـــەڵەك عـــەرەبن کـــە مـــەولانا جـــامی بەرەچـەڵەکی, خـۆی دەگێڕێتەوە سەر ئیمـام محەمـەد کـوڕی حەسـەنی شـەیبانی ومـەولانا خالیـد خـۆی دەگێڕێتـەوە, سـەر عـەسمانی کـوڕی عـەففان . جگـە لەمانـە , جـامی زیـاتر لـە (80)سـاڵ‌و خالیـد کـەمتر لـە (50)ساڵ تەمەنیان کردووە.

ئەگەر تەمەنی کورتی مەولانا خالید لەگەڵ تەمـەنی درێـژی مـەولانا جـامی وتوانـایی و ناوبانگیـان بـەراورد بکـەین, دەبینـیین کـە مـەولانا خالیـد لـە سـاڵانی کـورتی ژیـانی خۆیـدا , زیـاتر لـە مـەولانا جـامی ناوبانگی دەرکردووە . لە هیندستان‌و ئەفغانستان‌و ئـەودیو رووباری ئامون‌و تورکەمەنستان‌و تورکیای عوسمانی وئێران و عیراق‌و سوریاو حیجازو میسردا , ژمارەیەکی زۆر لەزانایان‌و گەورە پیاوان وئەمیران, لەبەرامبـەر مـەولانا خالیـددا, سـەری ویسـتیان دانەوانـدووە, وبـەپێی هەندێ, بەهۆی سوڵتان حسێن میرزا ویەعقوب بەگ , داوەتـی سوڵتان

www.pertwk.com

محەمەدی فاتیح, یەکێك لە سوڵتانەکانی عوسمانی, بەمەبەستی دیدارو گەشت, بەرەو تورکیای ڕەتکردۆتەوە .

شاعەبدوڵڵای دەهلەوی ناسراو بە غوڵامعەلی :

یەکێکە لەساداتی گەورە ومەزن و لەساڵی 1158ی کۆچییدا , لە گوندی تبالەی سەربەپەنجاب چاوی بەجیهان هەڵهێناوە , مێژووی لەدایکبوونی, بەپێی حیسابی رستەکان , بەرامبەرە بەرستەی (مظهر جود) دێری خوارەوە لەدایکبوون و تەمەن و کۆچی دوایی شا دەردەخات:

ب(مظهر حود) جاء مدة عيشة (امام) قضى قل, نورالله
مضجعة 1158 82
1240

ڕەنگە پێشتریش ئاماژەم بەوەکردبێت کەلەهەندێ ناوچەی ئێران و هیندو ئەفغانستان, بەسەید دەڵێن شا, وەکو: شانیعمەتوڵڵا , شای

نەقشبەندو شاقاسمی ئەنوار . شاعەبدوڵلەتیف باوکی شاعەبدوڵڵا پیاوێکی زاناو داناو عارف و خواپەرست و پێگەیەکی بەرزی هەبوو, لە نێوان گەورەپیاوانی زنجیرەی قادری . ئەویش لەسەر دەستی شا ناسرودینی قادری , مۆڵەتی ئەم تەریقەتەی وەرگرتبوو . شاعەبدوڵلەتیف سەرقاڵی خواپەرستی و خۆراهێنان و هەوڵدان بوو, گەڵێجار کەبەمەبەستی زیکرو فیکرو بینینی دەستکردەکانی وەستای ڕاستەقینە, ڕووی لەدەشت و بیابان دەکرد , لەگژوگیا خۆراکی خۆی دابین دەکرد . جارێکیان بۆ ماوەی چەندشەو ڕۆژ نەخەوت و تەنیا برێکی کەم خۆراك لەشەودا نەبێت , هیچی نەدەخوارد . بۆیە لە پێناوی بەرگریی لە بەرامبەر سەرکەشیی نەفسدا , بۆ ڕۆژوگرتن نییەتی نەدەهێنا , شێخ سەربەتەریقەتی چەشتی و تەریقەتی شەعارییەش بوو .

شا عەبدوڵڵا لە ڕووی لێهاتوویی و بلیمەتییەوە, یەکێك بووە لە کەسایەتییە دانسقەکانی سەردەم, لە بواری مەعقول و مەنقولدا, گەیشتە پلەی زانا بەرزەکانی سەردەمی خۆی . باوکی لە خزمەتی شاناسرەدینی قادریدا بوو, پیاوێکی نارد تا شاعەبدوڵڵای کوڕی, بەمەبەستی وەرگرتنی تەریقەتی قادری, بۆ خزمەتی شاناسردین بهێنێت . بەرێکەوت ئەو شەوەی شا عەبدوڵڵا گەیشتە جێ, شاناسرەدین کۆچی دوایی کرد, باوکی گوتی, مەبەست لە هێنانی تۆ ئەوە بوو, لەسەر دەستی شاناسرەدین بەتەریقەتی قادری شاد ببیت, کەچی خودا لەچارەی نەنوسیبوو, وئێستا لەهەر شوێنێکدا بۆنی ڕۆح بەخشی ئیرشاد بەتۆ دەگات, بڕۆ بەدەمیەوە .

www.pertwk.com

شاعەبدوڵلا لەگەڵ کۆمەڵێ لەگەورەپیاوانی زنجیرەی چەشتی, باسوخواسی دەکرد, لەوانە: شێخ زیائوڵلاو شێخ عەبدولعەدلو هەردوو کوڕی شێخ ناسر, شێخ محەمەد زوبێرو شێخ میردەرو, مەولانا فەخرەدینو شەمسودین حەبیبوڵلا مەزهەری ناسراو بەرۆحی رۆحان کرد, داوای لێکرد کە بچێتە نێو تەریقەتی موجەددییە, میرزای رۆحی رۆحان پێی راگەیاند کە : شوێنێك شایستەی تۆیە کە شەوقو زەوقی تێدا بێت, لێرەدا جگە لەلێستنەوەی بەردی بێخوێ, هیچ شتێکی تر لەئارادا نییە .شاعەبدوڵلا بەنیازی تەواوەوە گوتی: ئەوە ئەو پەڕی ئارەزووی منە . میرزا پیرۆزبایی لێکردو لەتەریقەتی موجەددییە وەریگرت .

شاعەبدوڵلای دەهلەوی سەبارەت بەسەرتای ژیانی خۆی دەنووسێت کە: دوای بەدەستهێنانی زانستی حەدیسو تەفسیر, لەسەر دەستی شەهید(میرزای رۆحی رۆحان) بەدەستی خۆی تەریقەتی بەرزی قادری پێبەخشیمو زیکری تەریقەتی نەقشبەندی فێرکردمو نزیکەی(15)ساڵ, لەپاڵ خۆیدا, ئامادەی ئەڵقەکانی زیکر دەبووم, تا ئەوەی مۆڵەتی ئیرشادی گشتی پێبەخشیم, لەسەرەتادا دوودڵ بووم کە ئایا حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە جیهانی مانادا, مۆڵەت و بڕوانامە بەمن دەدات, تا لە تەریقەتی نەقشبەندیدا, دەست بەسەیرو سلوك بکەم یان نا؟ سەرئەنجام ئەو حەزرەتەم لە شوێنێکدا بینی دانیشتبوو وخواجە بەهائودینی شای نەقشبەند لە پاڵیدا بوو, ئەوەی خستە دڵمەوە کە بڕۆم بۆ خزمەتی شای نەقشبەند, دەمو دەس شێخ عەبدولقادری گەیلانی حەزرەتی غەوسی گەورە

فەرمووی: مەبەست هەر ئەوخودایەیە, بڕۆ هیچ دژواریو ئاڵۆزییەك لە ئارادانییە.

هەروەها دەڵێت: دابینکردنی بژێوی تەنگی پێهەڵچنیبووم, دەستکورتیو هەژاری زۆریان بۆ هێنا بووم, ومنیش ناوی خوام لێهێنابوو,وئەوەم کردبووە دروشمی خۆم, جگە لە حەسیرێك بۆ ڕاخەرو خشتێك لەبری سەرین هیچم نەبوو, گەلێ جار دەرگای حوجرەکەم لەسەر خۆم دادەخستو دەمگوت ئەمە گۆڕی منە . تائەوەی خوداوەندی مەزن دەرووی خێری لێکردمەوەو لە شوێنێکی نەناسراوەوە بەرەکەتی نارد . ماوەی (50) ساڵ لە کونجی قەناعەتدا, ژیانم بەسەر برد. دەڵێن کاتێ دەرگای حوجرەی لەسەر خۆی داخستبوو, پیاوێك هاتۆتە بەردەرگاکەو گوتویەتی, دەرگام لێبکەرەوە کارم بەتۆیە, شێخ دەرگاکەی لێنەکردبۆوەو هەرچەندە داوای کردبوو دەرگاکە بکاتەوە, بێسوود بووە, تا دواتر ئەو پیاوە لە پەنجەرەی حوجرەکەوە, بڕێ روپیەی هیندی فڕێداوەتە نێو حوجرەکەوەو رۆیشتووە .ولەو رۆژەوە ئیتر بژێویی ژیانی بەباشی بەڕێوەچووە .

تا لەئێوارەی شەوی عاشورای 1195ی کۆچییدا, لەئاکامی بریندار کردنی لەلایەن سێ مەغۆلەوە, میرزای رۆحی رۆحان (عاش حمیدا مات شهیدا) شەهید کرا . شاعەبدوڵلای دەهلەوی لە شوێنەکەی ئەودا, دەستی دایە ئیرشادو زیندووکردنەوەی تەریقەتی قادریو سوهرەوەردیو کیبرەویو چەشتیو نەقشبەندی, تائەوەی لە رۆژی دووشەممەی دوانزەی سەفەری ساڵی1240 دا کۆچی دوایی کرد .

www.pertwk.com

شاعەبدوڵڵای دەهلەوی شارەزایی لەزمانو ئەدەبی فارسیو نووسین بە سەبکی نووسینەکانی شێخ ئەحمەد فاروقی سەهرەندی بووە والەخوارەوە چەندین نامەو پەخشانی عیرفانی ئەو زاتە بڵاودەکەینەوە :

ئەم نامەیە وەڵامی مەولانا خالیدی موردیدی خۆیەتی :

مەولەوی خاوەنی پایەی بەرز, سڵاو

بەندە عەبدوڵڵای ناسراو بە غوڵامعەلی سڵاوت ئاراستە دەکات, کەماڵو پوختەی پێشینانت بۆ ئارەزوو دەکەمو ئەو کاریگەرییەی کەگەورە پیاوان بوویانو ئێمەی دەروێش لێی بێبەرین, ولە دەریای پڕی گەورەپیاوان, دڵۆپێك کەوتۆتە کاسەی سواڵی منی پایە نزمەوە . شێوەی بەدەستهێنانی ئەوەیە کە: یەکەم هیممەتو دیققەتکردن, دڵو ئەندامانی تر لە ڕێگەی بزاوتی زیکرەوە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە, دواتر جێبەجێکردنی (10)ئەرکەکە, نوورو رووناکی دەبارێتو مەترسییەکان دەڕەوێنەوە, هەرچەندە زۆر بن, وئاراستەکردن بۆ دەستەبەرکردنی بەرزبوونەوەو بایەخی ئەرکەکان, زیاتر سەرنجت رادەکێشن . کەواتە هەردەم مەبەستو هیممەت بەگرتنەبەری ئەرکەکانە, تاوەکو بەیارمەتی حەزرەتی حەق, راکێشان سەر هەڵدەدات و ئەرکەکان ئامادەی ویستی خوداوەندی دەبن . بارو دۆخی ژیان بەبوونی عەدەم پێناسە دەکرێت .

وئەم بزاوتانەی زیکرو کۆمەڵو تێبینیو بەرزبونەوەو ئەرکەکانو بوونی عەدەم, پێشەکین بۆ یاداشتو ئاگاییو ئامادە بوون, وهەر جارێ بوونی عەدەم بەبەردەوامی و بەرودوو گەیاندن دەگات, فەنا دێتە ئاراوە, وئەمەش بێئاگایی و لەخۆدابڕانە, نەك فەرامۆشی کە

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

ئەوە شتێکی ترە . ئەو زاتە دەفەرموێت کە ئەم پێشەکییەی پەیوەندییە لە دەروونی خۆمدا دەبینم, بۆیە سوپاس و ستایشی خودا دەکەم . بەخواستی خودا, لەماوەیەکدا لەگەڵ دەستەی یاراندا, فەنا روودەدات و, ئەگەر لەخەڵوەتێکدا, درێژەت بە زیکرو وەرگرتنی ئاگاییو ئامادەبوون دا, ئەوە هومێدی بەدەستهێنانی مەبەستە, خەڵوەتو گۆشە گیریو پابەند بوون, بەردەوامیی زیکرو وەرگرتنو بەدەستهێنانی پەری ئامادەبوونە لەرێگای یارانی داخوازییدا . حەزرەتی مەلا سەعدودینی پیری مەلا جامی (رەحمەتی خودایان لێبێت) کاری خۆی بەتەنیاییو بەردەوامی زیکرو ئاگایی بەرەو پێشەوە دەبرد, حەزرەتی شای نەقشبەند (رەحمەتی خودای لێبێت) بەر لەپلەی کامڵبوونی, مۆڵەتی بە مەلا یەعقوب داوە , خوازیاران لە هاودەمی یەکتردا گەورەترو بەرزتر دەبنو هەر کەمو کورتییەك وەلاوە دەنرێت, بۆیە بە پەیڕەویی لەحەزرەتی خواجە (خودا رازداری بکات) مۆڵەتی فێرکردنی تەریقەتمان داوە , وتۆش لە ڕێگەی رۆحی پاکی گەورە پیاوانو پشتو پەنای خوداوەندی مەزن بڵاوی بکەیتەوە . کاتەکان بەئەرکو کارەکان بەرەچاوکردنی پەیوەندی, بەگەڕانەوە بۆ رۆحی شێخە گەورەکان بە پێویست بزانیت, کارکردن بەپێی یاداشتەکان کارێکی گەورەیە, هیوادارین خوداوەندی مەننان بەرەزامەندی خۆی, بە پەیڕەوی خۆشەویستی خۆی (درودی خودای لەسەر بێت) سەرفرازتان بکات, ئامین . لەگەڵ سڵاودا .

نامەیەکی تر

بگات بەدەستی مەولەویی خاوەن پایەی بەرز, خودا بیپارێزێتو خوداوەند بەئارەزووەکانی شادی بکات .

www.pertwk.com

دوای سڵاو پێتان ڕادەگەیەنم کە: من هەرگیز لە ئێوە دڵزویر نیم, بەخودا هیچ ناخۆشییەك لە ئارادا نییە , بە وتەی کەس لەدڵی خۆتاندا , لەلایەن منەوە ڕێگە بەهیچ ئەندێشەیەك نەدەن . بەیارمەتیخوداوەندی گەورە بەکاری خوێندنی قورئان و موتاڵای حەدیس و ڕاڤەکردن سەرقاڵ بن , ولە قسەو باسو خۆهەڵقورتاندن پارێز بکەو بایەخ بەفەزڵی خودا بدەو سڵاو چۆنبوونو بێ مەترسی بوون یاخود کەم مەترسی بوونو سەرنج ڕاکێشان لەوماوە کەمەدایە بەم وەهەو گلەییانەی فەرمووتانە, بەم هەموو نیعمەتانەی حەزرەتی حەق سەرقاڵبن کە ستایشکردنیان ئەرکی سەرشانە . کەواتە هەر کارێ بەپێچەوانەی بڕواوە بێت, لە ئێوەدا چاوەڕوانی ناکەین, ئێستا گەڵێ گەرمەو گەشت کردن مەحاڵە, بەپابەند بوون بەبەردەوامی سوپاسگوزاریو چاکسازیی دەروونو پاکژکردنەوە سەرقاڵ بن, هەرکاتێ مامەڵەی تایبەت بەدەروون خۆبەخۆ گەشە بکات, بایەخ بەدیداری سەروتر دەدرێت, لەوە دڵنیابن لەگەڵ درووددا .

وێنەی مۆڵەت نامەکەی کە بۆ مەولاناخالیدی داڕشتووە:

بەناوی خوداوەندی بەخشندەو میهرەبان, دوای ستایشو دروود, بەندە عەبدوڵڵا موجەددی نەقشبەندی (خودا لەگوناهی خۆش بێت) ڕادەگەیەنێت کە: مەولانا خالید (خودا بیپارێزێت) سەرکاروانی زانایانی ئایین و گوڵبژێری داخوازیکەرانی ڕێگەی حەق, بۆ وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی لەدەڤەری کوردستانەوە هاتوونەتە لای بەندە, تاوەکو (10)مانگ لەخەڵوەتدا, بەزیکرو کارو بەوپەڕی توانەوە سەرقاڵ بێت . سوپاس بۆ خوداو بەهیمەتی پیاوچاکانی مەزن (ڕەحمەتی خودایان لێبێت) کە پلەو پایەی تەریقەتیان بەرز

کردۆتەوەو بەئامادەبوون ویاداشت و پاکژکردنی جیهانی فرمانو فەناو مانەوە چەکدار بوون. حاڵەتێك کەبەسەر شێوازی ویژدانی پەیڕەوی تەریقەتی حەزرەتی موجەددی (ڕەحمەتی خودای لێبێت)دا دێت, دەروونیان ڕووناك دەکاتەوەو لەکەماڵی تەریقەتەوە بەکامڵکردنی گەیشتن . بۆیە مۆڵەتی جێنشینیو پەروەردەکردنی تەلەبە سەرکەوتووەکانمان بەو بەخشی و لەتەریقەتی قادری و چەشتیو سوهرەوەردیو کوبرەوی (ڕەحمەتی خودایان لێبێت)دا, مۆڵەتمان پێدا, هەروەکو لەم تەریقەتەدا باوە, دەستی ئەو دەستی منەو ئەو جێگرو جێنشینی ڕاستەقینەی پیرانی منن, ڕەزامەندیی ئەو ڕەزامەندیی منەو, نارەزامەندی ئەو نارەزامەندی منەو, هەردەم سەرقاڵی زیکرو ئاراستەکراوەکانو چاودێرییەکانو پەیڕەوییکردنی سوننەتو پارێزکردن لە داهێنانی ئایینیو سەرقاڵی کاری زانستەکانی ڕاڤەکردنو حەدیسو سۆفیگەرییو ڕێنموونی تەلەبەکان بن .

اللهم اجعله للمتقين اماما وصلى‌الله على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين .

نامەیەکی تر:

بۆ بەڕێز خاوەن فەزڵو مەعریفە, حەزرەتی مەولانا خالید(خوداوەند بۆ سوودی موسڵمانان بیپارێزێت), دوای سڵاو پێتان ڕادەگەیەنم کە سوپاس بۆ خودا کە تاهەژدەیەمی مانگی زیقەعدە ساغو سەلامەتیت بۆ گەڕایەوە, ودوعای خێرتان بۆ دەکەم و دوعای خێریش بۆ بەندە بکەن, برەو پەیداکردنی تەریقەت بەهەوڵی ئێوە لەو دەڤەرەداو بەدڵسۆزیی, پێمان دەگات(الحمدلله اللهم زد فزد),

www.pertwk.com

لەتەریقەتی قادریو چەشتی زیکری ئاشکرا برەوی هەیە, مۆڵەتی فێرکردنی ئەو دوو تەریقەتەشمان داوە کە هەوڵی فێرکردنو بڵاوکردنەوەی زیکری ئاشکرا و نهێنیو رووکردن لە یەزدانو لە دڵ ببێتە هۆی خۆشەویستیو مەعریفە . خوای گەورە پیرۆزی بکات و هەروەها لە تەریقەتی کوبرەویو سوهرەوەردیشدا, لەگەڵ رێزمدا [1].

شێوازی نووسینی سادەو رەوانی پەخشانی فارسی لەسەدەی (11)ی کۆچیدا, لەنێوان شێخەکانی سۆفیگەریی هیند, بەئەو پەڕی گەشەسەندن و پەرەپێدانی خۆی گەیشت, لەکاتیکدا لەهەمان سەدە لەئێراندا کەلانەی زمانی فارسییە, پەخشانی فارسی تێدا رووەو کزبوون دەچوو, گەورەترین نووسەرانی سۆفیگەریی هیند کەبەرهەمی فراوانی بەزمانی فارسی لەدوا بەجێماوە, شێخ عەبدولحەقی دەهلەوییە لەگەورەپیاوانی قادری, یەکێك لەبەرهەمەکانی, راڤەکردنێکە بەزمانی فارسی, لەژێر ناوی (اشعة اللمعات) کە خوێندنەوەی کتێبی (مشكاة المصابيح)ی شێخ وەلیودینی

ئەبوعەبدوڵڵا موحەمەد کوڕی عەبدوڵڵای خەتیبی عومەری تەبرێزی لە رەمەزانی ساڵی 737دا لەنووسینی کتێبەکەی بووەوە, لەساڵی 738دا کۆچی دوایی کرد . ئیبن خەتیبی تەبرێزی کە جگە لەکتێبەکەی خۆی کتێبی (مصابيح السنه بغوى)یشی تەواو کردو ئەم کتێبە لە ساڵی 1809زایینییدا,وەرگێررایە سەر زمانی ئینگلیزی .

کتێبی (اشعه اللمعات)لە چاپخانەی تیج کۆماری شاری (لەکهنو) لەهیندستان, لە چوار بەرگدا ولە 1532 لاپەڕەی 27 دێرییدا بەخەتی فارسی(نەستەعلیق)چاپکراوە . شێخ عەبدولحەقی دەهلەوی کتێبێکی تریشی بەناوی (اخبار الاخيار) سەبارەت بە مێژووی شێخە

سۆفییەکانی هیندستان بڵاوکردەوە, وەکو شەرحێك بۆ نووسینی حەزرەتی شێخ عەبدوالقادر گەیلانی کە لە پەراوێزی ئەم کتێبەدا, نووسینەکانی شێخ عەبدولحەق بەخەتێکی ورد نووسراوە . شێخ عەبدولحەق لە پێشەکی کتێبی(اشعةاللمعات)دا, چوار خەلیفەکەی سوننیەکانو کۆمەڵێکی تر لە پیاوانی حەدیسی هێناوەتەوە کەلەو نێوانەدا, بەمەبەستی خستنە رووی پەخشانی فارسی ئەو, لە وەرگێڕانەکەی (دار قطنى) هەڵدەبژێرین:

دار قوتنی: ئەبولحەسەن عەلی کوڕی عومەری دار قوتنی, حافیزی حەدیس و زانای بەناوبانگو وتاربێژی کاملو هزرمەندو کارگێری بێهاوتای چەرخی خۆیەتی, لەزانستی حەدیسو زانینی هۆکارەکانیو ناوی گەورەپیاوانی حەدیسدا بێهاوتا بوو. بەراستگۆییو ئایینداریو موتمانەو عەدالەتو بڕوای راستەوە, ودەڵێن کەدوای ئەو, لەو بوارەدا کەسێك نەهاتووە و ئەم هونەرە لەودا کۆتایی هات, ولەراڤە کردنو فیقهـ و ئەدەبو شیعردا, کاملْ بوو. فیقهـ

و روایەتو حەدیسی لە ئەبو سەعید ئیستەخرییەوە وەرگرتووەو, حافیز ئەبو زەعیم و ئەبو بەکری بەرقانی و جەوهەری وقازی ئەبو تەییبی تەبەریو حاکم ئەبو عەبدوڵڵا نەیشاپوری لەبارەیەوە دەگێڕنەوە, ولەویان پرسی کەکەست بینیوە وەکو دار قوتنی بێت, گوتی, ئەو خۆی لە وێنەی خۆی نەدیوە, ئیتر من چۆن بیبینم . لە ساڵی 305 یان 306 لە بەغدا لەدایك بووەو رۆژی چوارشەممەی (22)ی زیقەعدەی ساڵی 385 لەهەمان شوێندا, کۆچی دوایی کردوە.

www.pertwk.com

یەكێكی تر لە فارسی نووسەكانی سۆفیگەریی هیند لەسەدەی یانزەی كۆچی, شێخ ئەحمەدی فاروقی سەهرەندییە, ناسراوە بە ئیمامی رەببانی(موجەدیدی ئەلیفی دووەم). هەروەها چەند بەرهەمێكی پڕ بایەخی بەزمانی فارسی دوای خۆی بەجێهێشتووە كە بە پێزتریان كتێبی (مكتوبات)ە . شێخ لەو كتێبەدا, وردەكاری پەیڤو عیرفان و شوێنی هەوادارانی تەریقەتو مەقاماتو پلەو پایەیان بەزمانێكی سادەو شیرین خستۆتە ڕوو .

چەند دێڕێك لە یەكێك لە نووسراوەكانی بڵاو دەكەینەوە :

بزانە كەمانای(تخلقوا باخلاق الله) كە لەویلایەتدا وەرگیراوە ئەوەیە كە بۆ وەلییەكانی خودا روویدات, هەر وەلییەكی خودا خاوەنی ئاكاری گونجاو بێت , هەر كارێك كە خوداوەند بەئەركی دانابێت . بەڵام ئەم بۆنەیە لە ناودایە و بەشدارییی لە گشت ئاكارەكان لە مانا تایبەتەكاندا كە خوداوەند بەئەركی دانابێت, كە مەحاڵن و پێویستییان بەهەڵگەڕانەوەی راستییەكانە كە لەتوێژینەوەكانی خواجە محەمەدی پارسا (خودا رازداری بكات)دەفەرموێت لەبواری روونكردنەوەی مانای (تخلقوا باخلاق الله) ئاكارێكی تری خودایەو مانای مەلیك بۆ هەموانە, هەر كەهەوادار زاڵ بێت بەسەر رێگەی نەفسی خۆیدا و بتوانێت كۆنترۆڵی بكات, ئەوا دڵەكان یەخسیر دەكات, بەو ئاكارە وەسف كرابێت . ئاكارێكی تر گوێڕایەڵ بێت, كەپەیڕەوی رێگە , وتەی حەق لەهەر كەسێكەوە بێت پەسەندی دەكاتو رازەكانی سروش وراستییەكان بەگوێی رۆح دەشنەفێت و ئەو ئاكارەی تێدا بێت . ئاكارێكی تر ئەوەیە بینا بێت, هەركە كەسی پابەند بەدیدەی بینایی بینا بێت و بەنوری ئاگایی هەموو كەمو

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

كوڕییەكانی خۆی وبارو دۆخی ئەوانی تر ببینێت . واتە هەموو كەسێك باشتر لەخۆی ببینێت وهەروەها بینینی حەق رەچاو بكات, وئەم كارەی تێدا بێت, ئاكارێكی تر زیندوو كەرەوە بێت, وهەر پابەندێك رێگەی زیندووكردنەوەی سوننەت بكات بە پیشەی خۆی و ئەم ئاكارەی تێدا بێت . ئاكارێكی تر ئەوەیە بتوانێت بمرێنێت و هەركەكەسی پابەند رێگە بەخەڵك نەدات لەجێگەی سوننەت كاری (بدعه)ئەنجام بدەن, ئەوا ئەم ئاكارەی تێدایە .

شێخ سیراجودین عوسمانی نەقشبەندی
موجەدیدی خالیدی

بەرلەوەی باسی ژیانی عارفو شاعیری لاو حاجی شێخ عەبدورەحمانیﻧەقشبەندی (وەفا) بكەین لەسەر زاری باوكی رێزداریەوە, شێخ سراجودین عوسمانی نەقشبەندی , ولەبەر ئەوەی تەریقەتەكەی نەقشبەندیی موجەدیدییە, بۆیە بەباشم زانی كەسەرتا ,

www.pertwk.com

موجەدید واتە شێخ ئەحمەدی فاروقی سەهرەندی (سەرهەند) بەخوێنەران بناسێنم ودواتر بچمە ناو کرۆکی باسەکەوە :

شێخ ئەحمەد فاروقی سەهرەندی, ناسراو بەرەببانیو موجەدیدی ئەلفی سانی, بە(28)پشت دەچێتەوە سەر حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب (خودا لێی رازی بێت), لەساڵی 971ی کۆچییدا لەدایك بووە, وبەهۆی تیژ هۆشی و بلیمەتییەوە, لەماوەیەکی کەمدا, توانی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان تەواو بکات, ولە سەردەستی باوکی خۆی شێخ عەبدولئەحەد مۆڵتی تەریقەتی چەشتی وقادری و سوهرەوەردی و کوبرەوی وەرگرت, باروبنەی بەمەبەستی گەشت بۆ حەج پێچایەوە, کەگەیشتە شاری دەلهی , بەهاوڕێیەتی خواجە محەمەد باقی بیللا مەرزوق و لەسەردەستی ئەو تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت , لەماوەی دوومانگ و چەند رۆژێکدا , نازناوی نەقشبەندی بەدەستهێنا, بەوەی هەر لەو رۆژانەدا, خواجە محەمەد باقی بیللا, دەربارەی ئەو بۆ یەکێك لە دڵسۆزانی خۆی دەنووسێت :

((ئەحمەد ناوی پیاوێکە خەڵکی سەرهەند , زانایەو کردە, ماوەیەك لەگەڵ هەژاراندا ژیاوەو گەلێ کاری سەرسووڕهێنەر لەودا بینراوە, وادەردەکەوێت کە ببێتە خۆرێك و جیهان لەسایەیدا رووناك بێتەوە))

هەروەها دەڵێت: ((شێخ ئەحمەد خۆرێکە کە هەزارانی وەك ئێمە لە سایەیدا ونن)) .

شتی زۆری وەك ئەو ستایشانەی خواجە دەگێڕنەوە , کەلەم دەرفەتە کورتەدا بواری گێڕانەوەیان نارەخسێت, هێندەی نەبرد کە ناوبانگی کەماڵی رواڵەت و دەروونی شێخ ئەحمەد , دەوروبەری

گرتەوەو تاقمێك لە توێژی جۆراو جۆری روویان لێی کردو خۆیان بەوەوە بەستەوە , ئەو لە زانستەکانو پایەی عیرفانو ئۆقرە گرتنو رەزامەندی و تەسلیم بوونو رێزناندا و بەشێوەیەکی رێژەیی و بەپێی حاڵەتی بەرامبەرەکەی, و بەزەیی بەخەڵك و پەیوەندیی خزمایەتیو رەچاوکردنی چەمکەکانی مافو دەستپێشخەری لە سڵاوکردنو نەرمونیانی لە قسەکردندا, تاکانەی چەرخی خۆی بوو .

شێخ ئەحمەد لەدوارۆژانی ژیانییدا, ئەرکی وانە وتنەوەی بەکوڕەکانی سپاردو خۆشی گۆشە نشینی هەڵبژارد , تا ئەوەی لەسەرەتای مانگی رەبیعولئەوەلی ساڵی 1034ی کۆچیدا, کۆچی دوایی کردو گیانی پاکی سپارد بەخوداو بەرەو بەهەشت چوو(رەحمەتی خودای لێبێت) .

شێخ ئەحمەد چەندین نووسراوی هەیە بەزمانی فارسی کەبە پەخشانی گەلێ پاراوی ئەو سەردەمە لەقەڵەم دەدەرێن, ئەگەرچی لەو سەردەمەدا, پەخشانی فارسی لە ئێراندا بەرەو کزی دەڕۆیشت, بەڵام لەهیندستاندا گەشەی باشی کردبوو . ئەم راستییە لەرێگەی نووسراوەکانی شێخ ئەحمەدی فاروقی کەچەند پەرەگرافێکی لێبڵاودەکەینەوە, بەباشی دەردەکەوێت :

بۆ شێخ بەدیعودین: ((ئەو نامە پیرۆزەی بەشێخ فەتحوڵڵادا ناردبووت گەیشت, سەبارەت بەمەینەتو گلەییو سەرزەنشتی خەڵکی نووسیبوویان, ئەوە پەناگای زێبای ئەم خەڵکە و پاکژکردنەوەی ژەنگو تەڵخی ئەوانە . بۆچی ببنە مایەی دڵتەنگی, سەرەتا کە بەندە گەیشتمە ئەم قەڵایە, واهەست دەکرا کەرووناکی گلەیی خەڵك لەشارو گوندەکان, وەکو رەنگی هەوری نورانی, بەلێشاو

www.pertwk.com

دادەباری‌و، کاری بزواندن‌و راپەڕین دەگەیەننە ئەو پەڕی، سالأنێك بەپـــەروەردەکردنی جـــوانی قۆناغگـــەلێکی بڕیـــوەو ئێـــستاش بەپەروەردەکردنی گەورەیی هەنگاو دەنێت، ولەپێگەی ئۆقرە گرتن‌و لەپێگـــەی رەزامەندیـــدابن‌و جـــوانی‌و گـــەورەیی یەکســـان ببیـــنن .

نووسیویانە کە لەو کاتەوە ئاشوب سەریهەڵداوە، شادی نەماوەو نەك هەر دەبوا زەوق‌و شادی دووبەرامبەر بوایە، ئەوەتا دڵتەنگی‌و رەنجی خۆشەویســت زیــاتر لەوەفاکــەی چێژدارە . چ بەڵایەکــە ســەبارەت بەرەنگی خەڵکی رەشۆك قسەوباس بکرێت، گەڵ لەخۆشەویستی خود دوورکەوتوونەتەوەو، بەپێچەوانەی جارانەوە، گەورەیی دەدەن بەسەر جوانیـــدا، وزیـــاتر لـــەوەی بایـــەخ بەنیعمەتـــەکان بـــدەن، بایـــەخ بەپەخشکردنی دەدەن، چونکە لەجوانی‌و نیعمەتەکاندا، مورادو نیازی خۆشەویســت گوزارشــت لــە مــرازی خــود دەکــات‌و، لەگــەورەیی‌و پەخشکردندا خۆشەویست تەنیا مرازو موورادەو بەپێچەوانەی مرازی خودەوەیـــە، مـــورادو مـــراز لێـــرەدا، کـــاتی رابـــردووە(شـــتّان مابینهما)چەندە لەیەکترەوە دوورن ! باسی زیارەتی ماڵی خوداو پێغەمبەریان کردبوو، کارێکی پەسەندە (حسبنا الله ونعم الوکیل))).

بـــۆ مـــیر موحیبـــوڵلا: دوای ســتایش‌و درووودو نــاردنی ســڵاو، پێتانڕادەگەیەنم، نامەی پیرۆزی برای گەورەم میر سەید حەبیبوڵلا گەیشت .شادی لەگەڵ خۆیدا هێنا . چارەنییە دەبێ خەڵکی بەرگەی ئــەو ئازارانــە بگــرن و خزمــان لەســەر ئــۆقرە گــرتن لەبەرامبــەر ئــەو دڵتەنگییانە رابهێنە. قال الله تعالى آمرا لحبیبه علیه الصلواة والسلام : فاصبر کما صبر اولو العزم من الرسل ولا تستعجل لهم . خوداوەندی گەورە بە خۆشەویستەکەی (درووی خودای لەسەر بێت) فەرمووی:

ئۆقرە بگرە هەر وەکو چۆن پێغەمبەرانی ئولولعەزم ئۆقرەیان گرت‌و پەلە مەکە .

نمەك لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو پلەوپایەیەدا، هەمان رەنج‌و ئازارە، وئێوە لە ئاستی هەڵهاتن لەو نمەکەدان .

بەڵێ سوپاسگوزار لەنمەك ناترسێت، دەسەڵات چییە:

هرکه عاشق شد اگرچه نازنین عالم است نازکی کی راست آید بارمی باید کشید

وابڕیـــاربوو ئەگـــەر مۆڵـــەتم بـــدەن لـــە ئاڵـــەئاباد نیشـــتەجێ بـــبم، خانوویەك دەستنیشان بکەن، تاوەکو لە دەست رەنج پەنای پێ ببەن‌و هەندێ پشوو بدەن (هذا هو طریق الرخصة وطریق العزیمة و الصبر والتحمل علی الایذاء: ئەمەیە رێگەی مۆڵەت‌و رێگەی ورە ئۆقرەگرتن‌و بەرگەگرتنی ئازار. لەم ساتەدا، ناتوانایی زاڵ بوو بەسەرمدا، هەروەکو بەلاتانەوە، ئاشکرایە . بۆیە بەچەند وشە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا).

هـەروەکو لـەناوەرۆکی کتێبی (خزینة الاصفیاد)دا دەردەکـەوێت : نـورەدین جیهـانگیر شـای پاشـای هینـد بەهـەولی هاوسـەرەکەی نـور جیهانی بیگەم، میانەی لەگەڵ شێخ ئەحمەد فاروقی سەهرەندیدا باش نەبووە .

جارێکیـان لای شـا، شێخ تاوانبار دەکـەن کـە: پلـەو پایـەی خـۆی لەپلـەی ئـەبو بـەکری سـدیق بـەرزتر دەزانێـت، شـا لـەرووی گلـەیی کردنـەوە، داوای روونکردنـەوەی لێکـرد . ئـەویش بەبەڵگـەی هـزری و روایەت‌و عرفانی، قەناعەتی بە شا کرد کە: ئەوە تومەتێکی دوور لە راستییەو دەستکردی بیری دوژمنانە .

www.pertwk.com

جارێکی تریش دوژمنان لە رێگەی نور جیهان بیگەم, ئاگری ئاشوبیان لای جهانگیرشا بەرپاکرد کە گوایە شێخ ئەحمەد تاقمێکی زۆری لە موریدەکانی خۆی گلێر کردۆتەوەو بەتەمایە شۆڕش بکەنو لە شا یاخی بن . پاشا داوای لێکرد کرنووشی شایانەی بۆ ببات, شێخ ئەم کارەی بەپێچەوانەی شەرع زانیو ئەنجامی نەدا . جهانگیر بەو کارە قارس بوو, ئەوەی کردە بیانوویەكو لە بەندیخانەی دانا, شێخ ئەحمەد دووساڵ لە بەندیخانەدا مایەوە, دوای ئەوەی پاشا ئازادی کرد . خودی شێخ دەڵێت کە: ئەو بەند کردنو سووکایەتی پێکردنە, بووە هۆی گەشەی مەعنەوی زیاتر بۆی . مەخابن خەڵکی رەشۆك, تاوانی ئەم رووداوەیان لە ئەستۆی شێخ عەبدولحەقی دەهلەوی گەورە زانای دینو ناوداری ناو شێخانی زنجیرەی قادری ناو, وەها گەورە پیاوێکیان بەم تاوانە تاوانبار کرد, بەجۆرێ کە داستانی ئەم کردە دروستکراوە, بەسەر لاپەڕەکانی مێژووەوە بمێنێتەوە (ولیس هذا اول قارورة كسرت في الاسلام).

شێخ عەبدولحەقی دەهلەوی ماوەی 94 ساڵ تەمەنی کرد, زیاتر لە (12)ساڵ لە شێخ ئەحمەدی سەهرەندی گەورەتربوو ونزیکەی (18)ساڵ دوای ئەو کۆچی دوای کرد . شێخ عەبدولحەقی دەهلەوی, شەرحێکی بەچێژی بەزمانی فارسی لەسەر (مشكاه المصابيح)ی شێخ وەلیودین ئەبو عەبدوڵلای خەتیبی عومەری تەبرێزی(کەلەساڵی 738ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە) نووسیووە . وناوی ناوە (اشعة اللمعات)و جوانترین کتێبی بواری پەیڤە . چەند کتێبێکی تری وەکو (اخبار الاخبار)سەبارەت بە زیکری شێخە سۆفیگەرەکان, وەرگێڕانی (فتوح الغيب)ی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و چەندین نووسراوی

بەزمانی فارسی هەیە. لە 958دا لە دایك بووەو لە 1053ی کۆچییدا, کۆچی دوایی کردووە . نزیکەی (100)کتێبی هەیە .

لێرەدا بۆ شارەزابوون لە شێوازی داڕشتنی پەخشانی فارسی, لە لایەن شێخ عەبدولحەقی دەهلەوی, دواوتەی لە کتێبی (اشعة اللمعات)دا بڵاو دەکەینەوە :

((عن بهز بن حكيم عن ابيه عن جده انه سمع رسول الله صلى‌الله عليه واله وسلم , يقول في قوله تعالى: كنتم خير امة اخرجت للناس . قال انتم تتمّون سبعين امة انتم خيرها واكرمها على الله: گوتی ئێوە حەفتا ئومەتەکە تەواو دەکەن و ئێوە باشترینو گەورەترینیانن و, مەبەست لە حەفتا فراوانییە نەك سنووردار کردن و ئەم ژمارەیە بۆ زۆر شتی تریش بەکار دەبرێتو مانای فراوانی هەیە .

ورەنگە زۆربەی ئۆمەتەکانی پێشوو وجەماوەرو بەناوبانگەکانیان, هەر بەو ژمارەیە لێکبدەنەوە, مورادو مەبەست دواییینیانە, هەروەکو پێغەمبەر کەدوا پێغەمبەرە, ئێوە دوا ئۆمەتو باشترینیانن, کۆتایی کتێبیش بەم وتەیە کە گوزارشت لە کۆتایی و تەواوکردن و کامڵکردن دەکات, باشترین کۆتاییە)) .

(وەفا) و لە دایکبوونو شوێنی نیشتەجێبوونو بنەماڵەو باوك

www.pertwk.com

وەفا لە شارۆچکەی تیوڵە یان تیوڵێ لەدایك بووە, سەربەناوچەی هەورامانی لهۆنە, دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوور, کە ئێستا لەخاکی عێراقدایە, وبەهەڵە بەتەوێڵە یان تەوێڵی ناودەبرێت . تیوڵە نزیکە(1000)ماڵە, بەزمانی کوردی گۆرانی, واتە زاراوەی خەڵکی هەورامان, دەدوێنو هەموویان سوونێن لەسەر ئاینزای ئیمامی شافیعین (رەزای خوای لەسەر بێت) . تیوڵە ناوچەیەکی کوێستانەو باخو باخاتی چڕەو ئاووهەوای سازگارەو دیمەنی دڵرفێنی تێدایەو لە چیاکانیدا کەڵەکێویو ئاسكو بزنە کێوی فراوانە, بەڵام دیمەنی شارۆچکەکە, لەبەر ئەوەی دەکەوێتە نێو دۆڵێکەوە, هێندە دڵفرێن نییە . رەنگە ناوی تویڵە ئەوە بێت کەلەلایەن یەکێك لە پاشاکانی ئێرانەوە لەو دەوروبەرەدا, بەناونیشانی تیوڵ بەکەسێك بەخشرابێت, وئەوەش دواتر بووبێت بەناوی ئەو شوێنە . تیوڵ وشەیەکی تورکییە بەمانای کۆمەكو مووچەو موڵكو بەکرێدانی خانووبەرەو زەوییە, یاخود سەرپەرشتی کۆکردنەوەی باجی گوندێك لەلایەن دەوڵەتەوە, بەیەکێك لە خزمەتگوزارانی خۆی دەسپێردرێ, لەبری مووچەیەکی دیاریکراودا . شایانی وتنە, بەر لە دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر ئەو ناوچەیەدا, ئەو شارۆچکەیە هەر ناوی تیوڵە بووە.

لەم شارۆچکەیەدا, مەزاری یەکێك لەعارفانی بەناوبانگی کوردی تێدایە, کە لەزۆربەی شوێنە موسڵمان نیشینەکاندا, ناوی دەبەن . لەم شارۆچکەیەدا, شێخ سراجودین عوسمانینەقشبەندی لەدایك بووە کە ناوبانگو کەماڵو عرفانی, زۆربەی ناوچەکانی ئاسیای گرتۆتەوە . شێخ سراجودین کوڕی خالید ئاغایە, باوكو باپیری لە نەجیبزادەو

گەورەپیاوانو دەسەڵاتدارانی ئەو شارۆچکەیە بوونو لەتەواوی ناوچەی هەوراماندا, راوێژکاری خەڵکی بوونە, ولەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو شارۆچکەیە بوونەو لەتەواوی ناوچەی هەوراماندا, راوێژکاری خەڵکی بوونە, ولەلایەن دەسەڵاتدارانو فەرمانڕەوایانو والیانی سەردەمی خۆیاندا, کاروباری سەرپەرشتی کردنی ئەو شارۆچکەیان پێ سپێردراوە, بەتایبەتی خالید ئاغا لەلایەن میرانی بابانەوە, رێزی تایبەتی لێگیراوە .

حاجی شێخ عەبدوررەحمان(وەفا)و براگەورەکەی شێخ بەهائودین محەمەد ئەبولبەها, هەردووکیان لە رووی ڕاستگۆییو ویستو دڵسۆزییەوە, بەچەند شیعری پاراو, ستایشی باوکی خۆیانیان کردووە, کە ئاماژە کردن بەهەندێکیان بێسوود نییە:

ستایشی وەفا:

بازم ازنوای حریفان شور دیگر درسراست   سینەام گـوشـی زسوز آتش دل مجمراست

ازخیال ابروی همچون هـلال مهوشم   دامنو حبیبم زاشك دیدگان پـراختراست اینکه

بریای خیـال یـار بـارم روزو شب   اشك پندارند مردم لیك لعل وگـوهراست

برگلستـان صفا بادصبا چون بگذرد   از قدومش کومو صحرا پـراز مشك اذفر است

نخل امید وفـای دوست درباغ امل   گرچە خوش قامت بود امّا نهال بی براست

www.pertwk.com

ستایشی شێخ محەمەد بەهائودین ئەبولبەها :

از صفاو بهجت دوران کسی دل شیاد نیست　　غیر آنکه رسته ازخوددر جهان آزاد نیست
درنخستین گام ترك کرد ازآنکه　　صیدرا آزادگی ازدام آن صیاد نیست جلوه
بنمای ای سرخیل خوبان تاشود　　تازه آن عهدی که عهد لیلیش دریاد نیست
روی زیبا قدر رعنا چشم شهلای توبس　　حاجت گل یاسمین یانرگس وشمشاد نیست
ای دل ازمن این نصیحت گوش کن گرصادقی　　شیوهٔ عشاق کویش شکوه از بیداد نیست
بولبها گرزانکه خواهی کشف راز عشق را　　ازسراج الدین طلب چون وی کسی استاد نیست

کوه حلم وبحر عرفان شیخ عثمان آنکه شد
عرش رحمانی دلش, زین خوبتر بنیاد نیست

تەنیا کوڕەکانی خودی شێخ سراجودین ئەویان ستایشی نەکردووە, بەڵکو بیری وێنایی مەعنەوی و پایەی بەرزی و عیرفانی لە ئاستێکدا بوو کە زانایانی پایە بەرزی سەردەم, لە نووسینە بەهادارەکانی خۆیاندا, ستایشیان کردووەو باسیان لەتایبەتمەندییە باشەکانی کردووەو بەنەمریان لەقەڵەم داون . بۆ نموونە مەولەوی سەید عەبدوررەحیم (مەعدوم) لە خێڵی تاوگۆزی, کە یەکێکە لە بەشەکانی هۆزی باباجانی (باوەجانی)ی جافی جوانرۆ, لەعەقیدەی مەرزییەدا, بەزمانی کوردی, بەم جۆرە ستایشی شێخی کردووە :

شوڵەی ئەو نیسبەتی موجەددییە　　لمطلعها الفتحیة
بۆ دفعی زوڵمەت لە نزیك‌و دوور　　سەرەیانی کرد بلوور ئەو بلوور
تادای لەبلووردانی شنەفتە　　شارەزای سارای ئەتواری هەفتە
واسیتەی ڕێگەی بەینی عیلم‌و عەین　　واریثی حائیز حەیای زینورەین
سیراجی وەهاجی شەرع وتەریقەت　　سەرمایەی رواجی کاڵای حەقیقەت
حورمەتی نەهێشت گوستاخی کردن　　نام نامی ئەو بەسەریح بردن
لەودڵی ناجنس رنگی ترئاوەرد　　زیندەی ئەبەد بوو تێدا زیاد کرد

www.pertwk.com

(لەو دڵی ناجنس)ی دوا دێڕدا, بەپێی بنەمای هێما, (شێخ عوسمان)دەگەیەنێت, دڵی ناجنس کە هەڵگەڕاوەیەتی و دەکاتە (سنجان) وهەر جاریٚ سنجان ڕەنگێکی تری بەخۆوە گرت, واتە ببێت بە موسەححەف, ئەوا بەشێخان دەبێت, ومەبەست لە (زندەی ئەبەد), لابردنی پیتی (ە) لەکۆتاییدا کە (زند) دەمێنێتەوە وهەرکە پیتەکانی (ز ن د) لەدەروندا لەرادەبەدەر پێشبخرێت,

(ع س م) بەدەست دێت, واتە زندەی ئەبەد, واتە بیٚ پیتی کۆتایی کە پیتی (ە)یەو پێشخستنی (ز ن د), بەپێی حسابی رستەکان لەخانەی یەکان بۆ دەیانە و لەدەیانەوە بۆ سەدانە, بەم پێیە,

(ز) کەحەوتە, حەفتا (ع) و (ن) کەپەنجایە, پێنجسەد (ث)و (د) چوارە دەبێت بە چل (م) .

مەولەوی سەید عەبدوررەحیم/ مەعدوم لە هۆنراوەی فەزیلەتدا, بەعەرەبیش ستایشی شێخ سراجودین عوسمانی کردووە, هەروەها مەلا حامیدی کاتبیش, لەدووبەرامبەر کردنەکانی کتێبی (ریاض المشتاقین)دا, شێخی بەشێوەیەکی جوان ستایشی کردووە . دوای ئەم پێشەکییە, ئیتر نۆرەی ئەوەیە بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان :

شێخ سراجودین لە ساڵی 1195 کۆچی, لەشارۆچکەی تیوڵە لەدایك بووە, هەر لەوێدا پەروەردە بووەو لەژێر چاودێریی پەروەردەکردنی باوکی رێزدارو خواناسدا . خالید ئاغای باوکی لەو دەڤەرەدا, دەسەڵاتی هەبووە .

خاوەنی دەسەڵاتو نۆرێنو پیاوێکی ناودار بووە, خەڵکی ئەو ناوچەیە گوێرایەڵی فرمانەکانی بوون, جگە لەشێخ سراجودین عوسمان, کوڕی تری هەبوو, لەوانە عەبدول ئاغاکە هەریەکەیان,

بەپێی توانای خۆیان لە سنووری پێگەیو دەسەڵاتی باوکیاندا, سەرقاڵی کەسابەتو دابین کردنی بژێویی خۆیان بوون .

شێخ عوسمان هەر لەسەرتای دەورانی منداڵییەوە, لە خزمەتی زانایانی تیوڵەدا, سەرقاڵی فێربونی قورئانو پێشەکییەکانی زمانی فارسیو عەرەبی بوو. دڵی بۆ شتێکی تر, جگە لە چەمکەکانی ئایینو فێربوونی زانستەکانی شەرعو یادکردنی خوای گەورە, لێینەدەدا . چوونەوەی بۆ سەر باوکی کتومت وەکو چوونەوەی شێخ ئەبو سەعید کوڕی ئەبولخەیری میهنی وابوو بۆ سەر باوکی . دەگێڕنەوە کە"باوکی ئەبو سەعید, دۆستی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بوو, خانوویەکی بۆ دروستکردبوو ودەرو دیواری پڕکردبوو لە وێنەی مەحمودو لەشکرو فیلەکانی, شێخ ئەبو سەعید ئەوسا منداڵ بوو, گوتی: باوکە, بۆ منیش خانوویەك دروست بکە . ئەبو سەعید خانووەکەی پڕکرد لەوشەی (اللّٰه), باوکی گوتی بۆچی ئەوانە دەنووسی؟ گوتی: تۆ ناوی سوڵتانەکەی خۆت دەنووسی و منیش ناوی سوڵتانەکەی خۆم دەنووسم . ئەوە کاری لێکردو لەکردەی خۆی پەشیمان بووەوەو, وێنەکانی سڕییەوەو ئەویش دڵبەندی کاری کوڕەکەی بوو " .

بێگومان کاتیٚ خالید ئاغا سوپاسگوزاری نیعمەتی فەرمانڕەوایی بابان بوو, لە خزمەتیاندا بوو, شانازی بەپێگەو شوێنی خۆی دەکرد بەلای پاشاوە, شێخ عوسمانیش شانازیی بە مەولای خۆیەوە دەکردو, لەناخی دڵەوە سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خوداوەند بوو . وئەو نیعمەتە کاتیانەو ئەو هێزو دەسەڵاتە سستانەی بە پولێك

www.pertwk.com

نەدەکرێ, وەرەنگە ئەم حاڵەتە گەڵێ جار بووبێتە هۆی ناتەبایی نێوان باوك و کوڕ, بەڵێ:

هرکس بەقبلە ٔ کرد روی نیاز خودرا   هند و صنم پرستد من سرو نازخودرا

ئەمیر خەسرەوی دەهلەوی دەڵێت:

هر ملتی وراهی دینی وقبلەگاهی   من قبلە راست کردم برسوی کج کلاهی

زاناو ناودارەکانی ئەو سەردەمە لەدوو گوندی نزیکی تیوڵە, سەرقاڵی وانە وتنەوە بوون :مەلا ئیبراهیم لە گوندی بیاریٚو شێخ عەبدوڵڵا لە گوندی خەرپانی . بەگومانی نزیك لە راستییەوە, دەتوانین بڵێین: کە شێخ عوسمان سوودی لە وانەوتنەوەی ئەو دوو گەورە پیاوە وەرگرتووە . ولەگەڵ لاوێکی گەڵێ زیرەك و سیمانورانی و خواپەرست, بەناوی مەولانا خالید لەیەك حوجرەدا , دەرسیان خوێندووە .

شێخ عوسمان سەرەتای هەرزەکاری خۆی تا تەمەنی (31) ساڵی بە خواپەرستیو دەستەبەرکردنی زانستو گۆشەگیری و دابڕان و خۆشکاندنەوە بیٚناوییو هەژاری لە شوێنە پیرۆزەکانی کوردستانو لەبەغدا و مەزاری غەوسی گەورەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییدا دەگوزەرێنێت . بەندە کتێبێکم هەبوو بەناوی (شرح شاه صدیقی هراتی بر کلمات شیخ عبدالقادر گیلانی) بەخەتی شێخ سراجودین عوسمان , کە لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسیبووی: عوسمانی کوڕی خالیدی تیوڵەیی لە مەکتەبی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە 22ی رەجەبی 1226دا نووسیویەتی, مەخابن پیاوچاکێك داوای ئەو

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

کتێبەی لێکردم بۆ ماوەی (3)مانگ و تائێستا کە (13) ساڵ بەسەریدا دەگوزەرێت, هێشتا ئەو کتێبەی بۆ نەگێڕاوەمەتەوە . بەراستی گوێ رایەڵیی فرمانی : (ان اللە یامرکم ان تؤدّوا الامانات الی اهلها) هەروا دەبێت !! . مێژووی نووسینی ئەو کتێبە لە بەغدا بەخەتی شێخ عوسمان, هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی مەولانا خالید, لەگەشتی هیند بۆ شاری سلێمانی.

لەم پێشەکییەدا دەردەکەوێت کە: ساڵانێك بەر لە گەشتی مەولانا خالید بۆ وڵاتی هیند, شێخ عوسمان سەرقاڵی سلوك و هەوڵ و کۆشش بووە, دوور نییە کە تایبەتمەندیی پەروەردەکردنی ئەو لە لایەن مەولانا خالیدەوە بووبێت, چونکە ماك و خۆنەویستی و خواپەرستی شێخ عوسمان کارێکی کردبوو کە لەبەر چاوی باوکی کەوتبوو, تا ئەو رادەیەی کە باوکی بایەخی پیٚنەدەداو لە راستیدا نەیدەزانی کوڕێکی هەیە بەناوی عوسمان . دیارە دڵبەندیی شێخ سراجودین عوسمان بە گۆشەگیریو خۆدوورگرتن لە دونیاو سەرقاڵ بوون بە خوداپەرستییەوە, کاتێ کە مەولانا خالید لە گەشتی هیندستان بۆ سلێمانی گەڕایەوە, شتێکی نوێ نەبوو وچەندساڵ لەوەوبەر, واتە چەند ساڵێك بەر لە رووکردنی مەولانا خالید لە سۆفیگەریی و بەر لەیەکەم گەشتی بۆ حیجاز بووە .

سەبارەت بەئاشنایی نێوان مەولاناو سراجودین لە کتێبەکاندا ئاماژەی پێکراوە, لەلایەن نووسەرانی نەقشیبەندییەوە کە مەبەستی من لەم پێشەکییەدا, گێڕانەوەی ئەو داستانانە نییە . پێم وایە باشترین وتە ئەوەیانە کە راستە . مەولانا خالیدو شێخ عوسمان کە ئەوسا بەمەلا خالیدو مەلا عوسمان ناو دەبران سەردەمی هەرزەکاییو

www.pertwk.com

فەقێیەتیان لە خوێندنگەی زانستە ئایینییەکانی بیارەو خەرپانی و خوێندنگەکانی تری شارەزووردا بەسەر بردووەو یەکتریان بەخواناسی و پیاوچاکی پێناسە کردووە, بەهۆی هاوبیرییانەوە, گەلێ هۆگری خۆشەویستیی بۆ خوداو لەخودادا بوونە . بۆیە گەشتەکەی مەولانا بۆ تیوڵە, کە ئاماژەی پێ دەکەم, هەر لەم رووەوە بووە .

مەولانا خالید هەر ئەو ساڵەی لە هیند گەڕایەوە بۆ سلێمانی, بەپێی ئەو ئاشناییەی کە ئاماژەمان پێکرد, سەردانی تیوڵەی کردو بوو بەمیوانی خالید ئاغا.

خالید ئاغا پێشوازیی لێکردوو گەلێ رێزی لێگرت, دوای هەندێ پشوودان, بەمەبەستی پەیداکردنی هاورێی دێرین و خواپەرستی خۆی, واتە شێخ عوسمان, داوای لەخالید ئاغا کرد کە چاوی بەکوڕەکانی بکەوێت . خالید ئاغا کوڕەکانی خۆی هێنایە خزمەتی مەولانا خالید, مەولانا لێی پرسی, جگە لەمانە کوڕی ترت هەیە ؟ گوتی بەڵێ, کوڕێکی گومڕاو دەربەدەرم هەیە کە بەکەڵکی ئەوە نایەت بیهێنمە خزمەتی مەولانا. مەولانا گوتی : ناشێ ئەو کوڕە دەربەدەرەی ئێوە عوسمان بێت ؟ گوتی: بەڵێ .

ئاغا کوڕەکەی لەبەغداوە هێنایەوەو بەمەولانا خالیدی سپارد .

بەپێی ئامۆژگاریی پیرەکەی خۆی مەولانا خالید, شێخ عوسمان مزگەوتی گوندی بیارەی کرد بەشوێنی خواپەرستی و زیکرو فیکری خۆی, مەولانا هەردەم چاودێریی دەکرد, ئەویش بەهۆی کارەکەیەوە, هێندە گوێی بەپلەو پایەو ئەم دونیاو سەروەت و سامانی باوکی نەدەدا . تەمەنێکی بەسلوك و هەوڵ و مەشق و خۆڕاهێنان لەسەر برسێتی و شەونخونی و قەناعەتکردن بەخواردن و سپپاڵی کەمو

حەڵاڵ و خواپەرستی و پاکژکردنی دەروون بەسەر دەبرد . لەئاکامی پاکی و راستگۆیی کە لەناخیدا هەبوو, لوتف و عینایەتی پرشکۆی بۆخۆی دەستەبەرکرد, وردە وردە پایەی بەرز بووەوەو, هەر جارێ شێخ ئەبوسەعیدی کوڕی ئەبولخەیر واتەنی: هەموو بەشێك لە جەستەی بانگی(الله الله)ی لێبەرزدەبووەوە, تاکار گەیشتە ئەوەی کەدیگووت: کاتێ شەوان نوێژی تەهەججودم دەخوێند: واشهد ان محمدا رسول الله, حەزرەتی پێغەمبەر دروودی خوای لێبێت, بەجەستە دەهاتە بەرچاوم و وەڵامی دەدامەوەو دەیگوت: صدقت .

شێخ سراجودین عوسمان لەژێر چاودێری و پەروەردەکردنی پیری رۆشن ویژدانی خۆی مەولانا خالیددا, لە عینایەتی خوداوەند بەهرەمەند بوو وبەپلەی بەرزی عیرفان گەیشت, کەباوکی کۆچی دوایی کرد, بۆ زێدی خۆی توێڵە گەڕایەوە, لەوێ بەپارەو داهاتێکی حەڵاڵ خانەقایەکی دروست کردو خوداوەندیش لەنێوان خەڵکی ناوچەکەدا, رێزداری کرد . وخەڵکێکی زۆر لەفارس و تورك و تاجیك و عەرەب و کورد روویان تێکرد . ولەزانست و رەفتارو کرداری پیرۆزی بەهرەمەند بوون .

مەخابن شێخ سراجودین عوسمان, لەمەسەلەی ئیرشاددا مێملی هەبوو, گەلێ لەعارفانی هاوچەرخ و جێنشینی مەولانا خالید رکابەرایەتییان کرد . لەوانە حاجی محەمەدی کوردستانی و حاجی عەبدولکەریمی کوڕی, هەروەها شێخ ئەحمەدی ناسراو بە ئەربیلی و شێخ عەبدولفەتاح . ئەمانە کەچاویان بەجەماوەری ئیرشادو شایستەیی و توانایی و دەرکەوتنی کەرامەتی شێخ سراجودین عوسمان دەکەوت, کوێراییان دادەهات و کورەی بەخیلییان کڵپەی

www.pertwk.com

دەسەند, دەستیان دەکرد بە زەمو پروپاگەندەی دژ بەشێخ سراجودین.

ئاشکرابوو کە شێخ سراجودین بەوئاکاری لەخۆبوونەوەو ئارامییەی کە گوزارشتیان لەبەرزی پێگەی ئایینی وعرفانی دەکرد, ئەو هەمو قسەو قسەڵۆك‌و دوژمنکارییانەی پشت گوێ دەخست, لەبەرامبەردا, بەباشە ناوی هاوڕێیانی تەریقەتی دەبردو لەبەرامبەریاندا, لەخۆدەبووەوەو ڕێزی فراوانی لێدەگرتن .

هۆکاری دوژمنایەتی حاجی محەمەدی کوردستانی‌و کوڕەکەی ئەوەبوو کە: شێخ سراجودین لە رووی خۆشەویستی‌و دڵپاکی دەروونی, سەبارەت بە یەکگرتنەوەی لەگەڵ مەلا ئەحمەدی کۆڵە سارەیی (مەولانا ئەحمەد) کە یەکێك بوو لە جێنشینە کارامەکانی مەولانا خالید, لەکاری ئیرشاددا سازگار بوو . هەرکەمەلا ئەحمەد هاتە ناو ئیرشادەوەو دەریخست کەلەم کارە پڕمەترسییەدا , پیاوێکی شایستەو بەتوانا لە ئارادایە, بەم پێیە زۆربەی موریدەکانی حاجی محەمەدی کوردستانی روویان لەو کرد . حاجی محەمەدی کوردستانی چالاکیی شێخ سراجودینی بە پیلانێك دەزانی کە بێ بازاڕی شێخایەتی ئەوی لێکەوتبۆوە . تامردنی ئەو گرێیەی لەدڵدا بوو, دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد, کوڕەکەی حاجی عەبدولکەریم درێژەی بەو رقەداو شێوازی باوکی گرتە بەر, چەندە ساویلکەن ئەو کەسانەی کە لەرێگەی سۆفیگەرییەوە, دەکەونە دوای شکارکردنی دونیا , وبەهۆی زاڵبوونی هەوەس, دەکەونە دوژمنایەتی کردنی دۆستانی خودا, لەپێناوی داکۆکی لەکاروباری دونیا:

وماذا بعد الحقّ الاّ الضلال .

هۆکاری دوژمنکاریی شێخ ئەحمەدی ئەربیلی لەگەڵ شێخ سراجودین ئەوەبوو کە شێخی ناوبراو لە تەریقەت وسۆفیگەریی‌و تەنانەت لە بەرێوەبردنی کاروبارە رواڵەتییەکانی خانەقادا, توانایەکی ئەو تۆی نەبوو, هێندە سست بوو کە کوڕەکەشی گوێڕایەڵی نەدەبوو . بەرێکەوت لەو ماوەیەدا, تاقمێك لەخەڵکی سلێمانی تەریقەتیان لە شێخ سراجودین وەرگرت, شێخ سراجودین دوان لەو تاقمە بەناوی شێخ لوتفوڵڵاو مەلا عوسمانی باڵخی راسپارد کە حەڵقەی خەتم‌و زیکرو ئیرشادی خەڵك وبەپەیرەویی کردن لە شێخ ئەحمەدی ئەربیلی پیادە بکەن, کاتێ گەڕانەوە بۆ سلێمانی وویستیان لەخانەقادا دەست بەکار ببن, شێخ ئەحمەد کە شێخی ئەو خانەقایە بوو, رێگەی پێنەدان, ئەوانیش ناچاربوون لەخانەقای مەلا عوسماندا دەست بەکار ببن, وتاقمێکی زۆر لە دانیشتوانی سلێمانی لە دەوریان کۆبوونەوەوهێدی هێدی کاڵاکەی شێخ ئەحمەدی ئەربیلی, بازاڕی خۆی لەدەست دا, ئەم دیاردەیە بەلای شێخی ناوبراوەوە گەلێ قورس بوو, هەوڵیدا لای ئەحمەد پاشای بابان دژی شێخ لوتفوڵڵا و مەلا عوسمان دەست بەکاربێت, بەو هومێدەی کەئەحمەد پاشا ڕێگە نەدات بەو دوانە کاری ئیرشاد ئەنجام بدەن‌و سووکایەتیان پێبکات . ئەم کارە لەسەردەمی سلێمان پاشادا رووی‌دا .

ئەحمەد پاشا کە کوڕە گەورەی بوو, بەجێگری باوکی بەخواستی خۆی فرمانی دەکرد, ئەحمەد پاشا بڕیاری‌دا لەو بارەوە, نامەیەك بۆ شێخ سراجودین بنووسێت‌و دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکە, ئەوسا بڕیاری خۆی بدات. تا بەناوەرۆکێکی لێکچووی ئەمەی لای خوارەوە, نامەیەکی بۆ شێخ نارد: حەزرەتی شێخ, بەڕێزان شێخ

www.pertwk.com

لوتفوڵلاو مەلا عوسمانتان کردووە بەجێنشینو ڕەوانەی ئێرەتان کردوون, ئەگەرچی لەراستیدا دەروازەی زانستییان بۆ خوازیارانی ئەم دەڤەرە ئاوەڵا کردووە, بەڵام هەروەکو ئێمە بیستمان, حەزرەتی مەولانا خالید کەپیری ئێوەیە, وەسیەتی کردبووکەلەهەر شارێکدا جێنشینی ئەوی لێبێت, بۆ جێنشینێکی تر نییە رووبکاتە ئەو شوێنەو دڵزویری بکات, بۆیە پێتان رادەگەیەنین کە: ئەگەر ئێوە خۆتان بەموریدی ئەو حەزرەتە دادەنێن, دەبێ ڕێگە بەو دووانە نەدەن کاری ئیرشاد ئەنجام بدەنو بیانگێڕیتەوە بۆ لای خۆت, ئەینا کارلەکار دەترازێت, لەگەڵ ڕێزدا)).

هەر کەنامەکە بەدەستی گەیشتو خوێندییەوە, فرمانی کرد وەڵامی نامەکەم بەم جۆرە بۆ بنووسن: (لەلایەن بەڕێزتانەوە سەرۆکی ئەمیرانو فەخری گەورە پیاوانەوە, فەرمانێك بۆ خزمەتکارانی هەژاران دەرچوو, لەوبارەوە کە هەردووبەڕێزو خزمەتگوزار لەبواری شەریعەتو تەریقەتو ئیرشاددا, شێخ لوتفوڵلاو مەلا عوسمان کەبەجێنشینیو جێگری پیرانی تەریقەتی بەرزی نەقشبەندی(خودا رازداری بکات)وبەنوێنەریی ئەم مەڵبەندەی نەزانیو سەرگەردانی کە سەرقاڵی کاری ئیرشادی بەندەکانی خودان, بەندە ئەو دووپیاوە لە ئەنجام دانی ئەو کارە بەرزو پیرۆزە رابگرمو بۆ لای خۆم بیانبەمەوەو سەرپێچی دەرگای فرمانی خودا بکەم, بەپێی تێبینیو داوای چەند بەندەیەکی خودا, لە راستیدا پابەند بوون بەفرمانی دەسەڵاتداران پێویستە, بەڵام بەمەرجێك ئەو فەرمانە

بەپێچەوانەی شەریعەتەوە نەبێت, دەبێت بەئینسافەوە ڕەفتار بکرێتو لەچ شەریعەتو میللەتێکدا بینیوتە کەڕێگە بەهاندانی خەڵك بۆ ئەنجامی کاری چاکەو ئەنجام نەدانی کاری خراپە نەدرێتو تەنیا تایبەت بکرێت بەکەسێکەوە لەشارێکدا, خودا نەخواستە حەزرەتی مەولانا(خودا رازداری بکات) بەپێچەوانەی شەرعەوە کارێکی ئەنجام دابێت, چونکە ئەو زاتە, سەرتاپا شەریعەت بوو, وەکو دەروێشە نەزانەکان, جیاوازیی لە نێوان شەریعەتو تەریقەتدا قایل نەدەبوو, جگە لەوەی, ئەم کارە دەبێتە هۆی دەرگاداخستن بەرووی ئەو تەریقەتە پایەبەرزەدا, ولەترسی ئەوەی نەبادا بەپلەی ئیرشاد گەیشتوەو, شاربەدەری بکەنو سفرەی ئارەزووی چوونە ناوتەریقەتەوە بپێچێتەوە, لایەنی بەدی ئەم وتەیە گەلێ روونو ئاشکرایەو نارەوابوونی بەلای وردبینو ئاگایانەوە دیارە, بۆیە ئێمە ناتوانین لەم کارەدا هاوکاریی بکەینو بەڕێزتان لەوکارە سەر پشکن .لەگەڵ ڕێزدا) ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ سراجودین کە لایەنی حەق بوو, ئەحمەد پادشای لەکاری خۆی پەشیمان کردەوەو هێنایەسەرباری خۆشەویستیو هاودەمیو گەردوخاکی هەوڵەکانی شێخ ئەحمەدی ئەربیلی لەسەرلاپەڕەی یادیدا ڕەوییەوە. دوای کۆچی دوایی سلێمان پاشا, حکومەتی سلێمانی لەگەڵیدا میانەیان باشتر بوو, شێخ سراجودینی بانگێشت کرد بۆ سەردانی سلێمانیو بەو پەڕی ڕێزەوە,

www.pertwk.com

پێشوازییان لێی کرد, لەئاکامدا بینینی ئەم بارودۆخە لەلایەن شێخ ئەحمەدی ئەربیلی بەناچارییەوەو خانەقای سلێمانی سپارد بە شێخ سراجودینو خۆشی دەستی کێشایەوە . عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا کەلەو کاتەدا میر بوو واتە کاندیدی حکومەت بوو وبەپێی دابو نەریتی بنەماڵە, نیشتە جێی قەرەداغ بوو . لەقەرەداغدا خانەقایەکی دروست کردو شێخ ئەحمەد ئەربیلی بەشێخی خانەقاکە دانا . بەڵام شێخی ناوبراو لەسەر دژایەتی کردنی خۆی بۆ شێخ سراجودین مایەوەو هەردەم لەهەل دەگەڕا کە دووبارە خانەقای سلێمانی بەدەست بهێنێتەوە . تا ئەوەی ئەحمەد پاشا لەسەر کار لابراو حکومەتی سلێمانی بەعەبدوڵڵا پاشا سپێردرا, هەردوای ئەم گۆڕانکارییە, شێخ ئەحمەدی ئەربیلی بەئارەزووی هەمیشەیی خۆی گەیشت تا ببێتە شێخی خانەقای سلێمانی . لەم کەینو بەینەدا, شێخ ئەحمەد ئەربیلیو دۆستو پشتیوانی نزیکی, واتە شێخ عەبدولفەتاح بەشادی کاتیان بەسەر دەبرد . بەڵام دوای دوورخستنەوەی عەبدوڵڵا پاشا, دۆخەکەیان تێکچوو, بەهۆی ئەم رووداوەوە, شێخ ئەحمەدی ئەربیلی بەناچارییەوە لەگەڵ شێخ سراجودیندا, ئاشت بۆوەو میانەی لەگەڵیدا باش کردو بەرواڵەت هیچ لەدڵیدا نەما. بەڵام رقو کینەی شێخ عەبدولفەتاح لە شێخ سراجودین ئەوەبوو, کەدوای ئەوەی شێخ سراجودین لەسەرداوای ئەحمەد پاشای بابان, شێخایەتی خانەقای سلێمانی

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

وەرگرتو جەماوەر لەدەوری کۆبوونەوە و لەسەر دەستی ئەو تەریقەتیان وەرگرت, شێخ عەبدولفەتاح بەوەی خۆی بەجێگرو جێنشینی بەرماڵی مەولانا خالید دەزانی, چاوەڕوانی ئەوەبوو کە شێخ سراجودینیش وەکو موریدەکانی تر, فرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکات. دیارە شێخی ناوبراو لە ئاستێکدا نەبوو کەبتوانێت دڵی کەسێکی وەکو سراجودین بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە, وتەنیا بەپشت بەستن بەو توانایەی لەبواری دونیادا هەیبوو, دەیویست پایەی مەولانا خالید بەدەست بهێنێت .

بۆیە سراجودین, تاعەتی ئەوی بەتاعەتی دونیا پەرستان ئەژمار دەکردو سەری لەبەرامبەردا دانەنەواندەوە لەو لاشەوە شێخ عەبدولفەتاح لەکاروباری دنیادا, پیاوێکی چالاكو شارەزا بوو, هەوڵی بێ وچانی دەدا, لەنێو خەڵکی تایبەتو گشتیدا, شێخ سراجودین بێ رێزو سووك بکات, بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ ئەحمەد پاشا شێخ سراجودینی بەزانای غەیب دەزانی, خەنەی دوژمنایەتی ئەو, لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەحمەد پاشادا, رەنگی نەدایەوە .

شێخ عەبدولفەتاح لەسەر بەزمو بالۆرەی خۆی مایەوە, تائەوەی حکومەت کەوتە دەستی عەبدوڵڵا پاشا, لەو دەرفەتەدا, درەختی ئارەزووی شێخ عەبدولفەتاحیش بەری گرتو بەئاوەتەکانی خۆی گەیشتو شێخ ئەحمەدی ئەربیلی بەشێخی خانەقای سلێمانی دانرا, ودوای ئەوەی عەبدوڵڵا پاشا لەسەر کار لابرا, لەگەڵ شێخ ئەحمەدی ئەربیلیش کەوتە دوژمنایەتی, وبۆخەڵکی بەویژدان روون بۆوە کە دوژمنکارییەکانی لەگەڵ شێخ سراجودینو جێنشینانی تری مەولانا

www.pertwk.com

خاليددا, تەنيا بەمەبەستى بەدەستهێنانى پايەو پلەو پۆست بووە.
سەرچاوەى داواى شێخ عەبدولفەتاح بۆ جێنشينى مەولانا خاليد ئەوەيە كە شێخ ئيسماعيلى غەزى لەباسى كۆچى دوايى مەولانا خاليدا نووسيويەتى و مەلاحاميد وەريگێڕاوەتە سەر زمانى فارسى: ((... تائەوەى سەرلەبەيانى رۆژى سێشەممە, يەكێك لەموريدانى ئەو حەزرەتە لەدەرگايدا . كاتێ هاتمە دەرەوە, گوتى, حەزرەت تۆى دەوێت, بەپەلە خۆم پێگەياندو بەديدارى شاد بووم, روانى پێمداو فەرمووى: بۆچى دەرەنگ هاتى؟ گوتم گەورەم حەددى ئەوم نەبوو, لەخۆوە بێمە ناو حەرەم, فەرمووى ئەگەر لێرە بوويتايە, ئەوەى كە دەمويست, ئەڵبەتە ئەمرۆ دەمەو بەيان بهاتيتايە بۆ ئێرە .لە وتەكانيدا وابەخەياڵمدا هات كە ئارەزووى زيارەتى پيرزادەكانى هەبێت (ئەو دوو فەرزەندەى بە نەخۆشى تاعوون مردبوون)و دەيەوێت منيش لە خزمەتيدا بم, پێم گوت ئارەزوى زيارەتتان هەيە؟ فەرمووى بۆ شوێنێك ناڕۆم, تەنيا بۆ لاى كورەكەم بەهائودين نەبێت , پێم راگەياند كە ئەوێ بەهۆى بەرزى پلەى گەرماوە, بەكەڵكى ئەوە نايەت تيدا بمێنمەوە . فەرموى هەر ئەوەندە بگەمە ئەوێ, ئيتر گەرمى خۆرو ئاوو هەوا كاريگەرييان لەسەر من نابێت, رووى كردە هەيوانى لاى رۆژهەلاتى حەرەمو داواى لەمنيش كرد كە دواى بكەوم.

وەكو سێبەر بەدوى ئەو خۆرە تازە هەڵهاتووە كەوتم, تاگەيشتە بەردەم دەرگاى كتێبخانەكەو لەوێ دادەنيشت و داواى لێكردم منيش دابنيشم, بەپێى فرمانى خۆى لە خزمەتيدا دانيشتم و چاوەڕوانى فەرمانى ئەو زاتە بووم, رووى موبارەكى تێكردمو فەرمووى: گوێ بگرە بزانە چى دەڵێم, واى ئەگەر سەرپێچى لەفرمانەكانم بكەيتو

تابلۆى خەياڵ لەو ئامۆژگارييانە بە ئاوى خافڵبوون بشۆيت, بزانە و ئاگاداربە من جێنشين و جێگرى بەرماڵى خۆم و ئيرشادى دواى خۆمو دەمڕاستى فەرزەندەكانى خۆمو چاودێرى نووسراوەكانى خۆمو راپەڕێنەرى ئامۆژگارييەكانى خۆم دانا, ئيسماعيلى ئەنارانى و دواى ئەو محەمەد ناسح و دواى ئەو عەبدولفەتاح و دواتريش تۆ(شێخ ئيسماعيلى غەزى...))) .

دواتر مەلا حاميد لەكتێبى (رياض المشتاقين) لە جێگرى و جێنشينى شێخ عەبدولفەتاح دەستى كێشايەوەو ئامۆژگارييەكى مەولانا خاليدى بەم جۆرە راڤە كرد :((كەواتە هەر كاتێ مورادى حەزرەتى مەولانا (خودا رازدارى بكات) ئەوە بێت كە دواى من شێخ ئيسماعيلى ئەنارانى جێگرو جێنشينە, ودواى جێنشينى و كۆچى دوايى ئەو, شێخ محەمەد ناسيح و دواى جێنشينى ئەو وكۆچى دوايى,شێخ عەبدولفەتاح و, دواى جێنشينى و مردنى, سەيد ئيسماعيل و داواكردنى جێنشينى لەلايەن هەريەكێكيانەوە بۆ خۆى, چ مانايەكى هەيە, وهەروەها شێخ ئيسماعيل چۆن سەرپێچى لە فرمانى ئەو حەزرەتەى كردو لەكاتێكدا شێخ عەبدولفەتاح و سەيد ئسماعيل, شێخ عەبدوڵلاى هەروى كردووە بەجێنشين, بەڵكو ماناى ئەو پەرەگرافە بەم شێوەيە: دواى كۆچى دوايى من, ئەگەر ئەو چوار كەسە لە ژياندا بوون, ئەوا شێخ ئيسماعيل لەپێش هەموويانەوە دەبێت .))

وئەگەر ئەو لە ژياندا نەبوو, سێ كەسەكەى تر لەژياندا بوون, ئەوا شێخ محەمەد ناسيح لەپێشەوەدايە, وئەگەر ئەويش لەژياندا نەما,

لەنێوانی ئەو دووکەسەدا, شێخ عەبدولفەتاح لەپێشەوەیەو خوداوەند ئاگاداری راستییەکانە)) .

مەلا حامید دوای چەندین لاپەڕە باسو درێژبڕیو بەکاربردنی کێشو سەروا, دەڵێت: ((بەندە هەموو جێنشینانی حەزرەتی مەولانا (خودا رازداری بکات) گەورە دەبینمو خاوەنی بەرەکەتن, وشەتڵی بڕوای هەموویان لەدڵی خۆمدا جێ دەکەمەوە, کە هەروەکو ئەکسیر, تایبەتمەندییو مەزەندەی ئەو حەزرەتە بەهەڵەدا نەچووە, مەبەستی حەزرەت ئەوەیە کە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە مامەڵە لەگەڵ جەنابی شێخدا ناکەن و بایەخ بەکۆڕو کۆبوونەوەکان نادەنو تانەو تەشەر دەدەن, هەرجارێ پیاو چاکان فەرموویانە, هەرکەسێ رەفتاری بەد لەگەڵ پیری تۆدا بکاتو تۆ چاکەی لەگەڵدا بکەیت, سەگ لەتۆ باشترە)) .

بەندە لەم دەستو بەندەدا بێلایەنم, بەبێ ئەوەی بکەومە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی مەلا حامیدو ئەوانی ترەوە . دوای رەتبوونی (110)ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شێخ سراجودین, بە بڕوایەکی تەواوەوە رایدەگەیەنم کە ئەو بەپێی (من کان لله فقد کان الله له), لەئاکامی راستگۆیی بەرەچەڵەکو بەهرەی خودی گەیشتۆتە بەرزترین پلەی عیرفانو شایانی جێنشینی بووە . ئیتر ئەگەر سەفارشتێك دەربارەی ئەو کرابێت یان نەکرابێت, چ لەمەسەلەکە دەگۆڕێت, ئەوەی کەراستە لەم رێگەیەدا, ئەوەیە کە تەریقەتی راست بەمەبەست بگات, ئەویش بەبێگومان گەیشتبوو, ئیتر هیچ پێویست بەداکۆکی نووسینو زارەکی ناکات (تلك اثارة تدلّ علیه) .

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

یەکێك لە موریدان بەهۆی ستەمکاریی کەسێکەوە, سکاڵانامەیەکی بۆ شێخ سراجودین نووسی, شێخ لە وەڵامدا نووسی کە :

قفا خوریم وملامت کشیم وخوش باشیم   کەدر طریقۀ ماکافریست رنجیدن

ئەو پیاوێکی خوا پەرستو بێنەفس و بێ دەعیە بوو, رەفتاری تا بڵێیت بەرز بوو, جارێکیان سەرمای بوو, شێخ بەهائودین محەمەدی فەرزەندی لە فنجانێکی چینیدا, چای بۆ برد, پرسی کە ئەوە چییە ؟ گوتی چام بۆ هێناوی .گوتی: دەتەوێت من بخەیتە ریزی فیرعۆنەکانەوە, من چیم داوە لەفەخفوریو بلوور . دواتر چاکەیان کردە کاسەیەکی تەختەوە, ئەوسا خواردییەوە .

هەروەها جارێکیان حاجی شێخ عەبدورەحمان/ وەفا-کورەکەی تری-دووجووت چرا بەمۆمی رۆشنەوەی هێنا بۆماڵیان, شێخ فرمانی کرد ئەو مۆمانە ببەنە دەرەوە, ولەبری ئەو چرایانە, چرای رۆنی گەرچکی, وەکو جاران داگیرساند.

شێخ سراجودین عوسمان شارەزایی تەواوی لە زانستیەکانی سوەریو شەرعیدا هەبوو, بەو هەمووسەرقاڵییەی خۆیەوە لە شیعرو ئەدەبدا, زەوقو سەلیقەی بەرزی هەبوو, ئەم سێدێرە بەڵگەن :

هـــرجـــاکەمنو یار بهم باز رسیدیم   ازبیم بداندیش لـــب خـــویش گزیدیم
بی واسطۀ گوشو زبان از طرف دل   بسیار سخن بود کـــە گفتیم وشنیدیم
شیرزاد بیشۀ عشقم قوی درکارخود   کوحریفی گو بیا تازوربازو بنگریـــــم

شێخ سراجودین عوسمان لەنیوەشەوی سێشەممەی 13ی مانگی شەوالی 1283 کۆچی, دوای (88)ساڵ تەمەن, کۆچیدوایی کرد(خودا رازداری بکات), لەکۆچی دواییدا چەندین کەس شیعری ماتەمینییان

www.pertwk.com

هۆنیوەتەوە, لەوانە شیعرێکی فارسیی مەلاحامیدی کاتب و بەشێك لەشیعرێکی مەولەوی سەید عەبدورەحیمی مەعدوم, بڵاودەکەینەوە :

امشب که جهان یکسر پرنالەو فریاداست — عالـــم همه درهم شد تاباز چەغم زاداست
آشوب قیامت خـــاست بازرمهٔ توحید — کـــه حضرت شیخ ما در حلقهٔ اوراداست
نیاین ونه آن باشد کـــان پادشه معنی — آهنگ سفر فرمود وعزمش عـــدم آباداست
فریــــاد مریدانش غوغای شهیدانش — در دردفراق اواز خـــــاطر ناشاداست
الحق کەوجود اوچون سدّ سکندر بــود — قرنی است کەدر اسلام این رخته نیفتاد است
زین پیش که نطق من دعوی فصاحت داشت — در راه ثنای اوبیراحلــــه وزاداست
حـیرت زدەم امـــاّ در دفتر اوصافش — از فکر کەوصّاف است این قطعه مرا یاد است
سهل است اگر گویم سردفتر ابراراست — جهل اســت اگــرخوانم سر حلقهٔ اوتاداست
افراد همه چــــاکــراو برهمگی سرور — اقطاب همەشاگرداو برهمـــه استاداســت
صدیق صفت صادق فاروق نمط عاشق — عثمان دوم باشد این رتبهٔ خــــداداد است
فرزند علی خوانش زیراکه بوقت خـود — کس باب ولایت رااین مـــرتبه نگشاد است
یارب تو ببخش اورا در حـضرت قدس خویش — آن مقعد صدقی کومخصوص بـامجاد است
هـــم نیك وبدمـــــاراجمله بطفیـل او — می بخش وعنایت کن زان روی که معتاد است
نصف شب سەشنبه ثالث عشر شوّال — این واقعه عظمی وین هائلـــه رخ داد است
درفکر شدم کآیا تاریخ چەبنویسـم — ناگاه خرد گفتا: ((قطـــب ره ارشاد است))
تاریخ ظهورش نیزچون مظهر کل باشد — پس سن شریف اوهشت ازپـــیهشتاداست
رسم است پسر دایم مرآت پدر بـــاشد — فضلی کـــه پدر دارد تفصیل در اولاد است
اولاد کرامش رایارب توحمایت کـــن — درظلّ عنایت تاآن روزکـــــه میعاد است

اسرار ولایت را درجمله مضاعف ساز
همچون بریك حبّەکه هفتصد افتاد است

شیعری ماتەمینی سەید عەبدورەحیم (مەعدوم) :

ألا تـــرى الى التي بنهيتي — ومهجتي, مـــن غمّة البليّة
لونزلت منهــــا على الثوابت — او السمــــاالاتنثرث وانشقّت
طورتهى ام قبّة القطب لهـــا — أنوار بـــاریٔ الورى تجلّت

بل بـــــان بون بينها وبينه — ازدكّ ذاو هـــــذه أستقرّت
أم فلك الاعظم دائـــــر على — قطبه بالفوائض اليوميـــة
لكنه كمـــا تـــرى مختلف — وذي عليهـــا الأمم اجتمعت
ان لم تكن مشبّهابها السمـــا — فليست السماء ذات السعـة
لاحت كمشكواة بهـا مصباح — وذلك المصباح في زجاجــة
نعم بها سراج دين المصطنع — ضياء اهل الشرع والطريقة

تا دەگاتە :

تحركّت امواج بحر الاحــد — اضطربت ترتفع التطمت
فانفجرت مياهه فقد جـرت — بكل عبر وبكل شرعـــة
فسقت الزرع الى ان استوى — وبعدما اضطربت وسقت

1283

((هدء اضطراب بحر الواحد)) — بذا بدا تاريخ عام الهجرة

شێخ سـراجودین عوسمـان, هـەولێکی زۆری دا, لەپـەروەردەکردنی منداڵەکانیـدا, چـوار فەرزەندەکـەی کەلـەم پێشـەکییەدا, بەخواسـتی خـودا, ئاماژەیـــان پێدەکـــەین, کەبەخشـــڵی زانســـتو ئـــەدەب رازاندییانییەوە . ولەئاکامدا بنەماڵەی ئەو لـە پێشکەوتنی زانستو مەعریفەی ئیسلامییدا رۆڵێکی شایستەیان هەبوو, وئەو شانازییەی لە رووی خزمەت کردن بە بڵاوکردنەوەی زانستەکانی شەرعەوە بۆ ئەو بنەماڵەیە براوەتەوە, کـەمتر بووە بـە نسیبی بنەماڵـەکانی تری بواری سـۆفیگەریی, جگـە لـەوەی زیـاتر لـە نێـوان زانـاو ڕواڵەتییـەکانو سۆفییەکاندا ناتەبایی لە ئارادا بوو, ئەوان لـەنێوان ئـەم دووگروپـەدا , تەباییان بەرقەرار دەکردو تا ئێستاکە (110)ساڵ بەسەر کۆچی دوایی

www.pertwk.com

سـراجودیندا دەگوزەرێت, کاریگـەریی ئـەو لـەناو بنەماڵـەدا دیـارە, وئەمەش خۆی یەکێکە لە نیشانەکانی شکۆمەندیی ئەو پیاو چاکە .

شـێخ سـراجودین لـە ئامۆژگارییـە ئاشـکراکانی خۆیـدا, شـێخ بـەهائودین محەمـەدو شـێخ عەبـدورەحمانی وەفـای لـە بـواری سۆفیگەریی و عیرفاندا, گەیاندبووە ئاستی ئیرشاد, ئەگەرچی هێشتا لاو بـوون, وەکـو دوو شـێخ بـە موریـدانی خـۆی ناسـاندبوونیو ئامۆژگاریی دەکردن کـە گوێبیسـتی فرمانـەکانی ئـەو دوانـە بـن, لـە رێگەی ناوەرۆکی ئەم ئامۆژگارییانەوە, دەردەکەوێت کە باوك هەر دوو کورەکەی شایانی پێگەی جێنشینی خۆی دەستنیشان کردبوو, ئـەم دووبرایـە لەسـەردەمی ژیـانی باوکیانـدا, بەرامبـەر بەیـەکتر خۆشەویسـتییان هـەبوو وبـەرێزەوە تەماشـای یـەکتریان دەکـرد. بەروالـەت و نـاوەرۆك گـەلێ تـەبا بـوون, بـەنۆرە کـۆری زیکـرو خـەتمو پـەروەردەکردنی موریـدانیان سەرپەرشـتی دەکـرد . لـە راسـتیدا بەخۆشەویسـتیو هـاودەمی خـودادادی دەژیـان, بـۆ نموونـە شـێخ بەهائودین محەمـەد بـەم شـێوەیە یـادی شـێخ عەبـدورەحمانی وەفـا دەکات:

تابه آن بالابلادل مبتلا گـردیده اسـت　　　رشـتهٔ مهر وفارا از جهان ببریده است

دل کەتوغ ابروی خـ من بز آن جلاد ببرد　　　مرغ بسان بسخون خودشادی کنان رقصیده است

دیده سوی غیر روی دوست بگشودن خطاست　　　جزخیالش ره بـەدل دادن کمال ابتلاست

ابیـاریّ ریـاض جان بـەآگاهی شـود　　　بارو برگ باغ دل نسیان یاد ماسوی است

درس ووحشت را زهستی میدهد وضع حباب　　　ساز اسباب بقایش غوطه در بحر فنا است

بی خودی از عالم, اندر بزم وصلت رەدهد　　　آن کـاه ازخود رفتنش پیك وصال کهرباست

رسوی حـق درخاکساری میتوان رەیافتن　　　گونیستی درشهرما تحصیل نقد مّدعا است

بابادبان کشتی جان صحبت اهل دل است،　　　ازمذکر حق مربحر هستی رابجای ناخدا است

چـاك دل رارشتهٔ مـریم رفونتوان نمودکسی　　　مرهم داغ وفا موقوف وصل بوالبها است

جامهٔجان بی وصال قامت دل جوی او　　　برتن چون کـاه باللە کوەاندوە وبلا است

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

شـێخ عەبـدورەحمان / وەفـا بـەم جـۆرە یـادی شـێخ بـەهائودین محەمەد دەکاتەوە:

بەم هەموو ئامـاژەو هێمـاو ئامۆژگاریی‌و خۆشەویستییەوە, دەبینین کە دوای کۆچی دوایی شێخ سراجودین, شاعیرو عارف گەورەی ئێمە, حاجی شێخ عەبدورەحمانی وەفا, پێگەو شوێنی خۆی, واتە خانەقای تیـۆڵی بـەجێدەهێڵێت کـە تێیـدا گـەلی سـوودی وەرگرتبـوو, رووی لـە بەغدا کـردو دوای ماوەیـەك کـە لەخزمـەتی بارەگـای عەبـدولقادری گەیلانیـدا بـوو, کـۆچی دوایـی کـرد . هاوسـەرو تـاجودینی کـورە تاکانەکـەی کەوتنـە شـاری هـەولێرەوە, وشـێخ بـەهائودین محەمـەدی بـرای, بووبـەجێگری بـاوکی, لـە کاتێکـدا وەفـا سـەبارەت بەپەروەردەکردنی موریدان, شتێکی لەبەهائودین کەمتر نەبوو, بەڵکو بەپێی وتەی چەند کەسێکی ناودار, گەلێ بەتواناتر بوو !

لێرەدا ئەوەی مەلا حامید سەبارەت بەژیاننامەو سەرەتای ژیانی شـێخ سـراجودین عوسمـان نووسـیویەتی, لـە کتـێبی (ریـاض المشتاقین)دا, بڵاودەکەینەوە:

www.pertwk.com

((لەبەیانی حاڵەتی ئەو ئەستێرە گەشەی ڕێنموونکردن, هەر لەسەرەتای هەڵهاتنیەوە تاگەیشتنی بەبەرزترین پایەی ویلایەت: شێخ عوسمانی ناسراو بە سراجودین لە تیوڵە لەدایك بووەو نەسەبی شارەزوورییەو ئایینزاکەی شافعییەو بیرو باوەڕی ئەشعەرییەو تەریقەتی نەقشبەندی موجەدیدی خالیدییە, مێژووی لەدایك بوونی نووری باغی ڕێنمونیکردنو نووری دیدەی ویلایەتو مانگی بورجی پۆلێنکردنی کۆتایی لەسەرەتادا ,هەروەکو تاوتوێم کردووەو لە زمانی موبارەکی خۆی بیستوومە, لەوساڵەدا بووە کەمەحمود پاشای باوکیعەبدورەحمان پاشا, لەدەربەندی جەمرە لەگەڵ وەزیری بەغدادا, ڕووبەرووی یەکتر وەستانەوە, وبەبڕیاری وتەی کەسانێك کە مێژووناسن, ئەو ساڵە ساڵی 1195 بووە, باوکی خوالێخۆشبووی ئەگەرچی ڕوولەخودا نەبووەو دەرباربووەو بەفەرمانی دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی خۆی, گوندی تیوڵەی خستۆتە ژێر ڕکێفی حکومەتەوە, بەڵام ئەم پیاوە خۆشبەختە هەر لەمنداڵییەوە ڕێگەی لە دونیا دابڕانو نیازی هەڵبژاردو هەرگیز دڵی بۆ هەواو هەوەسی دنیای پووچ, لێینەداوەو تالەژیاندا بووە, هەرگیز دامێنی پاکی بەگەردووتۆزی هاودەمیو تێکەڵاوی ئاڵودە نەکردووە, بەڵکو ئارەزووی دڵی هەمیشە بەپێی (کلّ میسّر لما خلق لە) لەگەڵ زانستخوازان ویارانی گۆشەگیریو خەڵوەتنشینیدا, وهۆکاری ڕۆحی هەردەم لەسەر ڕێگەی خۆشبەختیو ڕزگاری بووە, تائەوەی قورئانی پیرۆزو موحەریرو تەسریفو چەند پێشەکییەکی زانستی ڕێزمانی خوێندووە, دوای ئەوە بۆ هەتا هەتایە, لەهەموو شتێك دابڕاوەو ئەسپی خواستی بەرەو دەروێشی تاوداوە, لە بەغدادا نزیکەی (4)ساڵ لەتەکیەی حەزرەتی

غەوسدا(خوا لێی ڕازی بێت) بووەو بەدڵسۆزییەوە خزمەتی دەروێشانی شەیدای ئەو مەزارە پاکەی کردووە, لەوانە شێخ ئەحمەدی نامی لە شێخزادەکانی گوندی چنارە, کە بەڕێزیان(خودا ڕازداری بکات) سەبارەت بەژیاننامەی شێخ ئەحمەد دەفەرموێت:

ئەو سەردەمە من لەتەکیەی غەوس بووم, وهەمیشەو بەئومێدی ئەوەی دەستم لە چمکی یەکێك لە ئەولیای خوداوەند گیر ببێت, دەستی دوعاو نزام بەرزکردەوە, شێخ ئەحمەدیش لەوێ بوو, ولەبەر ئەوەی لە ڕەفتارو کرداریدا نیشانەی خۆشەویستیو عیشقم دەبینی, بۆیە شەیداو هۆگری بووم . بەڕێکەوت لەو ماوەیەدا کە هاوڕێی بوومو تۆوی ویستیم لەسنگمدا چاند, حالەتی شەیدایی بەجۆرێ لەودا زاڵ بوو, کە جارێ بەنیازی خوێندنی نوێژی مەغریب بوو, بە (اللە اکبر)ی تەحریم دەستی پێکرد,کەواتە ئەوپیاوە کەشەیدای خودا بو, (خرّ موسی صعقا)بێ هۆشو ماتو مەلول وەستابوو, تانیوەشەو بەوشێوەیە مابۆوە, دوای ئەوە بەئاگا هاتبۆوە, بێئۆقرەگرتن بەسەربانو بن باندا ڕایدەکردو دەردەکەوتو گاه پێدەکەنیو گاه سۆزی دەکرد, من لەخۆشیاندا, وەکو سێبەر دوای دەکەوتمو هەر جارێ خۆی لەسەربانی ژوورەکانەوە دەخستە خوارەوە, دەمگوت ڕەنگ بێ هەموو ئەندامی گیانی شکابێت, بەڵام بەسەلامەتی هەڵدەستایەوە . وهەروەها فەرمووی:

یەکێکی تر هەبوو بەناوی نور عەلی شا, کە مانگێکی چواردوبوو, کەس گوێی لەدەنگی نەدەبوو خواردنو خەوتنی نەبوو, ئارامی لێهەڵگیرابوو, کاری ئەوەبوو, خەڵووزی بەدەستەوە دەگرتو لەسەر دیوارەکان دەینووسی ولەژێر لێوەوە شتی وەهای دەگوت کەس

www.pertwk.com

تێنەدەگەیشت . لەگەڵ شێخ ئەحمەد, بەهێما قسەیان دەکردو, لەو جۆرە مامەڵەیەی نێوانیان منیان دەهێنایە پێکەنین.

فەرمووی: لەکاتی سۆزی شێخ ئەحمەد دا, رۆژێك نزیکی نوێژی هەینی بوو کە نور عەلی شا مەسینەیەك بەدەستەوە دەگرێت و ئاماژە بەشێخ ئەحمەد دەکات کە دەستنوێژ بگرێت, شێخ ئەحمەد مەسینەکەی لێوەردەگرێت و دەست نوێژی تەواوی گرت و بۆنوێژی هەینی چووین, دوای نوێژ شێخ ئەحمەد ئاماژەی کرد کەبڕۆم بەدوایدا و رۆیشتین تاگەیشتینە کۆتایی شاری بەغدا, گەرەکێکی وێران بوو دوکانێکی لێبوو, (1) حۆقە خورمای کڕی و خستیە کۆشمەوەو گەڕایەوە, ومنیش بەدوایدا رۆیشتم, تا گەیشتینە شوێنێکی چۆڵ, ئاماژەی کرد کەخورماکە دەربکەم, خستمە بەر دەمی, ناوکەکانی دەرهێناو خستییە کۆشمەوە, تاگەیشتینە مزگەوتێکی کۆن, نزیکی حەزرەتی غەوس(خوالێی رازی بێ), حوجرەیەکی لێبوو, چووەناو ژوورەکەوەو ئاماژەی کرد کەهەرشەوە, بەئەندازەی دوگوێز لەو خورمایەی لەگەڵ شەربەیەك ئاوی بۆ ببەم . بەپێی فرمانەکەی جولاًمەوە تا ئەوەی چلەی تەواو کرد, لەو ماوەیەدا شتی سەیرو سەرسوڕهێنەرو داهێنانی زۆرم لێی بینی. جارێکیان لای ئاشناکانی خۆم, هەندێك لەو کەرامات و نیشانانەم خستە روو, هەرکە چوومەوە خزمەتی, گلەیی کردکە: کەس بەتۆی نەگوتبوو ئەو جۆرە باسانە بکەی بۆ کەس, شەرم دایگرتم . ودوای تەواو بوونی چلەی خەڵوەتەکە, گەڕایەوە بۆ تەکیەکە . رۆژێکیان لەحوجرەدا خەوتبوو, منیش هەندێ دوور لێوەی دانیشتبووم, ئەوەهات بەدڵمدا کە: ئەگەر شێخ ئەحمەد منی خۆش بویستایەو بایەخی بەمن بدایە,

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

ئەڵبەتە خێری بەمن دەگەیشت, یەکسەرە سەری هەڵبڕی و گوتی: بەڵێ بەڵێ تۆم خۆش دەوێ وهەست بەوە دەکەم, بەلاًم دەبوا تۆ بۆ فلاًنە شوێن نەڕۆی . ومن لەو ماوەیەدا, کەسێکم خۆش دەویست و تۆوی خۆشەویستی ئەو کەسەم لەدڵمدا چاندبوو, ولەرۆیشتن بۆ ماڵەکەی, ئەو رۆژە ناچار بووم و ئۆقرە گرتن لە بینینی ئەو شوێنە, وەکو ئەم دێرە شیعرە وابوو:

وما حب الديار شغفن قلبي   ولكن حبّ من سكن الديار

وامزانی شێخ ئەحمەد لەخەودایە, رۆیشتم و لەدوورەوە چاوم گێڕا بەماڵەکەداو گەڕامەوە, کەگەڕامەوە خێسەیەکی لێکردم و وتی هەی حەیوان .. خۆت نەگرت و هەوەسی ئاڵفت کرد, بەتەواوی شەرم دایگرتم و لەو خۆشەویستییە دوورکەوتمەوە, نزیکەی یەك ساڵ بەو جۆرە خزمەتی ئەو پیاو چاکەم کرد . لەخزمەتکردنیدا, گەنجینەی خۆشبەختیم بەدەست هێنا, تاوەکو ئەو زاتە رووی لە حیجاز کردو منیش لەبەغدادا مامەوەو نامەی دووری ئەوم بەسۆزو شەوقەوە دەخوێندەوە.

هەروەها بەرێزیان گوتی کە: شەیدایەکی تر هەبوو کە ئاسەواری شەیدایی تێدا ئاشکرا بوو, جارێکیان بڕیارم دا کەهەر بەو پیاوە بگەم, بڕی سێ درهەم کەلەگیرفانمدا بوو, بیدەم بەو, بەرێکەوت نزیکی مەزاری غەوسی گەورە بەو گەیشتم, لەپڕ ئەوە بەدڵمدا هات کەبۆچی ئەو سێ درهەمەی بدەمێ, بەڵکو هەندێ پارەی وردەی تری بدەمێ, دەستم بەگیرفانمدا کرد, هەندێ وردەم دەرهێنا تابیدەمێ, دەستی هێنا بۆ دەستم, گوتی ئەی بۆچی سێ درهەمەکەم نادەیتێ, شەرم گرتمی و سێ درهەمەکەی کەپێشتر نەزرم کردبوو, پێشکەشم کرد .

www.pertwk.com

هرکس رابهر کاری ساختند   میل آنرا دردلش انداختند

لەبەر ئەوەی خاکی بوونی ئەو پیاو چاکە بەپێی: (ان الله خلق الخلق في ظلمة ثم رشّى عليهم من نوره فمن أصابه من ذلك النور فقد اهتدى) بەئاوی ڕێنموونکردن گیرابۆوە ولە زەمینی تواناییدا تۆوی خۆشبەختی چێنرابوو, بەناچارییەوە بەپێی: (الحكمة ضالّة المؤمن) لەبەدواداچوونی گومرایی خۆی سەرگەردان و دووره پەرێز لەتێکەڵبوون لەگەڵ بێگانەو خوێشی, لەهەر کەسێك داوای بریسکەی دەکردو لەهەر هزرمەندێك داوای گەوهەری دەکرد, تاوەکو بەپێی (من طلب وجدّ وجد) دەرمانی دەردی خۆی پەیدا کردووەو دەستی بەچمکی کەوای سەرکاروانی ڕێنموونیکردن گەیشتووەو ئەسپ ئاسا بەرەو مەبەستی خۆی چوار ناڵە دەکات. لەزمانی پڕ گەوهەری خودی شێخ بیستومە کەفەرموویانە:

ئەو کاتەی لەتەکیەی حەزرەتی غەوس(خودا لێی رازی بێت), سەرقاڵی دەستەبەرکردنی زانست بووم بە دەم دەردەوە دەمناڵاندو دیدەی ئومێدم بەرووی مژدەی دەستەبەرکردندا دادرپیبوو, کەکەی خورمای ئارەزووم بەر دەگرێت و خۆری ڕێنموونکردنم لە هەڵهاتنی تەوێڵی خۆشبەختیی کام دەوڵەتمەندێکدا, سەر هەڵدەدات, ڕۆژان لەو بیرەدا بوومو شەوانیش لە خەفەتدا خەوبە چاومدا نەدەهات, تائەوەی کە:

شبی خوش همچو صبح زندگانی   نشاط افزا چو ایام جوانی

بەو خەیاڵەوە سەرم نایە سەر سەرینی غەمگینی و دیدەی هەستم نوقاندو چاوی دڵم بە رووی جیهانی کاتیدا کردەوە, بەو نییەتەی کەبەڵکو لەلایەن مەبەستەوە هێمایەكو بەپەسەند کردن و دەستەبەرکردنی خواست, مژدەیەکم پێبگات. لەپڕ لەسروشەوە دەنگێك گەیشتە گوێی هۆشم و سەرتاپای بەدەنم چێژی لێوەرگرت, بەو مانایەی کەسەردەم سەردەمی خالید پاشا بێت, دۆستان و یارانی شادو خۆشحاڵن, بەرێکەوت لەو کاتانەدا, عەبدورەحمان پاشاو خالیدپاشا, لەسەر حوکمڕانیی سلێمانی ناکۆك بوون, من لەشکۆی ئەم سروشە بەخەبەر هاتمەوە, ناتوانی و دڵتەنگی زۆریان بۆ هێنابوومو گەیشتمە ئاستی ناکامی. گوتم: سەیری بەدبەختی بکە, من داوای چی دەکەمو بۆ چ شتێك ئاماژە دەکەن, من خۆم لە فرتو فێڵی کۆتی دونیا دەدزمەوەو نێچیر ئاسا دەکەومە داوی شکارچییەوە. چەند ڕۆژێك بە دڵتەنگییەوە لەو حاڵەتەدا بووم, ولەگەڵ بەختی خۆمدا مشتومڕم بوو, لەپڕ بەپێی(ان مع العسر يسرا) بەختم هەڵهات ودەروازەی خۆشبەختی بەشنەی ڕێنموونکردن, بەروومدا کرایەوە, واتە حەزرەتی سەرچاوەی زانست و ڕێنموونکردن و خۆری ڕێنموونکردن چرای حەق و ئایین و تەختی ویلایەت شێخ خالید(خودا رازداری بکات) لەگەشتی جیهان ئاباد بەنییەتی ئەوی جیهان بەڕووناکی ئاوەدان بکاتەوە, سەردانی بەغدای کردو بووبەمیوانی تەکیەی حەزرەتی غەوس (خودا لێی رازی بێت) وەرەنگو بۆیەکی نوێی بەدەرودیواری ئەو شوێنەپیرۆزە بەخشی.

www.pertwk.com

ئەوسا بۆم دەرکەوت کەئەو خالید پاشایەی لەرووداوەکەدا, ئاماژەیان بۆ من کردبوو, ئەم شایەی دەڤەری حەقیقەتە, نەك پاشای مەجازی:

شاه آن دان کو زشاهی فارغ است	بیمەو خورشید نورش بارتغ است
امـــــر اوبرملك دل باشد روان	اوچوماه واهل دل چون شب روان
دل بدست او چـــو موم نرم دان	مهر او گـــــــه ننگ سازد گاه نـام
پــــــادشاهان مجازی بندەاش	حلّـــــه پوش از ژندۀ فرخندەاش

فەرموویان: هەرکە بەخزمەتی گەیشتم, منی ناسیو گەلێ نەرمونیان بوو لەگەڵمدا, چونکە ئەو سەردەمانەی لەسەردەمی لاویدا, ئەو قوتبە گەورەیە, بەمەبەستی خوێندن تەشریفی بۆ گوندی تیۆڵە هێنا, بەخزمەتی گەیشتمو نەخشەی دڵسۆزیو ویستی لەسەر لاپەڕەی دڵم کێشابوو, هەرکەخوازیاری پەسەند کردنم لەحەزرەتی کرد, تا لەسەر دەستی تەریقەت وەربگرم, لەرووی میهرەبانییەوە پەسەندی کرد بەداواکردنی کاری خێر, هەروەکو لەنێو تەریقەتدا هەیە, فرمانیان کرد, لەرووداوێکدا کە مەلێکی رووبەڕام:

گشت آزاد ازغم وبند جهان	درفضای سادەو صحرای جان

وامەزندە کرا لەگەڵ تاقمێکی گەورەدا, بەرەو لوتکەی چیایەك, شکۆمەندانە سەردەکەوین, هەروەکو بڵێی بەدوای شتێکدا یان لەخۆشی گەیشتن بەخۆشەویستێك, بەهەوڵو تەقللای تەواوەوە

هەنگاو دەنێین . من بە یارمەتیهێزی خوداوەندی, توانیم پلە بەپلە سەربکەوم, تاوەکو گەیشتمە سەر لوتکەی چیاکەو پەرچەمی بەرزیو شکۆمەندیم شەکاندەوە . بینیم کە شابازی بەرزەفڕی شکۆمەندی هەردوو جیهانو ئەو شای ئاسمانی خۆشبەختی هەمیشەییو ئەو تاکە سوارەی مەیدانی گەشتی خوداوەندی, ئەوکەسەی کەهەموو پلەکانی نزیکی ورەزامەندیی حەزرەتی حەقی, بەتواناوە دەستەبەر کردووە, چرای حەقو ئایین, شێخو پیرو دانای ئێمە, مەولانا خالید(خودا رازداری بکات) لەسەر لوتکەی ئەو چیایە بەئەوپەڕی شکۆمەندییەوە, تاقمێك لەمەحرەمانی راز لەخزمەتیدا بوونو لەبادەی پیرۆزی, پێکی دڵیان دەنۆشی, کەنزیك بوومەوەو بەخزمەتی موبارەکی گەیشتم, فەرمووی: دانیشە تاوەکو وانەیەك لەم کتێبەت فێر بکەمو چرایەکی زانست لە تاریکستانی دڵتدا, هەڵبکەم . لەخزمەتیدا دەست لەسەر ئەژنۆ, دانیشتمو گوێم بۆ حەقیقەتو زانستەکانی شل کرد, ئەو وانەیەی لەو کتێبەدا بەمنی گوتو گەوهەری رازی بەئەڵماسی بەیانو راگەیاندن تیژ کرد, ناوەڕۆکی ئەو کتێبە نەفارسیو نەتورکیو نەعەرەبی بوو, وامزانی کە ئەو کتێبە زانستی سەیرو سەمەرەی مەغریبی بوو, رۆژی دوایی کەبەخزمەتی گەیشتمو رووداوەکەم بۆ گێڕایەوە, تەوێڵی موبارەکی کرایەوەو گەشایەوە, مەسەلەکەی بۆ ئامادەبوان باسکرد, وخونچەی دەمی بەشنەی زەردەخەنە کردەوەو فەرمووی: ماشەڵڵاعوسمان لەرووداوی سەرەتاو بنەتادا, کاری خۆی بینیوەو, رێگەی رەفتاری پلەو پایەکانی کەماڵی بەگشتی لە جیهانی میسال, بەروویدا ئاوەڵابووە .

www.pertwk.com

کەواتە هەر هەمان کات فێری زیکری تەریقەتی بەرزی کردووەو کلاورۆژنەی بەهێزو توانای ئەو ئاراستەکردنەی لە تاریکستانی دڵمدا هەڵکرد, کە مۆمێکی لەدڵمدا رۆشن کرد بەجۆری کەدڵۆپ لێی دەچکا. لەسەر داوای بەرێزیان, لەسەر زیکری ئەو تەریقەتە بەردەوام بووم, ودیدەی دڵم بەبینینی و ویستو ئاشکرابوونەکانم دەکرایەوە کەلەم تەریقەتەدا, لە رێگەی (اندراج النهاية في البداية)دەردەکەون, تاوردە وردە رووناکی کەلەکاتی پاکژبوونو روونبوونەوە, بەرەنگی جۆراو جۆر دەردەکەون, دەرکەوتن . وهەریەکە بەزیکری ناوی خودا کەوتنە دوان .

ئەوسا سوڵتانی زیکر هەموو بوونی منی داگرت, بەرادەیەك کە ئاهەنگو ئاوازی زیکرەکەم لەگۆشتو پێستو مووی خۆم, بەگوێی هۆشم دەبیست, وچێژی کەلەسەرووی هەموو چێژەکانەوەیە بەدڵ دەمچێشت, وبۆنو بەرامەیم کەلەبۆنی میسكو عەنبەر خۆشتر بوو, بەمێشکی رۆح بۆنم دەکرد, وهەروەها هەموو جیهان کەوتە زیکرەوەو بەپێی (وان من شي ٔالاّ يسبّح بحمده) گەیشتە ئاستی روونی.

فەرمووی: گڕی شەوقو خولیای بەرادەیەك بەسەرمدا زاڵ بوو, کەیەکسەرە لەرووداوەکەدا بینیم کەبووم بە ئەژدیهایەکی گەورە کە هەموو جیهانم هەڵدەلووشیو کەدەشم هەرداوای زیاتری دەکرد . چەند رۆژێك کەرەتبوو, گوزارشتیان لەو حاڵەتەی جیهانی میسالو نموونە دەکرد, بەرواڵەتیش دەرکەوت . وئەو ماوەیەی لە سلێمانی بەخزمەتی گەیشتم, دەردو ئەندێشەی برسێتیم بە رادەیەك کێشا کەهەرچیم دەخوارد, تێرنەدەبووم . رۆژێکیان ژمارەم کرد (32)نانو چەند بەلەم پلاوو چەند قاپ گۆشتو شتی ترم خوارد, هێشتا گەدەم

دەینالاند, تاوەکو یەکێك لەموریدەکانی حەزرەت (خودا رازداری بکات)کەدەستی شکابوو, هەندێ هەویرو خوێیان لەسەری دانابوو وهەویرەکەیان لەسەر تاقێك دانابوو, ئەویشم خواردو سوودی نەبوو, ئیتر خەڵکەکە لای حەزرەتی مەولانا شکاتیان کرد کە هەرچی دەخۆم تێر نابم . بەزەردەخەنەوە فەرموبووی کەئەگەر دووکەسی وەکو عوسمانمان هەبایە, خۆراك لەم شارەدا نەدەما . ئەوسا بەدەستی خۆی دوونانی بۆرەوانە کردم و رێگەی پێدام کەبەرەوماڵی باوکی بڕۆم, منیش دوونانەکەم وەرگرتو لەدەرەوەی شاردا خواردمو چاکبوومەوە .

جارێکیان لەرێگەی نێوان بەغداو سلێمانیدا بووین, حاڵەتێکم بۆ پێشهات, هەر کە بەخزمەتی ئەو حەرزرەتە گەیشتم, رووی لەقیبلە کردو فەرمووی: خودایا , میهرەبانیو چاودێری کەوەکو خۆر لە رۆژهەڵاتی ئەربارى مەعریفەدا, سەرهەڵدەدات, جگە لە مەزنیی تۆ, هیچ شتێك ناتوانێت بەردەمی بگرێت. بەڵام ویستی هەمیشەگیی حەزرەتت وادەخوازێت نامۆییو دووریو ئەندێشەو بەڵاو نارەحەتیی بیابانو ئاوەدانی بچێژێتو دەستی بەو دەسەڵاتە نەگات . وکەسێکی تر کەلەشوێنی خۆیدا, بێکارو بیٔومێدو دەست لەئەژنۆ دانیشتووە, دەیگەیەنێتە ئەو پلەو پایە بەرزە :

از سبب سوزيش من سودائيم وز سبب سازيش سوفسطائيم

وفەرموویان: لەسەرەتادا, پەیوەندیی هێندە بەسەرمدا زاڵبوو کەلەهەر تۆزقاڵێك لەم جیهانە, وێنەی موبارەکی شێخەکەی خۆمم

www.pertwk.com

دەبینی, وبەهەموو ئەو حاڵەتەوە, بەزمانی حاڵو دڵ گفتوگۆم لەگەڵدا دەکردو بەگوێی هۆشم وەڵامم دەشنەفت, جارێکیان بۆ تاقیکردنەوە, حەزرەت لێی پرسیم کە بۆ نموونە, لە بواری حەڵاڵبوون و حەرامبوونی نێرگەلە پرسیار بکەم, چ وەڵامێك دەدرێتەوە ؟ بەپێی فرمانەکەی پرسیارم کرد لە کۆڕەکەدا . وەڵامی دایەوە کەنێرگەلە نەحەڵاڵەو نەحەرامە, بەڵکە کارێکە رێگەی پێدراوە, فەرموویان: بەڵێ راستە . گوتم کەواتە شێوازی نموونەی من, وەکو شێوازی نموونەی حەزرەت وابوو وجیاوازیی نێوان هەردوو شێوازەکەم نەدەبینی . فەرموویان, ئەم پێگەیە کۆبەندی پەیوەندییە. گوتم: دوای ئەوە جیاوازیی دووشێوازەکەش یەکالا بووەوە یەك شێوازم دەبینی . فەرموویان: ئەمە پێگەی کۆبەندیی کۆیەو توانەوە لەشێخدا بریتییە لەم حاڵەتە, کەواتە مامەڵە لەتوانەوە لە شێخدا, بەتوانەوە لەپێغەمبەردا دەگات کەگەشتەکەمان لەهەموو بوونەوەران و کۆکۆی کۆدا, لەشێوازی میسال و نموونەی ئەو حەزرەتەدا, دەستەبەر بوو.

فەرموویان: سەردەمانێك وەها دەمبینی کەسەرانسەری جیهان هەر لەعەرشەوە تاسەرزەمین, تەنانەت مەلایکەو پێغەمبەران (دروودی خوایان لەسەر بێت) کرنووش بۆ حەزرەتی مەولانا (خودا رازداری بکات)دەبەن, وبەو پەڕی بێتوانایی و نیازەوە, روو لەو میحرابی خۆشبەختییە دەکەن . گوتم لەم رووداوە بەتەواوی مات و وڕ بووم و پیتی سەرگەردانیم لە تابلۆی خەیاڵدا خوێندەوە . فەرموویان: فلانی ئاگادار بە, کافر نەبی وخەرمانی بڕواو ئیسلامی خۆت نەدەیتە بەربای بێ بڕوایی و خودا نەناسی .گەلێ لەموریدان بەهۆی ئەو حاڵەتەوە کە تۆیشی تێدایت, بڕوایان لە دەست داوەو رێبەری خۆیانیان لەبری خوداپەرستووەو ئەم دونیاو ئەو دونیایان لەدەست داوە . ئەوەش بزانە ئەم کرنووشەی سەرانسەری جیهان بۆ من نییە, بەڵکو بۆ محەمەدە (درودی خودای لەسەر بێت) کەلەمندا سەریهەڵداوەو بوونی نابووتی منی, بەدەرکەوتنی خۆی خۆشبەخت کردوە . ئیتر ئارام بوومەوەو دەستم بەکاری خۆم کردو پوشاڵی بوونی خۆمم, لە ناو کورەی عیشق و سۆزدا سووتان .

دوای ماوەیەك ئەو حاڵەتە لە خۆیشمدا سەریهەڵدا کەسەرانسەری جیهان روویان لەمن کردو بەوپەڕی لەخۆبوونەوەو خۆشکاندنەوە, کرنۆشیان بۆ من دەبرد . لەوکاتەوە دەرکەوت کە کەسگەلێك هەندێ لەوەلییەکانی وەکو سوڵتان ئیسحاقیان[1] وەکو خودا پەرستووەو سەرچاوەی گومڕاهیان لەوێوە بووە . دوای ئەوکارە لەزیکرو رابیتەوە, گەیشتە خواستی راستەقینە . بوونی یەکتایی لە ئاوێنەی فرەگەرییدا

(1)سوڵتان ئیسحاق کوڕی عارفی ناودار سەید عیسای بەرزنجییە, باپیری ژمارەیەکی زۆر لەساداتی کوردستانی ئێران و عێراقە, سوڵتانیش یەکێك بوو لەگەورە عارفان و شێخانی کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم .

سەید عیسا فەرزەندی سەید بابا عەلی هەمەدانی لەساڵی 656 کۆچی, لەهەمەدانەوە کۆچی کردووە بۆ سنە تاقمی ئەهلی حەق کەبەعەلیوڵڵا ناسراون, سوڵتان ئیسحاق بەپیرو رێبەری خۆیان دەزانن وزیارەتی مەزاری سوڵتان, کەدەکەوێتە گوندی شێخانی هەورامانی لهۆن, لەسەر رووباری سیروان, بەحەج هەژمار دەکەن (نووسەر) .

www.pertwk.com

بەدەر لەتەڵخیی بارستایی، بەبێ چۆنایەتی وچەندایەتی دەبینی، واتە سەربەندی زۆرینەو فرەگەریی بەتەواوی هەڵماڵرا:

یکی ماند آن هم ازنعت یکی پاك　　زبسیاری فزون وز اندکی پاك

تائەوەی فەنای راکێشان کە تایبەتی رێگەی (اندراج النهایة في البدایة)یەو لەتەریقەتی پیاوچاکاندا بەوجودی عەدەم ناودەبرێت، روودەدات:

وصل اعدام اگر توانی کرد　　کارمردان حق توانی کرد

لەو کاتەدا، مامەڵە لە راکێشانەوە بۆ رەفتار دەچێت، هەر پێنج مەلی میهرەبانی لەقەفەسی سینگدا باڵدەگرن و روولە بارەگای خۆیان دەکەن . ودەکەونە سەر رێگەی ئاسۆکان و باڵیان بەرەو جیهانی نەفس دەکەنەوە .

فەرموویان: جارێکی تر لەمیانەی ئەو گەشتە ئاسۆییەی کەعبەی پیرۆزدا، لە نوێژولەکاتی تردا دەمبینی، نەفسم لەم مامەڵەیە تووشی بوغرایی دەبوو، هەرکەبەخزمەتی حەزرەت گەیشتم، فەرموویان کەلەتۆدا بوغرایی و شادی دەچنمەوە، فەرموویان ئەم جۆرە باسوخواس و نمایشانە، لەم تەریقەتەی پیاوچاکاندا گەلێجار روودەدات، بەڵام ئاگاداربە تووشی بوغرایی نەبیت کەبەپێی تێبینی، مەبەستی سەرەکی ئەندازەیەکی نییە، تاکەسێك بەو هۆیەوە دڵشاد ببێت. چەند رۆژێك رەت بوو، بینیم کە لەئاسمانی چوارەم، لەبەرامبەر کەعبەی پیرۆزو بەرامبەرەکەی، خانوویەك هەیەومەلایکە چواردەوریان داوەو تەواف دەکەن، هەمدیسان تووشی بوغرایی بووم،

www.pertwk.com

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

هەرکەبەحەزرەت گەیشتم، بەسامەوە سەیری کردم کەسەرتاپێ سوورهەڵگەڕام، فەرمووی دووبارە ئەمە چ حاڵەتێکە کە بوغرا بوویت و دەنگی پرتەو بۆڵەت هێناوەتە گۆڕەپانی بەختی خۆتەوە، فەرمووی چۆن چۆنی، گوتم لەبەرامبەر ماڵی خودا، وەکو دووبەردی دەسار کەلەسەر یەکتر بن، دەردەکەون . فەرمووی بەوشتانە فریو نەدرێیت کەمەبەستی ئێمە نین .

وفەرمووی: لەقۆناغی سلوکدا، کەسێکم دەبینی لەسەر تەختێك دانیشتبوو، خۆی بەخودا لەقەڵەم دەدا، هەرکەگەورەکەی خۆمم ئاگادارکردەوە، فەرمووی ئەوە شەیتانە لەوێدا، رێگە بەسالیك دەگرێت و ئاگاداری خۆت ببە کەفریوت نەدات، ئەگەر جارێکی تر پەیدابووەوە، پشتی لێبکەو بڵێ: ئەی نەفرەتکراو، بڕۆ کەخودای من کەسی لەرەنگ نییەو تۆ سەرتاپێت رەنگە . گوتم: هەر کەبەفەرمانی جوڵامەوە، بینیم کە ئەو نەفرەت لێکراوە، لەتەختەکەی کەوتە خوارەوەو خۆی و تەختەکەی لەبەرچاوم ون بوون، دوای ئەوە ئەو نەفرەت لێکراوەم دەبینی لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاواو، لەرۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات رایدەکرد، وەکو کەسێك کەلەترسدا خۆی بشارێتەوەو وای دەردەخست کەلەترسی سۆزی دەروونی من ئارامی لێهەڵگیرابێت و لەوە دەترسا کەئاگرم تێبەربێت.

فەرموویان کە ئاگاداربە بەقسەی ئەو نەفرەت لێکراوە هەڵنەخەڵەتێی، مەبەستی ئەوەیە گوێرایەڵی قسەکانی بیت و لەبەدی ئەو نەترسیت تابە زەویتدا بماڵێت و بەمەرامی خۆی بگات، دوای مشتومڕێکی زۆر، لەئاکامدا لەگەشتی ئاسۆکان رزگارم بوو وپێم نایە جیهانی نەفسەکانەوەو بەواتەی (وفي انفسکم ولا تبصرون) دیدەی دڵم

بەئاشکرابووەکان‌و هاتووەکان شاد بوو . میهرو لوتفی هەریەکە بەرەچەڵەکی خۆیان گەیشتن کەلەسەرعەرشەو رەهابوون لەدووری‌و زیندانی جودایی‌و ئاسۆکانیان بڕی‌و بەتەختی مەلەکی نەفس گەیشتن, لەم دەستوبەندەدا, بەندە کەحامیدم, لەبەرێزیان پرسیارم کرد کە لەنووسینەکانی حەزرەتی موجەدید(خودای لێ‌رازی بێت)دا تۆمار کراوەکە: هەندێ لەوەلییەکان, بەشێوەی زنجیرەیی, سلوك ئەنجام دەدەن کەلەدڵەوە بۆ رۆح‌و لەرۆحەوە بۆ سەرو لەسەرەوە بۆ نادیارو لەنادیارەوە بۆ نادیاریی دەڕۆن‌و هەروەها لە ئوسوڵدا وئوسوڵی ئوسوڵیشدا ئەم پۆلێنبەندییە لە سلوکیاندا رەچاو دەکرێت . وهەندێکی دیکە گەشتیان تایبەتە بەیەك یادوو یاسێ یاچوار لەتیفە, بەپێی لێهاتوویی . گوایە لەهەر یەکێك لەم پلانەدا, کنەی کردووەو ئەو گەیشتووە(واصل)ی لەکنە کردنەوە گەیانۆتە خواستەیەك کەشهودی حەققە . بۆ نموونە بۆ کەسێك کەلێهاتوویی تەنیا لەگەشتی لەتیفەی دڵدایە, بۆ نموونە لە پێگەی دڵدا, کنەی کردووەو بەو ئاکارانەی هەڵچوون دەگات کە ئەسڵی ئەسڵەو هەروەها لە پێگەی رۆحدا کنەی کردووەو بەئاکاری سەلماندن گەیشتووەو ... هتد, ئایا گەشتی ئێوە لەوجۆرە بۆنانە لەکامیاندایە ؟

لەراپۆرتی حەزرەتیان واتێگەیشتم کە ویلایەتیان لەگەڵ سلوکی لەتیفەی دڵدا گونجاوترە, چونکە فەرمووی کەمامەڵەی من گەڵێجار لەگەڵ دڵدا بووەو لەتیفەکانی تر بەپەیڕەوی لەدڵ, بەفەناو بەقا گەیشتوون, لەراستیدا ئەم زۆری کشوفاتانەو کەرامەتانەی ئەو حەزرەتە لەسەرەتاوە تائێستا دەرکەوتن‌و دەردەکەون, نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنی پایەی ولایەتی دڵن . وچەندین جار لەو حەزرەتەم

بیستووە کەدەیفەرموو, من سەرەتا خوداوەندی خۆم بە (العلیم)دیاری کردووەو لەحەزرەتی مەولانا (رۆحم بەقوربانی بێت)وابیستراوەکە (العلیم) خودای کەسێکە کە شەیدای محەمەد بێت, وهەروەها فەرموویەتی: ئەگەرچی خودای من (العلیم)ە, بەڵام لە هەمووناوەکانیدا گەشتم کردووە, وخودا زانایە . فەرموویان لەو کاتانەدا کەگەشتی من لە جیهانی نەفسەکاندا بوو, جارێکیان لە رووداوێکدا بینیم کەگوایا بووم بە بازێکی شکار کەحەزرەتی مەولانا منی بەدەستەوە گرتووەو خەریکی شکارکردن بووم‌و هەر باڵندەیەکم لە ئاسماندا ببینیایە, هەر بەسەیرکردنی لە دوورەوە لە ئاسمان دەکەوتە خوارەوە بەڵام هەندێ لە باڵندەکان گەورەبوون, بەسەیرکردنێك نەدەکەوتنە خوارەوە . بۆیە حەزرەت داوای لێدەکردم شکاریان بکەم, بۆیە هەڵیدەفڕانم, هەر لەو دوور دەکەوتمەوە دەمگرتن‌و لەبەر پێی حەزرەتدا دامدەنان‌و رووداوەکەم لە خزمەتیاندا دەگێڕایەوە . سەبارەت بەوە هیچی دەرنەدەبڕی, بەلام لەو رۆژانەدا, شەرەفی ئەوەی پێ‌بەخشیم و مۆڵەتی‌دا کەکاری ئیرشاد بکەم‌و دەروازەی میهرەبانی بە روومدا کردەوەو لەوکاتەدا راستیی رووداوەکە کە لەجیهانی میسال(نموونە)دا بینیبووم, لەجیهانی شهودیشدا دەرکەوت .

لەبەر ئەوەی حەزرەتی مەولانا(خودا رازداری بکات)مۆڵەتی رەهای بەمن بەخشیبوو وفرمانی بەهەمو جێنشین‌و موریدانی دابوو, لەئەڵقەو کۆڕی مندا ئامادەبن, هەندێ لە جێنشینەکان کە خۆیان بەکامڵ دەزانی‌و منیان بەناکامڵ هەژمار دەکرد, لەبۆچوونی خۆیاندا, بڕوایان بەمن نەبوو, بەڵکو رەچاوی فرمانی حەزرەتیان دەکردو بەزۆرو نابەدڵ

www.pertwk.com

لەکۆڕەکانی خەتمدا دادەنیشتن, بۆیە لەتوانایی من, هەندێ درەنگ حاڵی دەبوون, ومنیش غیرەتم ڕێگەی نەدەدام کەسوود وەرنەگرن , بۆیە کەهەڵوێستەدەکراو ماوەی کۆڕەکان درێژەی دەکێشا, هەندێ لەوانە, لەخزمەتی حەزرەتدا گلەییان کردبوو کە: فلانی درەنگ لە ئاراستەکردنی لەکۆڕ دەبێتەوەو خەڵکەکە بەهۆی سستی منەوە, بێزار دەبن . حەزرەت لەوەلامدا فەرموویان کە: چاوێلکەی من لە کولەکە نییە, لە سستی عوسمانو هەڵوەستەکردنی, حیکمەتێك هەیە بەلام ئێوە دەرك بەوە ناکەن . بڕۆن بانگی بکەن . هەر کە گەیشتمە لای حەزرەت بەنەرمونیانی ڕووی تێکردمو فەرمووی:دەڵێن لەئاراستەکردندا, درەنگ لێدەبێتەوەو گوایە خەڵکەکە بەم بۆنەوە تووشی بێزاری بوون, بۆچی وادەکەیت ؟ منیش گوتم: قوربانت بم, ڕاستیت پێبڵێم ؟ فەرموویان: بەڵێ . ڕاستیەکەم پێ ڕاگەیاند کە هەندێ لەو کەسانەی ئامادەی کۆڕەکە دەبن بڕوای تەواویان بەوتەکانی حەزرەتتان هەیەو بەبڕوای تەواوەوە لە کۆڕو حەڵقەکاندا دادەنیشنو داوای زانستی زیاتر دەکەن, هەر کەلێیان نزیك دەکەومەوە, بەهرەی خۆیان وەردەگرن. بەلام هەندێکیان بەبێ توانا دەزانن و تەنیا بەهۆی فرمانی بەڕێزتانەوەیە لەکۆڕەکانماندا ئامادە دەبن, بۆیە دەروازەی زانست بەروویاندا داخراوەو غیرەتی منیش ڕێگەم پێنادات کەبێ بەهرە لە کۆڕەکە هەستنە سەرپێ و بەناچارییەوە مەسەلەکەیان بۆ دەکەمەوە, بۆیە کۆڕەکان درێژە دەکێشن, هەر کەئەمەم راگەیاند ڕووی تێکردنو فەرمووی: نەمگوت چاویلکەی من لەکولەکە نییە ؟ ڕاستی ڕووداوەکە ئەوەبوو کەعوسمان گێڕایەوە .ئەوتاقمە لەشەرمدا سەریان داگرت و توانای قسەکردنیان نەما.

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

کەواتە راڤەکردنی ئەو ڕووداوە کەزیاتر لەجیهانی میسال بینی بووم, بەرواڵەتیش ئاشکرابوو, زانیم کە ئەوباڵندەگەورانەی بەیەك سەیرکردن شکار نەدەکران, ئەو جێنشینانەبوون کە بڕوایان بەتێبینی کردنی گەورەیی خۆیان و بچووکی من نەبوو و, لەسینگیاندا تۆوی دڵپیسی و غیرەیان بەرامبەر بەمن دەچاند .واتە خۆشەویستی حەزرەتی مەولانا (خودا رازداری بکات) سەبارەت بەحەرزەتی شێخمان (خودا بیپارێزێت)ڕۆژ بەرۆژ لەزیادبووندا بوو, ئەختەری خۆشبەختی و سەروەری لەتەوێڵی ڕووناکی ئەودا دەرکەوت و جیهانی ڕووناك کردۆتەوەو لەنێوان یارانو هاوەڵانی خۆیدا, دەرکەوتووەو کۆڕەکانی بەڕێوەبردووەو بەشەووبەڕۆژ ئاراستەکردنی ئەنجام داوەو ئەوانە بەشێك بوونە لەسفرەو خوانی خێری پاشای تەختی عیرفان, بەرادەیەك کەپەروەردەکردنی ئەهلی سلوك و هیمەتکردن لەراماڵینی نەخۆشی و بەلای نەخۆش بەو بەخشراوە, تائەو مانگی یەکشەوەیە, هەروەکو دەڵێن(نور القمر مستفاد من نور الشمس) سەعات بەسەعات زیاتر لەڕووناکی ئەو خۆرە سوودمەند بووەو بووە بەمانگی چواردەو ئەو کۆڕنشینی پەسەندکردن, لەپلەکانی بەرزو نزمبوونەوە, وردە وردە گەشەی کردووە, لەپوختەبوونەوە بۆ پوختەکردن, لەتەلوینەوە بۆ تەکمین و لەسلوکەوە بۆ تەسلیك, لەسەر تەختی ئیرشاد بەجێنشینی شای دەڤەری ڕێنموونکردن دانیشتووە, ئەهلی ویست و ئیرادە, بەپێی فرمانی ئەو فەرمانڕەوای سەروەرییە, وەکو پەروانە بەدەوری مۆمی کۆڕی وەلییەکاندا دەخولایەوە . خوازیارانو ئەهلی نیاز, هەریەکە خولیای دڵسۆزیی بەخزمەتی دەگەیشتن . لەوانەی لەو کاتەدا بەفرمانی ئەوحەزرەتە لەحوجرەی پەروەردەکردندا, لەخزمەتی

جەنابی شێخ سراجودین(رۆحمان بەقوربانی بێت)و لەگۆی هیمەتی، شیری بەرەکەتیان مژیوە، تاگەیشتوونە بەئاستی کەماڵو پیاوی گەورە: سەروەری سەروەران سەید ئیسماعیلی داغستانیو پەسەندکراوی چاودێری پەروەردگار، مەلاعەبدولحەکیمی کاشفەری، وخوالیێخۆشبووخواناسو خەباتگێر شێخ محەمەدی بەڵخیش بەفەرمانی ئەو حەزرەتە، لەژێر دەستی جەنابی شێخماندا بووە.

دەگێڕنەوە کەجەنابی شێخ(خوابیپارێزێت) بەجۆرێ سەرقاڵی ئیرشادو خزمەتی ئەهلی رێنمونکردن بوو، رۆژانە تاکاتی شێوان، سەرقاڵی کۆڕی گشتی دەبوون، دواتر رووی لەحوجرەی خۆی دەکردو لەکۆڕی تایبەتیدا دەستەدەستە زانایانو گەورەپیاوان، بەرەکەتیان لێوەردەگرتو شەوانیش بەرێزی تەواوەوە لەگەڵ جێنشینانی گەورەی ئەو حەزرەتەدا، قسەی دەکردو تۆوی خۆشەویستی لەزەمینی هۆگریی پاكو خاوێندا دەچاند:

روزو شب کارش این و پیشه چنین   لاجرم گشت شیربیشهٔدین
اختری بود برسمای شرف   گشت خورشید اوج علیّین
ازمقامات یك به یك بگذشت   تابسر حدّ ملك حقّ الیقین

وبەپێی فەرمایشتی خودی شێخو گەوایی کەسانی بڕوا پێکراو، تائەوسەردەمەی حەزرەتی مەولانا لەسلێمانی بووە، کاروباری ئیرشادی بەشێخ سراجودین دەسپاردو لەکاروباری زەروریو کەشفیەدا، پەنای پێدەبردەوەو کاری بەفەرموودەکانی دەکرد .

فەرموویان، لەبەر ئەوەی کاری ناحەزان لەسلێمانی گەیشتبووە ئەوەی کەرۆژی هەینی کەبۆ نوێژدەچن، دەرگای مزگەوتم لێبگرنو بەگژمدا بچن . شەوی ئەو رۆژە حەزرەت بەحوکمی(وشاورهم في الامر) لەگەڵ یاراندا راوێژی کرد، راو بۆچوونی زۆربەی جێنشینان ئەمەبوو: ئەگەر ناحەزان شەڕیان کرد ئەوا بەرگریی دەکەین کەبەرگریی کردن پێویستە، ومنیش سەری شەرمم داگرتبو و بێدەنگ بووم . لەم میانەدا روویان لەمن کردو فەرموویان: فلانی تۆ چی دەڵێیت؟ گوتم: بەقوربانت بم، من لەو ئاستەدا نیم حیساب بۆ خۆم بکەن.

فەرمووی: تۆش هەرچی دەزانی بڵێ، گوتم: ئەوەی بەلای بەندەوە ئاشکرایە ئەوەیە کەبەڕێزتان ئەمشەو کۆچ بکەنو ئەم سوننەتەی پێغەمبەری سەروەر بەجێبهێننو تازەی بکەنەوە . هەرجارێ لەم نیودێرەدا هاتووە:

رای آنچه تو اندیشی، حکم آنچه تو فرمایی

حەزرەت ساتێمات بوو، دواتر فەرمووی: بەڵێ، ئەوەی تۆ گوتت راستە . ئامادەبووانی کۆڕەکە، کەوتنە تانەو تەشەر لەمنو حەزرەتیش بێدەنگییانی کردو لەهەمان کاتدا داوای لەمن کرد کەبەرەو ماڵەوە بڕۆم . بەپێی ئەم فرمانە لەسلێمانی دەرچووم . وحەزرەتیش لەگەڵ چەند کەسێك لەخۆبەخشەکانو کۆچکردووان بەرەوە خوداو پێغەمبەرەکەی، هەمان شەو بەرەو بەغدا بەرێکەوتنو دەرگای ئاخو داخی بەرووی بەجێماواندا کردەوە))(1) .

[1]) بەپێی گەڕیدەی ناوداری ئینگلیزی (ریچ) کەخۆی لەو ماوەیەدا لە سلێمانی بووەو لەماڵی مەحمود پاشای بابانی فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیەدا

www.pertwk.com

ئەمەبوو ئەوەی مەلاحامید, سەبارەت بەسەرەتای حاڵو ژیاننامەی شێخ سراجودین عوسمان(خودا لێی رازی بێت)لەکتێبی (ریاض المشتاقین)دا, تۆماری کردووە .

ژیانی بەسەربردووە, ئاماژە بەکۆچی مەولانا خالید لەشاری سلێمانیدەکات گوایە لە (5)ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1820ی زاییینیدا بووە . (نووسەر) .

حاجی شێخ عەبدورحمانی نەقشبەندی موجەدیدی (ئەبولوەفا) یان(وەفا)

مەبەست لەنووسینی ئەم پێشەکییە, راگەیاندنی ژیاننامەی ئەم ئەویندارو دڵداری زێبایی هەمیشەیی وشەیدای رێگەی حەقە(خوداوەند خۆیو نەوەکانی رازدار بکات) . لەراستیدا زمانی من لەوەسفکردنی ئەم گەورە پیاوە کەبەتەمەنێکی کەمتر لە(30)ساڵ گەیشتە پلەو پایەی بەرزی گەورەپیاوانی تەریقەت, ناتوانایە . باشتر وایە لەزاری خۆیەوە , پوختەی ژیاننامەی دەروونیی خۆی ببیستین:

بردە چشم نیم مستت آنچنان از جامرا — میتراود همچو مینامی زهر اعضا مرا
همچو ماهی گرچە در بحر سکوتم غرق لیك — طوطی آسا نام جانان میکند گویا مرا
دربیابان جنون باهرخسم خوش الفتی است — زانکە بوئی بردماغ آید از این صحرا مرا
باغبان بهرخدا روزی دو با من صبر کن
چون وفا باشد بەهر گل الفتی تنها مرا

هەروەها دەڵێت:

بیروی توای دەست کجا صبر توان کرد — وین آتش عشقت بە تە سینە پنهان کرد
مشتاق وصال توبمرگش نرسد دست — ورنە زفراقت نتوان صبر بجان کرد
گرچشم توخون دل من خوردچە باشد — ترکیست کەاندر بچگی خوی بدان کرد
چون مفکر مهر منو حسن تو, تراوید — شرمندە شداز گفت خودومهر دهان کرد
گویند وفا توبە کن ازعشق وادب کن
من توبە کنم لیك عبث دل نتوان کرد

www.pertwk.com

لەدایکبوون

لەبەرەبەیانی رۆژێکی بەهاری سالّی 1253ی کۆچییدا, لەماڵی یەکێك لەگەورەپیاوانی تەریقەت, لەباوکێك کەتەمەنی (58)سالّ بوو, منداڵێك هاتە دونیاوە, هێشتا ئاسمانی شارۆچکەکە بەهۆی ئەوەی لەناوجەرگەی چیای بەرزو گەردن کەشدا بوو, رووناك نەبووبووەوە, پەیڕەوانی خاوەن دڵ لەخانەقاکەدا, بەچاوی راستەقینە, بینیان کەلەسەر حوجرەی یەکێك لەدانیشتوانی حەرەم, نوورو رووناکی دەبارێت و حەرەم و دەوروبەری رووناك کردۆتەوە . شنەی بەرەبەیان بۆنی گوڵ و رەیحانی ئاوێتەبەبۆن و عەتری گەورەپیاوانی زنجیرەی بەرزی قادری(خودا رازداری بکات) دەگەیاندە ناخی رۆح, ئاوازی باڵندەکانی نزاکەر, پیاویانی بەرەو جیهانی راستەقینە پەلکێش دەکرد, بۆن و بەرامەی بەهەشت, دڵدارانی خانەقای هێنابووە جۆش و خرۆش . هاوارو ناڵەیان دەنگی دەدایەوە .

لەوکاتە گرانبەهایەدا, یەکێك لەجێنشینەدێرینەکان, بۆ خزمەتی شێخ سراجودین عوسمان رۆیشت و مژدەی داپێی کە: خوداوەند لەکچی حەزرەتی مەولانا خالید, کوڕێکی کەرەم کردووە, بەمەش شێخی ئاوێتەی شادمانی مەلەکوتی کرد, لەدواشەوی حەفتەدا, کۆمەڵێ لە رێزدارانی خەڵکی تیوڵە, هەژارانیان بۆخانەقا بانگێشت کردو, مەلاحامیدی کاتب کەیەکێك بوو لەگەورەپیاوان و هزرمەندانی هاوچەرخ, بەپێی فرمانی باوك, ناونابە عەبدورەحمان (ئەبو لوەفا) .

ولەبۆنەی مێژووی لەدایکبوونیدا کە بەخۆشی و شادی بەرێوە دەچوو, ئەم پارچە شیعرەی هۆنییەوە:

تعالی ان خداوندی کەتصویر جـــمال او　　　　برون از حیطهٔ تحریر فکر است وخیال او
بودیك کاسه فردوس نعیم ازخوان احسانش　　　　بودیك پایه عرش اعظم از تخت جــلال او
بهار عیش خرّم اوّل مـــــاه محرّم بـــود　　　　کـــەاز نوغنچهٔ بشـــکفت ازباغ نوال او
گل گزار عثمانی نسیم بـــــاغ رحمانی　　　　زهـــی آئینهٔحسن خداوندی جمـــال او
چونامش عبدرحمن گشت شداین نکته معلومم　　　　کەهست ازعین رحمت شخص قدوسی مثال او
زسیمایش چو خور نور سعادت میشود لامع　　　　تو برخیز وسعادت ختم کن یارب مآل او
بفکر اندر فرورفتم شنیدم هاتفی گفتا
((جمال باغ معنیها)) پی تاریخ سال او

هەروەکو ئاماژەم پێکرد, نووسەرانی نەقشبەندی کەمتر بایەخیان بەنووسینەوەی ژیانی زانستی و کۆمەڵایەتی و عیرفانی شێخ سراجودین و کوڕەکانی داوە, تەنیا ئاماژەیان بەکەرامەت و خەوارقی عاداتیان کردوون, مەلا حامید لەکتێبی (ریاض المشتاقین)دا, بەکورتی ئاماژە بە کوڕانی شێخ دەکات کەلێرەدا بەشێك لەو دێرانە دەهێنینەوە, دوای ئەوەی هەندێکیمان لابرد:

یکه تازان فضای خــــــــاندان نقشبند　　　　شاهبازان هـــوای آشیان نقشبند
همچو دریا پر زجوش امّا خموش و ساکنند　　　　ثابت وسیّاره اندر آسمـان نقشبند
غنچەهای نو شکفته در گلستان صفـــا　　　　بلبلان به گـــو در بوستان نقشبند

بەندە کەمەڵبەندی بازنەی ناتوانی وسستیم, نووسەری ئەم چەند دێرە, حامید لەسالّی 1251دا, بەخزمەتی شێخ و ئیمام حەزرەتی

www.pertwk.com

سراجودین گەیشتم, وچاوم بەوکیمیای بەختەوەرییە کەوت, منداڵێکی شیرەخۆرە یەکێك بوو لە کوڕەکانی, لەدەمی وەکو شەکری, بۆنی شیر دەهات, ولەهەمان ساڵدا لەدایك ببوو ولەجیهانی راستەقینەوە بۆ جیهانی مەجازی تەشریفی هێنابوو . بەندە لەهەمان ساڵدا, قەسیدەیەکم بەبۆنەی مێژووی لەدایکبوونیەوە, نووسیوە:

هادی خلق شیخ عثمان آن　　محرم بارگاه سبحانی
شاه گردن فراز عالم قدس　　شاهباز فضای روحانی
واله شوق آفتاب شهود　　محو نور لقای یزدانی
ایزدش داد گوهری کەنژاد　　مادر دهر مرورا ثانی
نام اوشد تفألا معروف　　تاشود شهره درخدادانی
مه صفر بودو روز نوزدهم　　کەرسید از سروش ربّانی
این خطاب از برای تاریخش　　(ای گل بوستان عثمانی)1251

لەمنداڵیدا گەلێ پەرێشانو بێئارام بوو, دێوانەو بێهێزو بێویقار بوو, دوای ئەوەی باڵق بوو, بوو بەپیاوێکی گەلێ رێکوپێك, بەرادەیەك کەخەڵکی سەریان لەو گۆڕانکارییە سووڕمابوو, وبەیەکێك لەخەوارقی عاداتی حەزرەتی سراجودینیان دادەنا . لەراستیدا گەلێ گۆڕابوو, رەوشتی بەرزو ئارامو بێدەنگو لەسەرخۆ بوو, بڕوای بەرزو راستگۆ وەکو گوڵی ئاوێتە بەگوڵاو ببوو, گەلێ خولیای خوێندنەوەی کتێبەکانی پیاو چاکان بوو, وبەخوێندنەوەی: (تفسیر المواهب)و(روضة الاحباب)و(اسرار الفاتحة)و(تذكرة الاولیاء)و(کیمیای سعادت)تۆوی خۆشبەختی لەکێڵگەی بوونی خۆیدا چاند, تالە ساڵی 1277دا, پۆستەچی مەرگ سەردانی کردو,

مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی

دەنگی(یاایتها النفس المطمئنة ارجعي الى ربك راضية مرضية)ی هێنا بەگوێیدا, وگەشتی بەرەو مەنزڵی هەمیشەگی, لە روانگەی (حب الوطن من الایمان)وەی هەڵبژارد .

ترا کنگرۀعرش می زنند صفیر　　ندانمت کەدراین دامگه چه افتادەاست

بەندە لەکاتی کۆچی دواییدا, بەئامادەبوونی هەموو پیرزادەکان(خوابیانپارێزێت) ئامادەبووم کەهەموویان بەسەرسەریەوە بوونو هەرچەندە هەواڵپرسییان لێدەکردو دەیانویست دەمی باسوقسەی لەگەڵدا بکەنەوە, بەڵکو بکەوێتە قسەکردنو ئامادەبوان شاد بکات, بەڵام ئەو هەربێدەنگ بوو, سەری دەخستە ژێر لێفەکەیەوەو سەرقاڵی دۆستی خۆی بوو, قسەی کەسیتری نەدەبیستو لەتابلۆی خەیاڵدا دەیسڕییەوە, لەوەڵامیاندا دەیگوت: بیکەن بەخاتری شای نەقشبەند, وازم لێبهێنن:

باازل خوش با ابد خوش شادوکام　　فارغ ازگفت وشنود خاصو عام

بەندە یەکجار سورەی یاسینم خوێند, دوای ئەوەی لەخوێندنەوەی بوومەوە, شایەتمانم هێناو بەزمانێکی پاراو, چەند جارێك دووبارەی کردەوەو بە(آمنت بالله) دەمی بەتەواوی کردەوەو دوای ئەوە, ئیتر هیچی بەسەر زاردا نەهات . ودوای (2)خولەك لەم رووداوە, گیانی پاکی سپارد(برّدالله مضجعه وآنس وحشته . آمین). وبەندە ئەم قەسیدەیەم سەبارەت بەمێژووی کۆچی دوایی کردنی هۆنییەوە:

www.pertwk.com

شيخ معروف آن تذرو دوحهٔ فضل وكمـــال   بلبل دستان سراى روضهٔ حسن وجمـال
آنكـــه خالى بود سرّش ازخيال غير دوست   وانكه جانش بود ازاسرار وحدت مال مال
صـــاف مشرب پاك منظر نيك محضر خوش لقا   نيك طبع وپاك نفس‌و خـــوب خوى وخوش خصال
روح پاكش چــــون فراز اوج عليين رسيد   رست ازاين زندان پراشوب وتشويش ونكال
صحن عالم درعزايش پرشد ازجوش وخروش   از فراقش اشك ريزان سينه كوبان اهل حال

×32

=1245

1277

حوريان از تهنيت شادى كنان دستك زنان   خير مقدم مرحبــــا برلب پى‌تاريخ ســال
روز دوشنبه ربيع الثانى اثنى عشر بـــود   كه‌جهان برگشت ازين اندوه مكروه ومـلال
خالقا پروردگارا جـــــــرم اورا عفوكن   درجوار قرب خود جايش بده باصد حــلال
والدو مولود, داورهــــــاى اوراده فزون   عمرو ايمان وكمال وعزّت واقبــال ومـال

لەسـاڵی 1252دا, جـەنابی پـیرزادەی شـكۆمەندو نـوری دیـدەی ئـەهلی كەشـفو شـهود ئەبولبـەها شـێخ محەمـەد (خـودا بیپارێزێـت) لـەدایك بـوو. بەهاتنـە دنیـاوەی, بـۆنی خۆشـبەختی گەیشـتە ئـەهلی ویستو ئیرادە:

غوث آفاق شيخ عثمان آنك   قطب عصرو پنـــاه دورانست
آنكه برگر خـوان احسانش   گردهٔ اين سپهر گـــردان است
عالم وهرچه هست درعـالم   همه‌چون قالبند واوجان اســت
گلى ازباغ دولتش بشكفت   زينت هرگـــل وگلستان است
شد مسمّا بـاسم خير رسل   آن محمد كه‌جـان جانان اسـت
هشت مـــاه ربيع آخر كرد   جلوه آن مه‌كه نور ايمان است
هاتفى گفت بهـر تاريخش   ((اين گل گلستان احسانست))

لەسـاڵی 1253دا, خـۆری چـەرخی شـەرەفو خـاوەنی زادی میهرەبـانی ئـەبولوەفا شـێخ عەبـدورەحمان (خوداوەنـدی سـەروەر بیپارێزێـت) بەهـەڵهاتنی خـۆی, جیهـانی روونـاك كـردەوەو بـۆنو بەرامەی خۆشبەختی هەمیشەگی, بەرۆحی هەواداران گەیاند:

تعالى ان خداوندى كــــه تصوير كمال او   برون ازحيطهٔ تحرير فكراست وخيال او
بود يك كاسه‌فردوس نعيم ازخوان احسانش   بود يك پايه عرش اعظم ازتخت جــلال او
بهار عيش خرّم پنجم مـــــــاه محرم بود   كـــــــه‌ازغنچهٔ بشكفت ازباغ نهال او
گل گلزار عثمانى نسيم باغ رحمــــــــانى   زهى آئينهٔ حسن خداوندى جمـــــــال او
چونامش عبد رحمن گشت شداين نكته مـعلوم   كــــه‌هست ازعين رحمت شخص قدوسى مثال او
زسيمايش چـــوخورنور سعادت ميشود لامع   تو برخيز وسعادت ختم كن يارب مــآل او
بفكر اندر فروفتم شنيدم هاتفى گفتــــا   جمال بـــــاغ معنيها پى تـاريخ سال او

دوای ئەوەی ئەم دوونەمامی دەڤەری خۆشبەختی پڕبارە, میوەی مەعریفـەیان بـەدەركی ویـژدان چەشـت, ولەبەرامبـەر بەنـدەدا لوتفیـان نوانـدو گەوهـــەری فرمـانی منیـان بەئەلماسـی داخـوازی زاخـاودا كەئەگەرچـی ئـەو قەسـیدانەی سـەبارەت بەئێمـە هۆنیونەتـەوە, هـەموو گەوهـەرن, بـەڵام ئەگـەر ناوونازنـاوو كونیـەی ئێمـەی تێـدا بهاتایـە, خۆشـترو جـوانتر دەبـوون, بۆیـە بەنـدەش, بـەپێی ئامـاژەی ئـەو دووپیرزادە پاك ویژدانانە, ئەم قەسیدەیەم هۆنییەوە:

جـــــان آفرين شخص ممجّد ابوالبها   كرد آفرين حضرت امجد ابو البها
بــــاشد كمال طالع واقبال سرمدى   خطّ جبين اكـــرم ارشد ابو البها
حــــرف سعادت دوجهانيست آشكار   نقش نگين اشرف اسعد ابـو البها
سرنه‌برآستانش كه تفش دوكون هست   درآستين شاه مجـــــرّد ابوالبها
خــــــواهى اگر بفرق فلك پانهى بنه   رخ برزمين كوكب فرقد ابـــوالبها

www.pertwk.com

طالع غلام درگەو اقبال خاك روب   غرّش قرین دولت سرمد ابو البها
زآئینهٔ جمال مصّفاش لامع است   نور یقین ظلّ ممّدد ابو البها
زینت فزای سلسلهٔ شاه نقشبند   رونق ده طریق مجدّد ابو البها
تاریخ ونام وكنیهٔ اورا كند بیان
صبح مبین شیخ محمد ابو البها
زیور فهرست كتاب وجود   ترجمهٔ نامهٔ صدقو صفا
آنكه دلش مخزن اسرار كلّ   وانكه دمش مرهم جانو شفا
صاحب بابندهٔ رحمن كەهست   تاج سر او قدم مصطفی
ازپی تاریخ زمن قطعەیی   خواست سبك وزنو خوشو بیخفا
غرق دراین فكر بدم هاتفی
گفته گل باغ دلم ابو الوفا

لەساڵی 1255دا, پیرزادەی رۆشن ویژدان شێخ عومەر(خودا بیپارێزێت) بەشنەی بوونی موبارەکی خۆی, دڵسۆزانو موریدانی بۆندارکردو مێژووی لەدایك بوونی لەم قەسیدەیەدا هاتووە :

قطب حق مركز پرگار شرف   آنكه دین زدست قوی بنیادش
شیخ عثمان شه او رنگ بقا   یارب این ملك مبارك بادش
خنده زد نوگلی ازباغ دلش   لطف حق كرد زنو دل شادش
بیستو شش بد زجمادی الاولی   شب دوشنبه كەایزد دادش
چونكه دین از شرفش یافت رواج   لاجرم نام عمر بنهادش
هم درآن وقت كه كردیم نثار   جانو دل بهر مبارك بادش
بهر تاریخ بگفتیم: كەما
زخدا می طلبیم اسعادش

